# ئادەمزاد

# لە کۆمەڵی کوردەواریدا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ئادەمزاد
# لە کۆمەڵی کوردەواریدا

نووسین و لێکۆڵینەوەی
**عەبدولخالیق مەعرووف**

ناوی کتێب: ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا
نووسینی: عەبدولخالیق مەعرووف
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٧٨٢
پیت لێدان و دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: بەسۆز هیمداد
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٨٠٢ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# پێشەکی

هیچ کاتێك بیرم لەوە نەکردبۆوە کە تێکەڵی ڕەخنە و ڕەخنەکاری ببم و، لە مەیدانی ئەدەب و وێژەدا شتێك بنووسم، چونکە وام دەزانی ئەو کەسەی دەست بداتە قەڵەم و شت بنووسێ، لە هەر بابەتێك، پێویستە هەموو کون و کەلەبەری باسەکەی پڕ کردبێتەوە و پاراوی کردبێ و باسەکەشی باش هەڵسەنگاندبێ و لێی کۆڵیبێتەوە تاکو کە دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران و خوێندەوارانی تینوو بەهەموو نووسینێکی کوردی، بیرێکی ڕاست و خاوێن و بێگەردی لێ وەگیر کەوێ و ببێتە سەرچاوەیێکی ڕوون و نەشڵەقاو بۆ ئەو کەسەی بیەوێ لێی هەڵێنجێ، بەڵام ئەوەی جێی داخە لەم دواییەدا هەندێ کەس ئەو پەرۆش و تینوویەتییەی خوێندەواری ڕەش و ڕووتی کوردییان بەدەرفەت و دەراو زانی بۆ مەبەستی خۆ دەرخستن و گیرفان پڕکردن و خۆ تێرکردن لەسەر زگی لات و برسییەکانی جەماوەری کورد. هەندێ کەسیش هەر بۆ ڕکابەری و شکاندنی کەسانی دی دەستی داوەتە قەڵەم و ڕەخنەی وای نووسیوە کە بەهیچ جۆرێك بەرێزی ڕەخنە دانادرێ، سەرەڕای ئەمانە هەمووی، بەپێویستم زانی هەندێك دەربارەی پێوەندیی ژن و پیاو لەبەر تیشکی ئاینی ئیسلام بدوێم و شەخسییەتی هەر لایە بەپێی قورئان و گوتەکانی پێغەمبەر (د.خ) و کردار و ڕەفتارەکانی و قسەی موجتەهیدەکان و ئیجماع ڕوون بکەمەوە. چونکە هەندێك لە نووسەر و چیرۆکنووسەکان، ئەو جیاوازییەی نێوان ژن و پیاو لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئاینییەوە، دەخەنە ئەستۆی مەلا بەدبەختەکانی کوردستان، کە بەنانە ڕەقێی حوجرە و گەڕانی ئەم گوند ئەو گوند و شارە و شار و کوێرەوەری، خوێندنی ئاینی

ئیسلامیان تەواو کردووە و فێری بوون، کەچی تاوانی نەخوێندەواری و نەزانی و بێ دینییان دەدەنە پاڵ. جا بۆ ڕوونکردنەوەی مافی هەر دوو لای (ژن و پیاو) و پووچکردنەوەی ئەو توانانەی دراوەتە پاڵ مەلاکانی کوردستان و بۆ دەرخستنی ناشارەزاییی ئەو نووسەر و چیرۆکنووسانە لە ئاین، کە هەرچی مافێ شارستانییەت بۆ ژنی دیاری کردووە داویانەتە پاڵ ئاین کە ئەوەندەی ئاسمان و ڕیسمان لێك دوورن.

جا ئەم نووسینەم دەکەمە دیاری بۆ خوێندەواران و ئەوانەی پێوەندییان هەیە بەئاین و ئیسلامەوە و بەدڵ لە هەموو لایێك دەخوازم هەر کەموکوڕییەك لە نووسینەکەم بەدی دەکەن بیخەنە ڕوو...

پێشەکی سوپاسیان دەکەم...

عەبدولخالیق مەعرووف

هەولێر ١٩٨٤

# کورتە ڕوونکردنەوەیێك

هەندێ لە نووسەر و چیرۆکنووسەکان دەڵێن: «ژن و پیاو یا نێر و مێ وەك یەکن بێ هیچ جیاوازییێك، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە هەر یەکەیان کەسێکی ترە و بەلەش لێك جیاوازن، دەنا لە مافی مرۆڤایەتی و ئینسانیدا وەك یەك و یەکسانن».

یەکێك لە نووسەرەکان دەڵێ: ″ئەمن باوەڕم وایە جیاوازییەك لە نێوان ژن و پیاودا لە ڕووی ئینسانییەتەوە نییە. بێگومان ئەمە وا ناگەیەنێ کە هەر یەکەیان وێنەی کۆپیی ئەوی دیکەیانە، بەڵکو هەر یەکەیان تەواوکەر و پاڵپشتی ئەوەی دیکەیانە″.

منیش بۆ خۆم دژی مافی ئافرەت نیم، بەڵکو لەو کەسانەم کە حەز بەمافی ئافرەت دەکەن، بەجۆرێك «کە هەر کردارێك و ڕەفتارێك هەیە ئەگەر بۆ لاییێکیان دروست و ڕەوابێ، دەبێ بۆ لاکەی تریش دروست و ڕەوابێ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی، مێیاتی و نێراتی، وەك دووتای هاوسەنگ» نەوەك ئەوانە کە تەنیا بەزار و بەنووسینی ناو چیرۆکەکەیان دان بەمافی ژندا دەنێن و بۆی دەپارێنەوە و لە دەرەوەی بیر و نووسین بەکردەوە و ڕەفتاری ڕۆژانەیان دژی مافی ئافرەتن و بەهیچ جۆرێك بیر و کردوەیان وێك ناکەون.

بەلای منەوە مافی ژن و یەکسانی لەگەڵ پیاودا هەر ئەوە نییە کاری ناو ماڵ و منداڵ بەخێوکردنی لێ بسێندرێتەوە و چەکوچ و داس و دەستەندووی جووتی بدرێتە دەست و بکرێ بەکرێکار و سەپان و جووتیار و لە کارگە و مەزراکاندا برەتێندرێ، یا تیر و کەوان و تفەنگی لە مل بکرێ

و ڕەوانەی کۆڕی شەڕ بکرێ، یان کاغەز و قەڵەمی لەبەردەم دابندرێ و لەسەر سەکۆی فەرمانڕەوایی و فەرمانبەری جێگیر بکرێ.

بەڵکو مافی یەکسانی ئەوەیە «کە ئەوەی خواست و ویست و ئارەزووی هەر لایە، لە نێر و مێ، ئەگەر بۆ لایێکیان دروست و ڕەوابێ بۆ لاکەی تریش دروست و ڕەوابێ بەبێ لەبەر چاوگرتنی مێیاتی یا نێراتی» ئەمەیە مافی مرۆڤایەتی و ئینسانی ئەگەر خۆمان نەخەڵەتێنین و ڕێڕەوی ئاین نەگرین، چونکە وەك باسی دەکەم ئاین ڕێڕەوێکی تایبەتی گرتووە و تێڕوانینێکی تایبەتی هەیە.

ماف ئاوایە، دەنا ئەوی تر وەك لە کارگە ئیش پێکردن و کردنی ژن بەوەزیر و سەپان و شتی تر لەم بابەتە و کردنی بەهاوتای پیاو لە ڕووی کارەوە ئەمە پێی ناگوترێ ماف. بەڵکو ئەمە چەوساندنەوەی ژنە، چونکە بارەکەی گرانتر دەبێ وێڕای کاری ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ و چێشتکەریی مێرد، کاری دەرەوەیشی دەخرێتە سەر شان وەك ئەمڕۆ وا بەدی دەکرێ.

هەندێ نووسەری تر دەڵێن: ″ژن ئازاد نابێ و مافی وەگیر ناکەوێ تا خۆی نەبێتە خاوەن پارە و پوول″. هەندێکی دیکە دەڵێن: ″تەنیا پارە بەدەستبوون و بەئارەزووی خۆ شووکردن و بوون بەکارگەی منداڵ دروستکردن، ئازادیی ژن و مافی چنگ ناخا، تەنیا ڕێگە بۆ ئازادیی ژن کار و کارگەیە″. سەیر لێرەدا ئەوەیە: ژنان بۆ خۆیان مافی خۆیان دیاری نەکردووە کە چییە و چۆنە و دەبێ چ بکەن؟ دیسان هەر پیاوە خۆی لێ کردوون بەکوێخا و مافیان بۆ دیاری دەکا و سنووری مافیان بۆ دادەنێ و نەخشەی دەکێشێ. با ئەو مامۆستا بەڕەوانیکەرانەی مافی ژن واز لە ژنان بێنن و ژنان خۆیان مافی خۆیان دیاری بکەن و خواست و ئارەزوویان لە ماف چییە بیڵێن.

ژنی بەدبەخت هەتا بۆ ئازادی و مافەکەیشی چەوساوەی بیری پیاوە و لێی ناگەڕێن بۆ خۆی بیری لێ بکاتەوە، پیاو قوت دەبنەوە و لە جیاتی ئەوان بیریان بۆ دەکەنەوە و دەیانەوێ بەناوی ئازادی و مافی ژن ڕەوانەی کارگە و مەزرایان بکەن و بارەکەیان چەندە هێندەی تریش قورس بکەن. ئایا ئەمە مافدانە بەژن؟ ئەمە خۆشەویستیی ژن و ڕێزگرتنیەتی؟ یا ئەمە بارسووککردنی پیاوە لە جیاتی خۆی ژن بڕەتێنێ. لەم سەردەمەشدا ئەو مامۆستایانەی کە لە ماڵەوە لە جیاتی ژنەکانیان بەکاروبار هەڵدەستن، گاڵتە و گەمە بەیەکتری دەکەن و دەڵێن ئایا لە جیاتی ژنەکەی جلی شۆردووە یا قاپ و ئامانی خاوێن کردووەتەوە و ناوماڵی ڕێك خستووە و چێشتی لێ ناوە؟

ئەوجار ئەگەر وەك ئەوانە کە گوایە لایەنگریی ژن دەکەن و دەڵێن «دەبێ ژن وەك پیاو تەماشا بکرێ»، ئایا ئەوانە خۆیان بەیەك چاو تەماشای، پیاوی چاولەدەر و ژنی چاولەدەر دەکەن؟! یان ئەوانە ڕێگە دەدەن ئەگەر پیاوێك دوو ژن پێکەوە بێنێ ژنێکیش دوو مێردی هەبێ لە یەك کاتدا؟ با ئەوانە خۆیان وەڵام بدەنەوە.

ڕەنگە زۆرجار خوێندەوار بیستبیان کە بەتەوس و توانج دەڵێن «فلانە ژن نۆ مێردی کردووە»، ئەمەش لە کاتێدا تەڵاق درابێ یا مێردی کردبێتەوە، ئەمە وەك کارێکی ناشیرین و نابەجێ لە ژن دەژمێردرێ، بەڵام ئەگەر پیاوێك سەت ژنیشی هێنابێ یەکە یەکە یان چوار چوار، کەس ورتەی لە دەم نایەتە دەر و نەهاتۆتە دەر و بەکارێکی ڕەوا دەژمێردرێ. ئەنجا ئەگەر ئەوانەی دەیانەوێ مافی ئافرەت بدەن و ئازادیی پێ ببەخشن، بۆچی لە چیرۆکەکاندا کارێکی وا ناکەن کە جیاوازی لە نێوان نێر ومێدا نەمێنێ؟ بەڵکو بەپێچەوانە، ئەوانە لە ناو چیرۆکەکانیشیاندا ئەم جیاوازییەیان پتەوتر کردووە، وەك لە چیرۆکی دەرەبەگ «دەرەبەگ بەزۆر ئارەزووی خۆی لە کچە لادێ دادەمرکێنێ و کچەش بۆ ئەوەی

پارێزگاری لە شەرەف و نامووسی خۆی و خێزانی بکات خۆی دەکوژێ».
ئەگەر نێر و مێیان وەك یەك تەماشا کردووە، بۆچی دەبێ شەرەف و نامووسی مێ ناو لەشی بێ؟ ئەدی بۆچی شەرەف و نامووسی نێر ناو لەشی نەبێ؟

دیسان بۆچی هەر ژنە و کراوە بەپێناوی پیاو و کاری خراپەی پێ سپێردراوە؟ ئەوجار هەر خۆیان و ئەوانەی لایەنگری مافی ئافرەتن لە کاتی تورەبووندا ئەندامی نێرینەی لەشی خۆیان دەکەنە شمشێر و بەقسە دەینێرن بۆ ناو گەڵی ژن، ژنیش دەبێ بەمە چاوشۆڕ بێ و ورتەی پێ نەکرێ، نێریش وەك کەڵی بەهار بەمە زۆر دڵخۆش بێ و شانازی بکا.

دیسان پرسیار لەو چیرۆکنووس و مافخوازانەی ژن دەکەم کە دەیانەوێ ژنی خەڵکی ماف و ئازادی وەرگرێ و دوور بێ لە هەموو چەوساندنەوەیێك و ڕێگرتنێك و بەرهەڵستییەك. ئایا بۆ ژنانی خۆیان ئەو ماف و ئازادییە پەسند دەکەن؟ یا بڵێم ئەم ماف و ئازادییەیان بۆ ژنانی سەر بەخۆیان دابین کردووە؟

ئەگەر لە وەڵامدا دەڵێن بەڵێ، ئەدی بۆچی لە پاشملەی ژنەکانیانەوە هەوەسبازی دەکەن و دەیانەوێ ئەو ژنانەی کە تا ئەمڕۆ بۆیان دەپاڕانەوە و بەزەییی خەڵکیان بۆ ڕادەکێشان بیانخەنە ناو داوی داوێنپیسیی خۆیان؟

بۆچی ئەو پیاوە مافخوازانە جێگەی خۆیان و ماڵ و دارایییان و شاعیری و زانایییان و چیرۆکنووسی و شانۆگەرییان، خولاسە هەرچی لە دەست و مستیان دێ دەیکەنە پردی ئازادی و بەهەشت، بۆ ئەوەی پەرپی ژنی تێ بخەن؟ دیسان ئەو ئەوین و عیشقە خوداییییە بێگەردەی ئەوان باسی لێوە دەکەن، لە کوێیە؟ لە دڵی کام مردوو نوستووە؟ ئەگەر وایە ئەم ئەوینە خاوێنە بێگەردە دوور لە نێر و مێخوازییە بۆ لەگەڵ دایکی شیردەر

و بەخێوکەر و باوکی پەنادەر و بەڕێوەبەر، نییە؟ ئەدی بۆچی کە ئەویندارییی بێگەردی مرۆڤانی پیر دەبێ، یا هەر پاش ماوەییێك لە یەکتری تێر دەبن، ئەوین وەك پەپوولەی بەهەشت دەفڕێ و ماڵی پڕ لە ئەوینی خودایی دەبێتە دۆزەخ و ناڕێکی و گلە و گازاندە؟

لێرەدا باس باسی مافی مرۆڤایەتییە، نازانم بەلای چیرۆکنووس و مافخوازانی ژن پیاوی پیر مافی نییە؟ ئەگەر بەمرۆڤی دەزانن بۆ دەبێ ئاوا باسی کچێك بکرێ «کە چەند ستەمی لێ کراوە. ئەوەتا ئاسمان و زەوی شین دەگێڕن و قوڕ دەپێون چونکە کچێکی ناسك و تەڕ و جحێڵ دراوە بەپیاوێکی پیری کەنەفتە، وەها دەری دەبڕن کە پیاوی پیری کەنەفتە دڕندەییێکی ئینسانخۆرە. لەبەرچی؟ هەر لەبەرئەوەی پیاوی پیری کەنەفتە هێزی مێخوازیی کەمترە لە گەنجێك و ڕەنگە ئارەزووی نێرخوازیی کچە بەتەواوی دانەمرکێنێ. ئەگەر لەبەر ئەمە نییە ئەدی لەبەر چییە؟

دیارە مەسەلەکە لە بنەڕەتدا و سەرەتاوە هەموو هەر بەنێر و مێخوازییەوە گرێ دراوە و هیچی تر و ئەوەی دی کە دەگوترێ هەر بۆ قسەیە و ڕازاندنەوەی مەسەلەکەیە دەنا پیاوی پیر و هەژار و دارا و نەدار و ئاغاش هەر مرۆڤن.

ئەگەر مێ و نێر وەك یەکن لەبەرچاوی ئەوانە و لە یەك تای تەرازوون بۆچی شاعیرەکان و چیرۆکنووسەکان بەبەژن و باڵا و خەت و خاڵ و چاو و برۆ و مەمکی ژندا هەڵدەڵێن بەئەندازەییێك تۆزی ژێر سۆلی ژن بەچاو و برژانگ بسڕێ و پاکی بکاتەوە، بۆچی کاکەی شاعیر حەجمانی نامێنێ وەك پەپوولەی شەوچرا خۆی دەسووتێنێ؟ بۆچی دروستە بۆ پیاو ئاوا بەژنێکی جواندا هەڵبڵێ و بۆ ژن دروست نییە و ئەگەر ژنێك وەك پیاو ئەو ڕەفتارەی کرد لێی لە هەڵلا دەدرێ و وەك ژنێکی سووك تەماشا دەکرێ،

خۆ ئەگەر مێرددار بێ ئەوە مێردەکەی هەر چەندە لە مافخوازانی ژنیش بێ ئەم ڕەفتارەی ژنەی پێ قبووڵ ناکرێ و دەسەڵاتی مێرد بەپێی (دەستووری کۆنەپەرستی) بەلای مافخوازانی ژن، بەکاردێنی و ژنە تەڵاق دەدا ئەگەر زۆر لە چیرۆکنووسەکانی کە بەناووزار لایەنی ژن دەگرن، زۆر باسی بەشوودانی کچ بەزۆر و مارەبڕینی لەسەر لانکە و درانی بەپیاوی پیری کەنەفتە و نەدرانی بەدڵخوازی خۆی و خراپەی ژن بەژن دەکەن، ئەگەر کەمێك لێی وردبینەوە دەبینین نە تەنیا کچ یا ژن ئەو ڕەفتارانەی دەگەڵدا کراوە و دەکرێ بەڵکو کوڕ و پیاویش هەمان ڕەفتاری دەگەڵدا کراوە بەزۆر کچیان لێ مارە کردووە و دڵخوازی خۆشی نەبووە، بگرە چەند ساڵ لەمەوبەر هەر باوك داخوازی کچەی دەکرد بۆ کوڕی و نە کوڕە کچەی دیبوو نە کچەش کوڕەی دیتبوو، تەنیا شەوی گواستنەوە و بووك و زاوایەتی یەکتریان دەدەیت و تازەش کار لە کار ترازا بوو و هیچ یەکێکیان نەیدەتوانی پەشیمان بێ. ژن بەژنەکەش وەك کوڕ بەکوڕە و هەر چوار لا بێ دەسەڵاتن و مارە بڕینی سەر لانکەش بۆ کوڕ و کچ هەر وەك یەکن، کەوا بوو ئەم حاڵەتانەی باس کران کوڕ و کچ و ژن و پیاو تێیدا یەکسانن و هەموو لایێك ستەمدیدەی کۆمەڵە و یەکسانن لەو چەوساندنەوە و بێ ئارەزووکردنە، ئیدی ئەم هەموو کڕووزانەوە بۆ کچ و ژن لە پای چی؟ نازانم کە کوڕیش لەو کۆمەڵەدا هەمان ڕەفتاری کچی لەگەڵدا کراوە بۆ باسی مافی ئەو ناکەن؟ یان ڕەنگە لایان وابێ ئەو کەسەی داوای مافی ئافرەت بکا پێشکەوتوو و خوێندەوارە! یا «لغرض في نفس یعقوب»ە. لەم کۆمەڵی کوردەوارییەدا زۆرجار کچی لەخۆ گەڕاوە مارەی لە کوڕێکی منداڵ بڕاوە، واتە وەك ئەوەیە کە کچێکی منداڵ مارەی ببڕێ لە پیاوێکی لەخۆ گەڕاوە، دەی بۆ باسی ئەم حاڵەتە ناکەن و داوای مافی ئەو کوڕە منداڵە ناکەن؟ ئەوجار کابرایێك لە جیاتی خوێنی خزمێکی کوژراوی، بەهەر ڕووداوێك بێ، ژنی وەرگرتبێ، خۆ کابراش نە ژنەی دیوە نە حەزی

لێ کردووە و نە دڵخوازی خۆیشی بووە ئەو ژنەی دەدرێتێ و لەجیاتی خوێن، خۆشی بێ و ترشی بێ دەبێ بیەوێ و لێی مارە بکرێ و لە پاشانیشدا ناتوانێ تەڵاقی بدا، ژنی بەخوێن دراویش هەمان چارەنووسی هەیە.

ژن بەژن، یا بڵێم پیاو بەپیاو، ئەگەر کوڕی خوشکدار یا پیاوی کچدار، ژن بەژن نەکەن، لە ناو ئەو کۆمەڵگایە چۆن ژنیان وەگیر دەکەوێ و بەچ جۆرێك و شێوەیێك خێزان دادەمەزرێنن؟ ئایا ئەو ژنانەی ئاوا پیاوە مافخوازانی ژن بوونەتە قەڵغانیان بۆ دابینکردنی مافیان هیچیان بێزیان دێ یا بەخەیاڵیاندا دێ مێرد بەکوڕێکی نەخوێندەواری لادێ بکەن؟ هەرچەند کوڕەش ڕێکوپێك و لەبار و قۆز بێ.

ڕەنگە لایەنگرانی مافی ژن بڵێن «ئاخر حەزی لێ ناکا چۆن شووی پێ بکا، دەنا ئەگەر خواست و ویستی دڵی خۆی بێ، بۆ نا؟» جا دەبێ لایان وابێ حەز لێکردن هەر تەنیا لەبەر خواست و ئارەزووی دڵە و هیچ مەسەلەیێکی تر لە کایەدا نییە؟ بەڵام کچە خوێندەواری شارستانی قەت و هەرگیز خەیاڵ و دڵی بەلای شوان و گاوان و جووتیارێك بگرە بەلای کرێکارێکی شاریشدا ناچێ. ئەگەر لێم تووڕە نەبن دەڵێم کچە لادێش ئەگەر خوێندنی سەرەتاییی تەواو کردبێ دڵ و خەیاڵی بەلای کوڕێکی شارستانیدا دەڕوا، چونکە کچە دەیەوێ شوو بەیەکێك بکا کە دوواڕۆژی بۆ دابین بکا و خاوەن کۆشك و تەلار و ئۆتۆمبیلی باش و دەزگای جۆراوجۆری ناو ماڵ بێ و هەبووە بێ، کەوایە چۆن خەیاڵی حەزی بەلای کوڕە لادێی و گوند دەچێ؟ کەچی کوڕی خوێندەواری گوندی یا کوڕی شار گەلێ زۆرن لەوانە کە خوێندنی باڵاشیان تەواو کردووە کچی نەخوێندەواری لادێیان هێناوە و کردوویانن بەهاوسەر و هاوژیانی خۆیان، یان بڵێین کچی نیمچە خوێندەواریان هێناوە و لەگەڵیشی گونجاون و بەدەگمەن بیستراوە یا ڕووی داوە، کە ژنی خوێندەوار و

پـارەدار شووی بـەکـوڕێکـی هـەژاری نـیـمـچـە خـوێندەوار کردبـێ ئـەگـەر هۆیەکی تر نەبێ. جا با بپرسین ئایا هیچ یەك لەوانەی مافخوازی ژن و دژ بەژن بەژنن ئامادەن خوشکی یا کچی دەرچووی دانشگا و زانکۆ بدەن بەکوڕێکی نەخوێندەواری کرێکار یا نیمچە خوێندەوار با کچەش حەزی لێ بکا؟ من وا تێ دەگەم کە نایدەن و هەزار و یەك بەڵگە و بەهانە بۆ کچە پەیدا دەکەن و کە هێشتا منداڵە و بەرژەوەندیی خۆی نازانێ، دەنا ئەم لەکوێ و ئەو هەتیوە لە کوێ؟

دیسا مامۆستاکان چار چییە؟ کوڕی لادێییەکان و نەخوێندەوارەکان ژنیان چۆن دەست کەوێ؟ یان ئەوانیش خۆ تەرخان بکەن بۆ ڕۆژی دووایی و بەهەشت و حۆرییەکان و ببنە ڕەبەنی دێرێ؟

لە کاتێکدا خراپیی ژن بەژن باس دەکەن، پێویستە چارەیەکیش بۆ ئەوانە بدۆزنەوە کە لەم ڕێگایەوە نەبێ ژنیان دەست ناکەوێ.

دیسان ئەگەر ژن دەبێ وەك پیاو ڕەفتاری دەگەڵدا بکرێ و هەمان مافی هەبێ کە بۆ پیاو هەیە، بۆچی کە ژن شوو دەکا دەبێ مێرد هەموو ئەرکی ماڵ دانان و دامەزراندنی لەسەر شان بێ و سەرباریش پارە و دراوێکی زۆریش بدا بۆ جلوبەرگ و زێڕ و پشتێنە و خەناوکە و ملوانکە و لاسەرە و گوارە و خشڵی تر، بنباریش چەند سەت میسقال زێڕیش مارەیی پاشەکی بێ، کە زاوا هەرچی دارایـیـی هـەیـە هـەمـووی لـە ڕێگـەی ژن هـێـنـانـێك دادەنـێ و دەستەوئەژنۆ دادەنیشێ و تا لێوانیش بەژێر قەرزدا دەکەوێ، ئایا چیرۆکنووس و نووسەرە مافخوازەکانی ژن بۆ خۆیان بیریان لەمە کردووەتەوە؟ کە لە لایێك ئازادی و ماف بۆ ژنان دەخوازن و لە لایێکی تر وەك هەر ئاژەڵ و کوتاڵێك دەیانفرۆشن، ژنانیش تا نرخیان پتر و گرانتر بێ خۆیانیان پێ هەڵدەکێشن و لافی پێ لێ دەدەن، جا کچە خوێندەوارەکان و زانکۆییەکان پتر لە کچە نەخوێندەوارەکان بەمەوە نووساون کە نرخیان لە پێشەکی و پاشەکی پتر بێ و زۆر شت هەیە

کچە نەخوێندەوارەکە بیری بۆی ناچێ و نایزانێ بەڵام خوێندەوارەکە دەیزانێ و داواشی دەکا، هەرچی مۆدی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانی سەرمایەدار هەیە دەیەوێ لە کۆمەڵگای کوردیدا جێبەجێی بکا. بەڵام چەند شیرینە و چەند خۆش و جووانە و چەند مرۆڤانییە کە هەردوو لا، کچ و کوڕ، یا بڵێین دەزگیران یا ژن و مێرد پێکڤە بەدەستەوایی ماڵێك کە لە تووانای هەردووکیاندایە پێکەوە بنێن و هیچیان داوای مارەیی لەوی دی نەکا، نەپێشەکی و نەپاشەکی، بەتایبەت خوێندەوارەکان و فەرمانبەر و مووچەخۆرەکان لە کوڕ و لە کچ، کە وەك برادەران داخوازییانە خۆ ئەوان بەدڵی خۆیان و بەبێ هیچ زۆرییێك یەکدی دەخوازن، با ئەوان وا بکەن و بەهانە بەیەکتری نەگرن و ئەو بارە قورسە نەخەنە سەر شانی زاوا و باوکی دوواڕۆژ.

بەڵام مافخوازانی ژن دەیانەوێ لە هەموو لایێکەوە ژن مافی هەبێ وەك پیاو، واتا هاوتای پیاو بێ لە باردا و سەر باریش مافی ژنی ڕۆژانی زوویشی هەبێ، لە خشڵ و مارەیی و بەرگ و ماڵدانان و ناندان. بەقسە ژن ماف خورا و و بەشخوراوە و پەککەوتوو و دەست و پابەندە، بەڵام لە ڕاستیدا و لە کۆمەڵگای ئێمەی کوردەواریدا ژن پاش مێردکردنی سەردار و بەندکاری پیاوە و لە ماڵدا سەرکار و کاربەدەستە. با کەمێك لێی وردبینەوە و بزانین لە کاروباری ماڵ و منداڵ و تا چوونەدەر و سەر لێدان و بانگهێشتن و ئەمجۆرە شتانە لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی، کێ بڕیاری لەسەر دەدا مێرد یا ژن؟ دیارە ژن سەرپشکیی هەیە لە هەموو ئەو کارانە، بگرە تا کڕین و فرۆشتنی خانوو و ئوتومبێل و شتی تری ناو ماڵ، بەڵکو پیاو هەروەکو کرێکارێکە و دەبێ فەرمانی ماڵەوە جێبەجێ بکا، چونکە ئەگەر وا نەکا ماڵوێران دەبێ و ژنە لێی زیز دەبێ و ڕەنگە وای لێ بێ کار بگاتە تەڵاقدان، ئەمەش دیسان ماڵوێرانییەکی ترە لە ڕووی تێکچوونی ماڵ و خێزان و خەرجیی ئەو هەموو مارەییی پاشەکییە.

ئەوجار هەندێ ژن کە بەکچێنی هەر ڕەوشت و ڕەفتارێکی تایبەتی خۆی هەبووبێ و کردبێتی، لە خۆتاسولووسدان و ئارایشکردن و خۆ ڕازاندنەوە و جلی جوان لەبەرکردن و هاتوچووکردنی دەستە خوشکانی و دۆستانی، وشتی تر، کە مێردیشی کرد ئەوانە بەپترەوە هەمووی دەکا و بەبێ لێکدانەوەی باری ژیانی مێردی و دەرامەتی و پێداویستیی تر، ژنە دەیەوێ و دەیکا، چونکە ژنی فیسارە کەس هەیەتی و وا دەکا، یا هەروا حەزی لێیەتی، مێردیش دەبێ دەست لەسەر سینگ و ملکەچ بووەستێ و بڵێ بەسەر سەر، بەڵام کوڕ ئەگەر هەندێ دۆست و برادەری خۆی، یا چونە یانەیێك، ئەوا پاش ژن هێنان دەبێ لە کاتێکی دیاریکراو بگەڕێتەوە ماڵ و نابێ بەبێ دەستووری ژن هیچ کارێك لەوانە بکا.

تا ئێرە درێژدادڕی بوو وەك هەندێ وەرزێر لە گوندان کەوتووێژیان دەکرد و لە باسەکەیان دەردەچوون، یەکێك لەوان دەیگوت کاکە ئێمە باسی چ دەکەین و تۆش دەڵێی چ، لە وەڵامدا کە دەیزانی قسەکانی لە جێی خۆیدا نەبووە دەیگوت «خزمە مەبەستم لە قسەیە قسە»، جا لێرەشدا منیش مەبەستم لە قسەیە و تکای لێبوردن دەکەم و قسەکەش ئەمەیە کە هەندێ نووسەر و چیرۆکنووس دەیانەوێ مافی ژن وەك لە پێشەوە باس کرا واتە ژن هاونەوعە و دەبێ وەك نەوعی ئینسان تەماشا بکرێ و ئەم (ڕا)یە (نەوعی)یە بەمل ئاینی ئیسلامی داببڕن، بەگوتەی ئەوان ئاینی ئیسلام چاکتر لە هەموو یاسا و قانوونێکی شارستانیی ئەم جیهانە، ئەم هەموو مافە یەکسانییەی نێر و مێی دابین کردووە و ڕوون و ئاشکرای کردووەتەوە، بەڵام کۆلکە مەلاکانی کوردستان بەئارەزوو و دڵخوازی خۆیان و بۆ پارەوپووڵ و ماڵی دونیای دوون مافیان لە ژن ئەستاندۆتەوە و مارە و تەڵاقیان لەبەر دەست دەرهێناون و بەزۆرەملێ داویانە بەپیاو و بەناوی دینی ئیسلام.

نازانم هەندێ کەس کە خوێندنی باڵا تەواو دەکەن یا هەندێ لەوانەی

قۆناخی دووەمی قوتابخانە دەبڕن و کەمێك هاتوچۆی مزگەوت دەکەن بۆ وا زوو بەپەلە پەلییان لەبەرخۆ دەچی و وا تێ دەگەن کە ئاینیش چاکتر لە مەلا تێ دەگەن و هەرچی بەزمانی عەرەبی نووسرا بێ لایان وایە ڕوون و ئاشکرایە؟ بەتایبەت ئەگەر دوو ڕەکات نوێژ بکەن، یا چەند ڕۆژێك زگی خۆیان لە مانگی ڕەمەزاندا برسی و تینوو بکەن کە بەناو بەڕۆژوون، ئەوانە وەها لەخۆ دەگەن کە جێگری پێغەمبەرن (د.خ) وەك مەلاموجتەهیدەکانی پێشوو و لێرەدا بەگژ مەلادا دەچن، ئەو مەلا بەدبەختەی کە ساڵەکانی ژیانی خۆی لە خوێندن و لێکدانەوەی ئاینی بەسەر بردووە، بەکەساسی و گەڕانی شارەوشار و دێ بەدێ، تا توانیویە پەی بەم شەریعەتی ئیسلامە بەرێ، کەچی ئەوانە لێی دەبنە پێغەمبەری زەمانە و پێیان دەڵێن «کۆلکەمەلا و دژ بەئاین و شەریعەت و نەفام و نەخوێندەوار». چونکە ئەو تازە خوێندەوارانە دەیانەوێ ئاین لەگەڵ هۆش و ئەو زانستانە بگونجینن کە هەندێکیان لێ هەڵکڕاندووە بەبێ ئەوەی هیچ شارەزاییێکی قووڵیان لە ئاین هەبێ و بەپێی هەوەس و ئارەزووی خۆیان چۆنیان دەوێ بۆی دادەدڕن و بەپێی دڵخوازی خۆیان ئاین ڕێك دەخەن و جووری دەکەن لەگەڵ ڕژێمەکانی پاش ئیسلام کە بە(پێشکەوتوو) ناسراون، جا سەرمایەداری بێ یا سۆشیالیستی یا ناسیونالی بێ، بەپێی ویست و کات و چەرخ، لە کاتێکدا ئاینی ئیسلام کە هاتووە و پەیدا بووە ئەم زاراوانە و موستەلەحاتانەی ئەمڕۆ هەر نەبوون.

خۆی ئاینی ئیسلام وەك یاسا و دەستوورێکی سەربەخۆیە و جیاوازیی زۆرە لەگەڵ ڕژێمەکانی ئەمڕۆدا و بیروبڕواییێکی ڕەوشت و ئەخلاقییە پتر لە هەر شتیکی تر و یاسایێکی کۆمەڵایەتییە و پێوەندیی نێوان خەڵك و خوایە پتر لە هەر مەوزووعێکی دیکە، ئەوجار ئەگەر مەوزووعێکی تری گێڕابێتەوە وەك باسکردنی ڕووداوێك و پێیەوە بنووسێن و تەفسیرات و تەئویلاتی بۆ بکەن بەدڵ و ئارەزووی خۆیان، ئەوە دوورە لە ئیسلام و لە ئەنجامدا ئەو جۆرە تەفسیرات و تەئویلاتانە وا لە خەڵکی موسوڵمان

دەکەن کە هەڵبگەڕێنەوە لە ئیسلام، چونکە تەفسیراتی قورئان لەبەر تیشکی هەندێ زەواهیری تەبیعی دەگۆڕێ، ئەو گۆڕانەش دەبێتە هۆی وێك نەکەوتنی تەفسیراتی قورئان و تەفسیراتی زانستی، بۆیە دەبێتە هۆی هەڵگەڕانەوەی نیمچە خوێندەوار. وەك لەمەوبەر هەندێ لە مەلا میسرییەکانی خۆ بەعەسریزان ئایەتی «وبنینا فوقکم سبعا طباقا»یان لێك دابووەوە بەکۆمەڵەی ڕۆژ کە ئەو کاتە زاناکان تا حەوت کۆمەڵەیان لێوە دیار کەوتبوو، بەڵام لەپاشدا کۆمەڵەی ڕۆژ لە حەوت تێ پەڕی بۆیە بەناچاری گوتیان نەخێر مەبەست لەم «سبعا طباقا»ە حەوت (گازە) کە لە ئاسماندا هەیە، ئەمەش سەری نەگرت، جا لێرەدا خەڵك دەبێ چ بڵێ ئایا قورئان لەگەڵ زانست ناجوورە؟ یان تەفسیراتی خەڵکەکە هەڵەیە، دیارە تەفسیراتەکان ڕاست نین و هەقە لەم مەوزووعانە مەلاکان و زانا ئاینییەکان خۆیان لێ لادەن و هەوڵی ئەوە نەدەن هەرچی زانست دایدەنێ بڵێن لە قورئاندا هەیە و پاش ڕوونبوونەوە و داهێنانی ئایەتی قورئانی لەسەر جێبەجێ بکەن، دەڵێن قورئان باسی کارەبا دەکا لە ئایەتی ٢٥ لە سوورەتی ئەلنوور «الله نور السموات والارض مثل نوره کمکشاة فیها مصباح المصباح في زجاجة الزجاجة کانها کوکب دري یوقد من شجرة مبارکة زیتونة لاشرقیة ولاغربیة یکاد زیتها یضيء»

لە کاتێکدا ئەم قورئانە سەدان ساڵ پێش ئەدیسۆن هاتۆتە خوار، ئەوە بۆ تا ئەدیسۆن کارەبای نەدۆزییەوە کەسێك لەم هەموو مەلا و شارەزا ئاینییانە ئەم کارەبایەیان لەم ئایەتە وەرنەگرت؟ و کە ئەدیسۆن دۆزییەوە دەڵێن لە قورئاندا هەیە.

یان پاش دۆزینەوەی ئەتۆم و دروستکردنی دیسان هەندێ نەخوێندەوار گوتیان «قورئان باسی ئەتۆم دەکا کە لە سورەتی زیزالدا دەڵێ «فمن یعمل مثقال ذرة خیرا یره ومن یعمل مثقال ذرة شرا یره» لە کاتێکدا مەبەستی ئایەت شتیکی ترە و هەندی ئاسمان و ڕێسمان لەم مەعنا و تەفسیرە دوورە،

چونکە ئەگەر وەك ئەو نیمچە موسوڵمانانە کە بڕوایان کزە و بۆ پتەوکردنی بڕوای خۆیان دەیانەوێ ئاوا تەفسیر بکەن، ئەوها بووایە و قورئان باسی پیشەسازیی بکردایە دەبوو پێغەمبەر (د.خ) چاکتر لە هەموو کەس و پێش هەموو کەس لەو مەبەستانە بگەیشتبایە و پێی زانیبایە و چەکی قورسی دروست بکردبایە بۆ لەناوبردنی دوژمنانی ئیسلام، وەك خوا لە قورئاندا فەرمان بەپێغەمبەر (د.خ) و موسوڵمانان دەکا، کە هەرچی لە دەستیان دێ لە هێز و توانا دروستی بکەن بۆ چاوترساندن و تۆقاندنی دوژمنانی خودا و موسوڵمانان کە ئایەتی ٦١ لە سوورەتی ئەلئەنفالدا دەڵێ «وأعدوا لهم ما استطعتم من قوة و من رباط الخيل ترهبون به عدو الله وعدوكم وآخرين من دونهم لاتعلمونهم الله يعلمهم... الخ» دیارە موسوڵمانان لە سەرەتای ئیسلامەتی تا ئێستاش نەیانتووانیوە چەکێك دروست بکەن وەك چەکی دوژمنانی ئیسلام، ئەگەر هیچ کورتەباسێك و نیشانەیێك بۆ ئەم چەکانە و پیشەسازییانە لە قورئاندا هەبوایە دەبوو خەڵکی جیهان لە عەرەب و ئیسلام فێری دروستکردنیان بووبان لە کاتێکدا موسوڵمانەکان پاش مەشق پێکردنیشیان ئینجا ناتوانن دروستکراوی ناموسوڵمانان بەکاربەرن. ئیدی ئەم بانگەوازە بێجێیە کە هەر وشەیێك لە قورئاندا هاتبێ بیگێڕنەوە بۆ ئەو دەزگا تازە دەرچووە، ڕاست نییە و دوورە لە ئیسلام و ئیسلامەیەت فەلسەفەیێکە دوورە لە پیشەسازی وەك هەموو فەلسەفەکانی تری جیهان. مەبەست لە ئیسلام و هاتنی و پێغەمبەر (د.خ) ڕەوشتی چاکەیە وەك پێغەمبەر (د.خ) دەڵێ: ″انما بعثت لاتمم مكارم الأخلاق″ واتە من ناردراووم بۆ ئەوەی ڕەوشتە چاکەکان تەواو بکەم و بیانچەسپێنم و جێگیریان بکەم لە ناو کۆمەڵدا.

دیسان لە پێغەمبەر (د.خ) دەگێڕنەوە کە کاتی خۆی عارەبەکان دارخورمایان تەلقیح دەکرد پێغەمبەر (د.خ) بەلایاندا تێپەڕی لێی پرسین ئەمە چییە؟ پێیان گوت ئەمە دەبێ وا بکرێ فەرمووی وازی لێ بێنن

ئـەوەی خـوا کـردبـی بـێ ئـەمـەش دەبـێ و وازیـان هـێنـا سـاڵـی داهـاتـوو بەرەکەی نەگرت و چوونە لای پێغەمبەر (د.خ) لە وەڵامدا گوتی «خۆتان کاروباری دونیاتان باشتر دەزانن».

جـا ئـەگـەر مـوسـوڵـمـانـی ئـەو کـاتـی وەك ئـەو مـوسـوڵـمـانـە بـڕوا کـزانـەی ئـەمـڕۆی خـۆمـان بـان، دەبـوو لـە پـێـغـەمـبـەر (د.خ) هـەڵـگـەڕێـنـەوە چـونـکـە پـێـغـەمـبـەرێـك نـەزانـێ دارخـورمـا بـێ تـەلـقـیـح بـەرنـاگـرێ ئـەمـە چـۆن پێغەمبەرێکە، بەڵام موسوڵمانی ئەو کاتی لە قورئان دەگەیشتن و لە پێغەمبەری خۆشیان دەگەیشتن، کە پێغەمبەر (د.خ) ڕێبەری فیکری و ئاینییە و پێغەمبەری کشتوکاڵ و پیشەسازی نییە و ئەوانە پێوەندییان بەکۆمەڵە و کۆمەڵ بۆ خۆی هەوڵی پێشکەوتنی دەدا. مەبەست لە ئیسلام پـێوەنـدیـی نـێوان خـەڵك لـە لایـێك لـە لایێکی تر پێوەندیی نێوان خوا و کۆمەڵی ئینسانە کە ڕێك بخرێ و چاك بکرێ.

بـابێمەوە سەر بـاسی خۆمـان، بۆ ئەوەی لە هەموو کوردێك ڕوون و ئاشکرابێ کە ئیسلام لە بارەی ژن و پیاو چیی گوتووە و حوکمی چییە و چـۆن دەڕوانـێتـە پـلـە و مـافـی ژن و پـیـاو و پـێوەنـدیـی خـێزان لـەسەر چ بناغەیێك دامەزراوە من لەمەودووا باسی دەکەم و سەرچاوەی بنەڕەتیشم بۆ ئەم مەبەستە قورئانی پیرۆز و گوتە و کردار و ڕەفتارەکانی پێغەمبەر (د.خ)، کە لە کتێبەکانی حەدیسی موسلیم و بوخاریم وەرگرتووە و، (ڕا)ی ئیمامی شافیعی (خ.ل) بەئیجماع و قیاسیشەوە.

دیارە ئەوەی قورئان باسی کردبێ و حوکمی لەسەردابێ نە بەحەدیس و نە بەئیجماع و نە بەقیاس هەڵناوەشێ، واتە دەق (نص)ی قورئان هـەمـوو قسەیـێك و حـوکـمـێك بـەتـاڵ دەکـا ئـەگـەر درابـێ و دەبـێ ڕەفـتـار بەفەرمانی قورئان بکرێ و نابێ دەستکاریی حوکمەکانی قورئان بکرێ لەو ڕۆژەوە هاتووە تا دونیا دەبڕێتەوە و هەتا هەتایە وەك خۆی دەمێنێ و

ئەسبابی موجبەیشی کە کاتی خۆی لەبەرچی هاتووە، لەبەر هەمان هۆ دەمێنێ و هیچ گۆڕانی نابێ تێدا بکرێ و بەچ مەعنایێك و بۆچی هاتووە هەر دەمێنێ و ناگۆڕێ و بۆ هاتنی ئەو حوکمە چ مەبەستێك لەبەر چاو گیراوە هەمان مەبەست هەر دەمینێ و هەر کەس بیەوێ بێگۆڕێ یا دەستکاریی بکا بەپێی حوکمی قورئان بەکافر و دژ بەئیسلام دەژمێردرێ و بەموسوڵمان ناناسرێ وەك قورئان لە سوورەتی ئەلمائیدە ئایەتی ٤٤دا دەڵێ «ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الفاسقون» ئایەتی ٤٥ و لە ئایەتی ٤٨، ٤٩، ٥٠، ٥١ لە هەمان سورەتدا فەرمان بەپێغەمبەر و موسوڵمانان دەدا کە بەپێی قورئان ڕەفتار بکەن و حوکم بکەن وەك دەڵێ «وأنزلنا اليك الكتاب بالحق مصدقا لما بين يديه من الكتاب و مهيمنا عليه فاحكم بينهم بما انزل الله ولاتتبع اهوائهم عما جاءك من الحق... الخ». جا کەسێکی بڕوای بەخوا و ئیسلام هەبێ دەبێ لە قورئان دەرنەچێ، ئەگەر دەرچوو ئەوا بەموسوڵمان ناژمێردرێ و دژ بەئیسلام دەنووسرێ و مافی ئەوەی نییە بەناوی ئاین قسە بکا.

ئەگەر قورئان و قسەی پێغەمبەر (د.خ) (حەدیس) کەوتنە بەرانبەر یەك، واتە وێك نەکەوتن و هەر یەکە حوکمێکی دابوو بەپێچەوانەی یەکتری، ئەوە حوکمی قورئان سەرپشکە و هەموو حوکمێك بەرانبەر بەقورئان بەتاڵە، جا با ئەو حوکمانە بەحەدیس یا بەئیجماع یا بەقیاس و ئیجتیهاد درابن.

لەم لێکۆڵینەوەمدا یەکەم قورئانم کردووە بەبەڵگە و دیکۆمێنت و گەڕاومەتەوە سەر تەفسیری بەیزاوی، دووەم قسە و ڕەفتار و کردارەکانی پێغەمبەر (د.خ) کە لە ڕێگەی موسلیم و بوخاری پێمان گەیشتووە و سێیەم فیقهی ئیمامی شافیعی (خ.ل) کە زۆربەی نەتەوەی کورد لەسەر ڕێڕەوی ئەون، واتە شافیعی مەزهەبن و هیچ قسەیێك لەخۆمەوە دەربارەی ژن و پیاوم نەگوتووە و نەنووسیوەتەوە بەناوی ئاین و هەموویم لەم سێ سەرچاوەیە هەڵێنجاوە و ئەوەی مەبەستی ئەوەی هەبێ پتر لە ئاین بگا لە

هـەمـوو ڕوویـێکـەوە نـە تـەنـیـا دەربـارەی ژن و پـیـاو، بـا بـگـەڕێـتـەوە سەر حـەدیسەکـانـی مـوسلـیـم و بـوخـاری و قـورئـان و کـتـێـبە فـیـقـهـیـیـەکـانـی مـەزهـەبـی ئیسلامـی شافـیعـی خـۆی، وەك كتێبی (ئەلئوم) یا کتێبەکانی تری ئەو مـەزهـەبـە وەك (شـەرحـە مینـهـاج و ئیعـانـە).

جـا یـەك لـە نـووسـەرەکـان دەڵـێ چـیـرۆکـنـووس کـە تـاوانـکـاری و تێنەگەیشتنی مەلای گوندەکە باس دەکا بەوەی ئەو منداڵە ساوایانە لە لانکەدا مـارە دەکـا تـەنیا وەك شتێکی تـاکی و هـەڵوێستی مـەلاکـە بـۆی نـاچـێ، بـەڵـکـو کـرداری نـاپـاکـی ئـەو مـەلایـە تـەعـمـیـم دەکـا و دەیـخـاتـە ئـەسـتـۆی شـەریـعـەت، ئـێـمـە پـێـمـان وایـە لـەوەدا پـەلـەی کـردووە یـا مـەبـەسـتـی بـووە مەسەلەکە بکاتە دەستکەللا بۆ لێدانی شەریعەت لە کاتێکدا پێش ئەوەی چیرۆکنووس دەنگی نـاڕەزایی بـەرز بکاتـەوە و داوای سـەربـەستیی خێزان دروستکردن بکا، شەریعەت خۆی وەك ڕێگایێکی ڕاستەقینەی ژیان و وەك تەواوترین ڕێبـاز و کـاملترین یاسا بـانگی بەتاڵکردنەوەی مارەبڕین و تەڵاق و نیکاحی بێ پرس و دوو ژن هێنان و هـەرچی پێوەندیی لە دوورەوە یـا لـە نزیکەوە بەچەوساندنەوەی ئینسانەوە هـەیە پووچەڵ دەکاتـەوە، هـەر ئەمیش بەجوانترین شێوە دەیەوێ بەرگری لە ژیانی بەخۆشی پێکەوە ژیـانـی مرۆڤـایـەتی بکـا، جـا ئەگـەر لە هـەر شوێن و کـاتێکدا بەهـۆی هـەندێ کۆلکە مەلا و دوژمنی شەریعەتەوە کاری وا کرابێ پێچەوانەی خزمەتی ئینسانیيەت بێ، ئـەوا لای هـەمـوو خـاوەن ویژدانێك ئـاشکرایە کـە تـەنیا ئـەو کەسانە تـاوانـبـار دەکرێن و بـەر لـەعنـەتـی ڕۆژگـار دەکـەون، نـەك ڕێبـاز و بیر و فـەلسەفـە).. ئـەمـە قسـەی نووسـەرە لێرەدا بڵێم نووسـەر هـەر فـڕی بـەسـەر زانینی ئـاینـەوە نییـە، ئـاگـای لـە هیچ نییە و نـە قورئـانی خوێندووەتـەوە و، نـەتـێ گـەیشتـووە ئـەگـەر خـوێـنـدبـێـتـیـەوە، نـە ئـاگـای لـە ڕەفـتـار و کـرداری پـێـغـەمـبـەر (د.خ) هـەیـە و نـە لـە بـیـروڕای مـوجـتـەهـیـدەکـانـی مـەزهـەبـی ئـاگـادارە، بەتـایبـەتی مـەزهـەبی شـافیعی کـە مـەزهـەبی زۆربـەی کوردانـە.

نووسەر لای وایە بەرەوانیی لە شەریعەتی ئیسلامی کردووە بەڵام نازانیّ ئەوەی ئەو بەکۆڵکە مەلای دادەنیّ و دژ بەئاین تاوانبار و بیّ ویژدانی دەژمێریّ ئیمامی شافیعی (خ.ل) دەگرێتەوە.

با یەکە یەکە قسەکانی نووسەر بەراورد بکەین لەگەڵ ئاین و ڕەفتاری پێغەمبەر (د.خ)، جاریّ پێغەمبەر (د.خ) لە هیچ کاتێکدا لە چوار تا دووازدە ژنی کەمتر نەبووە. سەرەڕای ئەو ژنانەی، گورجی و کەنیزەکی هەبووە، ئەو جار موسوڵمانانی تریش تا چوار ژن پێکەوە بەپێی دەقی ئایەتی قورئان ڕیّ دراوە و هەر پیاوێك دەتوانیّ هەر چەندی دڵی بخوازیّ ژن بێنیّ بەمەرجێك لە چوار پتر کۆ نەکاتەوە لە یەك کاتدا، وەك ئەمڕۆ چوار ژن بێنیّ و چەند ڕۆژێکی تر یا هەر بۆ ڕۆژی دوایی هەر چواریان تەڵاق بدا و چواری تر بێنیّ، یان لەو چوارانە یەك دووانێك تەڵاق بدا و یەك دووانی تر بێنێتە جێگایان و بەمجۆرە، لە پاشا بەدرێژی باسی دەکەین. ئیدی ئەم قسەیە لە کویّ دەمێنیّ کە دەڵیّ: "ئاین دوو ژنهێنان پووچەڵ دەکاتەوە". قسەکانی نووسەر بەتەواوی پێچەوانەی ئایاتی قورئان و حەدیسە ڕاستەکانی پێغەمبەر و ڕەفتار و کردارەکانیەتی، نازانم ئەمجۆرە نووسەرانە ئەو شەریعەتەی باسی لێوە دەکەن دەبیّ کام شەریعەت بیّ؟ مەگەر شەریعەتێکی خەیاڵیی خۆیان بیّ کە هێشتا خەڵك پێی نەزانیبیّ، دەنا نەدەبوو ئەمجۆرە کەسانە ئاوا بەئارەزوو و دڵخوازی خۆیان بەناوی ئاین و شەریعەت ئەو یاسا و ڕەفتارانە لە قەڵەم بدەن و نە ئاواش بیّ پەروا و بیّ باك هێرش ببەنە سەر مەلای چارەڕەشی کوردەواری، کە هەموو ئازار و کوێرەوەری و بیّ نانی و تاڵ و سوێریی چێشتووە تا ئەوەندە لە ئاین گەیشتووە و وەك هەیە و چۆنە ئاوایشی لە خەڵك گەیاندووە و بۆی گێڕاونەتەوە و ڕەفتاری پیّ کردووە و کاروباری خەڵك و پێوەندیان لەگەڵ یەکتری لەسەر بناغەی ئاین بیّ چەند و چوون و بیّ ئەولا و ئەولا جێبەجێیان کردووە، هەر مەلایێك گەڕابێتەوە سەر (قیل

وقال) لەناو مەلایان و خەڵکیش بەدناو و دین سووك ژمێردراوون، بۆیە هەموو مەلاکانی موسوڵمان و زانا چۆن ئیمامە موجتەهیدەکان فەرمووویانە جێبەجێیان کردووە و بەموو لێیان لانەداوە، ئەگەر ئەو مەلایانە نەبوونایە بێگومان ئێستا ئاینی ئیسلام لە ناو کوردان وەك ئاردی ناو درك و بەردی بن گۆمی لێ دەهات، مەگەر تەنیا ناوی بمابایە، لە کاتێکدا لە بەر بوونی مەلا ئێستاش دین بەهەرمێنە و خەڵك پێیەوە نووساون، بگرە هەیە سەر و ماڵ و منداڵی لە پێناویدا دادەنێ. کاکی نووسەریش هەروا بەسووك و هاسانی لەقەبی کۆلکەمەلا و نەزانیان تەکریم دەکا، بەبێ ئەوەی خۆی بزانێ ئاین چییە؟ ئەوەندە نەبێ کە بەمنداڵی لە دایك و باوکی گوێبیست بووبێ یا لە کۆمەڵی دەوروپشتی کە زۆربەشیان بڕوای پیرەژنانەن و دوورن لە ئاین، ئەوەی لە قوتابخانەکانیش خوێندوویانە ئەوە نییە پشتیان پێ ببەسترێ.

ئەوجار ئەو نووسەر و چیرۆکنووسانەی کە بەر دەبنە گیانی مەلا و هەزار و یەك ناو و ناتۆرەیان لێ دەنێن و پێیان دەڵێن کۆلکە مەلا، بەقسەی خۆیان لەبەرئەوەیە کە لە ڕێگەی شەریعەتیان لاداوە، باشە ئەگەر وایە و ئەوانە دژ بەدین و مەلا نین، خۆ دەرچووی کۆلێژی (حقوق)یش (پارێزەر) ئەگەر لە ڕاستیدا هیچ نەزانێ و کۆلکەبێ، یان هەزار ناڕەواییی کردبێ بەڕەوا و تووشی هەزار ئۆباڵیش بووبێ، بۆچی پێی ناڵێن (کۆلکە پارێزەر)؟

دیارە هەر لەبەرئەوەیە، ئەوەی خەریکی دین بوو بێ لە لایەن ئەو کەسانە ناخۆشەویست بوونە، هەر لەبەرئەوەی خەریکی دینن، چونکە وەك پێشتر باسمان کرد ئەگەر مەلا لە کوردستاندا نەبوونایە دەمێك بوو خوا موسوڵمانیەتیی بۆ خۆ بردبۆوە و لە کوولەکەی تەڕیشدا ناوی نەدەهات. ئەوەتا نووسەر بەمەلای شارەزا و زاناکانی ئاینی دەڵێ کۆلکەمەلا و نەخوێندەوار، زۆری تریش هەن لەم بابەتە چی سووك و ناڕەوایە دەمل

مەلاكانی دەخەن و مەلاش هیچ تاوانێكی نییە تەنیا جێبەجێكردنی فەرمایشتەكانی قورئان و پێغەمبەر (د.خ) و بیروڕای موجتەهیدەكان نەبێ، كە بۆ خەڵكیشیان ڕوون كردووەتەوە، جا سەرەڕای گوتنی كۆلكەمەلایی پێشیان دەڵێن بێ ویژدان و دژ بەئاین و لە ئینسانییەت بێ بەری.

ئەمە لەبارەی مارەكردنی كچی سەر لانكە و دوو ژنهێنان، ئەوجار با بزانین نووسەر كە دەڵێ «هەر ئەمیش بەجوانترین شێوە دەیەوێ بەرگری لە ژیانی بەخۆشی پێكەوە ژیانی مرۆڤایەتی بكا، جا ئەگەر لە هەر شوێن و كاتێكدا بەهۆی هەندێ كۆلكەمەلا و دوژمنی شەریعەتەوە كاری وا كرابێ پێچەوانەی خزمەتی ئینسانییەت بێ ئەوا لای هەموو خاوەن ویژدانیك ئاشكرایە كە تەنیا ئەو كەسانە تاوانبار دەكرێن و بەر لەعنەتی ڕۆژگار دەكەون، نەك ڕێباز و بیر و فەلسەفە»، نازانم ئەوانەی بەناوی ئاین باسی ئینسانییەت و مرۆڤایەتی دەكەن، دەبێ مەبەستیان چی بێ؟ ئەگەر مەبەستیان هاوجۆری و هاونەوعییە بەبێ لەبەرچاوگرتنی بیروڕا و ئاین و ڕەنگ وەك خەڵك وای تێ دەگا و بەم واتایەش بەكاردێ ئەوا ئەوانە زۆر دوورن لە ئیسلام و دیارە هەر لە خەیاڵی خۆیاندا واتایێكی تایبەتی و یاسایێكی خەیاڵاوییان بۆ ئیسلام داناوە، چونكە ئیسلام ئەو كەسەی بڕوای پێ نەهێنێ و ملكەچی نەبێ بۆی بەچاوێكی تر سەیری دەكا و ڕەفتاری دەگەڵ دەكا، ئەگەر وەك نووسەر لە خەیاڵی خۆی دایناوە وابووایە كچ و ژنی ناموسوڵمانان بەدیل و تالاّن نەدەبران و نەدەكران بەكەنیزەك و منداڵە نێرینەكانیش نەدەكران بەكۆیلە، كە ئەمانە بەپێی دەقی قورئان جێبەجێ كراون، چونكە ئیسلام كە خوا ناردوویە پێویستە بەخۆشی بێ یا بەترشی بڵاو بكرێتەوە و ئەوەی بڕوای پێ نەكردبێ و نەبووبێتە ئیسلام شەڕی دەگەڵدا كراوە و كوژراوە و سەروماڵ و سامان و منداڵ و ژنی بەدەسكەوت و تالاّن گیراوە و بەسەر موسوڵمانانندا

دابەشكراوە و منداڵەكانیشی كراوون بەكۆیلە و عەبد. ژن و كچەكانیشیان كراون بەكەنیزەك و جاریە، خۆ ئەگەر ناموسوڵمانان تەسلیم بووبن بەبێ شەڕ، ئەوا دەبوو بەسەر شۆڕی سەرانە بدەن وەك لە قورئاندا هاتووە لە سوڕەتی ئەلئەحزاب ئایەتی ٢٦ و ٢٧كە دەڵێ: (وأنزل الذين ظاهروهم من أهل الكتاب من صياصيهم وقذف فى قلوبهم الرعب فريقا تقتلون وتأسرون فريقا واورثكم ارضهم وديارهم واموالهم و أرضا لم تطؤها وكان الله على كل شيء قديرا).

واتە خودا ئەو دەستەیەی خاوەن كیتابی كە پشتیوانیان لە موشریكەكان دەكرد لە سەنگەر و پەناگەكانیان و پایگانیانیان هێنا دەرێ و ترس و لەرزی ئێوەی موسوڵمانی هاویشتە دڵیان تا وای لێهات ئێوەی موسوڵمان هەندێكیان بكوژن و هەندێكیان بەدیل بگرن خودا سەرومـاڵ و زەوی و خانووبەرەی ئەوانس دابەئێوە و ئێوەی كردە میراتگری ئەوان و هەروەها زەوییێكی دا بەئێوە كە جێی پێتانی لێ نەبووە، هەروا لە ئایەتێكی تردا دەڵێ: (واقتلوا فى سبيل الله الذين يقاتلونكم) و لە شوێنێكی تردا دەڵێ: (واقتلوهم حيث ثقفتموهم) و (قاتلوهم حتى لاتكون فتنه ويكون الدين لله) ئایەتی ١٩٠، ١٩١، ١٩٣ لە سوورەتی ئەلبەقەرەدا. واتە لە ڕێگەی خودادا بجەنگن لە دژی ئەوانەی شەڕتان دەگەڵدا دەكەن. لەگەڵ كافران بجەنگن و بیانكوژن لە هەر جێگەیێك دەستتان كەوتن. دژ بەكافران بجەنگی تا فتنە و فەساد لەسەر زەوی بەلابندرێ و هەموو بێنە سەر دینی ئیسلام، ئایەتەكانی ٢١٦و ٢٤٤ لە سوڕەتی ئەلبەقەرەدا دەڵێ (كتب عليكم القتال وهو كره لكم وعسى ان تكرهوا شيئا وهو خير لكم... الخ: وقاتلوا في سبيل الله) واتە جەنگتان لەسەر پێویست كرا كە بەدڵتان نییە چەند زۆرە كە شت هەیە پێتان ناخۆشە بەڵام بۆ ئێوە چاكەی تێدایە و خێر و خۆشی لەدووایە.

لە ڕێگەی خودا لەگەڵ كافران بجەنگن و بزانن كە خودا لە گوفتار و

کرداری خەڵك ئاگا و بیستەرە، ئایەتی ٧٤- ٧٦ لە سوورەتی ئەلنیسائدا دەڵێ: (فليقاتل في سبيل الله الذين يشترون الحياة الدنيا بالاخرة ومن يقاتل في سبيل الله فيقتل أو يغلب فسوف نؤتيه أجرا عظيما. وما لكم لاتقاتلون في سبيل الله والمستضعفين من الرجال والنساء والولدان الذين يقولون ربنا اخرجنا من هذه القرية الظالم أهلها واجعل لنا من لدنك وليا واجعل لنا من لدنك نصيرا. الذين أمنوا يقاتلون في سبيل الله والذين كفروا يقاتلون في سبيل الطاغوت فقاتلوا أولياء الشيطان ان كيد الشيطان كان ضعيفا). واتە با لە ڕێگەی خودا بجەنگن ئەو کەسانەی ژیانی دونیا بەڕۆژی دووایی دەفرۆشن، هەر کەسێك لە پێناوی خوادا بکوژرێ یا سەرکەوێ لە دووارۆژدا پاداشتێکی گەورەی دەدەینەوە. بۆ لە ڕێگەی خوادا شەڕێ ناکەن؟ لە کاتێکدا بێ دەسەڵاتەکان لە ژن و لە پیاو و منداڵ هاوار دەکەن و دەڵێن خوایە لە دەستی ستەمکاری ئەم دینەمان ڕزگار بکە و لە لایەن خۆتەوە سەرکارێك و پەنادەرێکمان بۆ بنێرە. ئەوانەی خاوەن بڕوان لە ڕێگەی خوادا دەجەنگن و ئەوانەی بڕوایان نییە لە ڕێگەی تاغووت دەجەنگن، بجەنگن دژی لایەنگیرانی شەیتان و پیلانی شەیتان کز لاوازە.

هەروا لە سوورەتی ئەلنیسائدا و ئایەتی ٨٤دا دەڵێ: (فقاتل في سبيل الله لاتكلف الا نفسك وحرض المؤمنين عسي الله ان يكف بأس الذين كفروا والله اشد بأسا وأشد تنكيلا). و ئایەتی ٣٩ لە سوورەتی ئەلئەنفال دەڵێ (وقاتلوهم حتى لاتكون فتنه ويكون الدين الله كله) و لە ئایەتی ٦٠ لە هەمان سوورەتدا دەڵێ (وأعدوا لهم ما استطعتم من قوة... الخ) و ئایەتی ٦٥ لە هەمان سوورەتدا دەڵێ (يا أيها النبي حرض المؤمنين على القتال) واتە لە پێناوی خوادا شەڕێ بکە، ئەرکەکە باوێ سەر شانی خۆت و موسوڵمانانیش هاندە شەڕێ بکەن دژی کافران و ناموسوڵمانان، بێگومان خودا دەسەڵاتی کافرانت لێ وەدوور دەخا و خواش لە وان بەدەسەڵاتتر و تواناتر و لەناوبەرترە. شەڕیان دەگەڵدا بکەن تا نەبنە

فیتنه و دینیش هەمووی بۆ خوا بێ. چیتان لە دەست دێ لە هێز و توانا و ڕاهێنانی وڵاخی بەرزە بیکەن و ئامادەی بکەن. ئەی پەیامبەر موسوڵمانان هانده با شەڕێ لەگەڵ ناموسوڵمانان بکەن.

ئایەتی ٦٧ لە سوورەتی ئەلئەنفالدا دەڵێ: (ماكان لنبی أن یكون له اسری حتی یثخن في الأرض، تریدون عرض الدنیا والله یرید الاخرة). واتە بۆ هیچ پێغەمبەرێك ڕەوا نییە كە دیلی هەبێ و بەرەڵلایان بكا بەبەدەلی ماڵی دونیا تا زەوی ڕەباس نەكا بەخوێنی ناپاك و ناموسوڵمان، ئێوە ماڵی دونیاتان گەرەكە و خواش مافی هەتا هەتایی و خۆشییەكی لەبن نەهاتوو. و لە ئایەتی ٦٩ی هەمان سوورەتدا دەڵێ (فكلوا مما غنمتم حلالا طیبا). واتە هەرچی بەتاڵانی چنگتان كەوت بیخۆن وەك گەزۆ و مازۆ لێتان حەڵاڵە و نەوشی گیان. هەروا لە ئایەتی ٤١ی هەمان سوورەتدا دەڵێ (وأعلموا أنما غنمتم من شيء فأن لله خمسه وللرسول والیتامی ولذی.. القربی والمساكین وأبن السبیل الخ) واتە ئەی موسوڵمانان پێنجیەكی هەر تاڵانێ كە دەستتان دەكەوێ بۆ خوا و پێغەمبەر و خزم و كەسوكارتان و بێ باوك و بێدەرەتان و ڕێبوارانە. لە سوورەتی ئەلتەوبە ئایەتی ٥دا دەڵێ: (فاذا انسلخ الاشهر الحرم فاقتلوا المشركین حیث وجدتموهم وخذوهم واحصروهم واقعدوا لهم كل مرصد فان تابوا وأقاموا الصلاة وأتوا الزكاة فخلوا سبیلهم) واتە پاش ئەوەی مانگەكانی حەرام كە «زی قەعدە و زی حەججە و موحەررەم و ڕەجەب»ە تێپەڕ بوون و بەسەرچوون بتپەرستان بكوژن لە هەر شوێنێ چنگتان كەوتن، بیانگرن و گەمارۆیان بدەن و لە هەموو لایێ بۆسەیان بۆ دانێنەوە، ئەگەر پاشگەز بوونەوە و تۆبەیان كرد و نوێژیان كرد و وزەكاتیان دا ڕێگەیان بەردەن و ڕێگەیان پێ مەگرن.

ئایەتی ١٤ لە سوورەتی ئەلتەوبەدا دەڵێ: (وقاتلوهم یعذبهم الله بایدیكم ویخزهم وینصركم علیهم ویشف صدور قوم مؤمنین). شەڕیان

دەگـەڵـدا بـكـەن خـوا بـەدەسـتـی ئـێوە ئـازاریـان دەدا، سەرشۆڕیـان دەكـا و ئێوەیـان بەسـەردا زاڵ دەكـا و دڵـی ئیمـاندارانیـان پێ خۆش و گەش دەكـا. ئـایـەتـی ٣٨-٢٩ لـە سوورەتـی ئـەلـتـەوبـەدا (یـا ایـهـا الـذیـن أمـنـوا انمـا المشركون نجس فلا یقربوا المسجد الحرام بعد عامهم هذا وان خفتم عیلة فسوف یغنیكم الله من فضله.. قاتلوا الذین لایؤمنون بالله والیوم الأخر ولایـحـرمـون مـاحـرم الـلـه ورسولـه ولایدینـون دین الحق مـن الـذین أوتـوا الكتاب حتى یعطوا الجزیة عن ید وهم صاغرون).

ئەی موسوڵمانان بتپەرستان پیسن بلێ نزیك مزگەوتی گەورە، حەرام نـەبـن پـاش ئـەمسالـیـان، ئـەگـەر لـە هـەژاری و كـەمدەستـی دەترسن خـوا بـەلـوتـفـی خـۆی دەوڵـەمـەنـد و تـێرتـان دەكـا، شەڕێ بـكـەن لـەگـەڵ ناموسوڵمانان كە خاوەن كتێبن و نابنە موسوڵمان و بڕوا بەخوا و ڕۆژی دوایـی نـایـێـنـن ئـەوەی خـوا و پـێغـەمـبـەری قـەدەغـەیـان كردووە ئـەوان قەدەغەی ناكەن و پێی لێ دەخشێنن، بیانكوژن و شەڕیان لەگەڵدا بكەن تا بەسەرشۆڕی و دەست بەدەست سەرانە دەدەن.

ئایەتی ١١٠ لە سوورەتی ئەلتەوبە دەڵێ: (ان الله اشترى من المؤمنین انفسهم واموالهم بأن لهم الجنة یقاتلون في سبیل الله فیقتلون ویقتلون وعدا علیه حقا في التوراة والانجیل والقرأن ومن أوفى بعهده من الله فاستبشروا ببیعكم الذي بایعتم به وذلك هو الفوز العظیم). خوا سەر و ماڵی لە موسوڵمانان كڕیوە بەوەی بەهەشتیان بداتێ كە لە ڕێگەی خوادا خەبات بكەن و بجەنگن چ بكوژن و چ بكوژرێن ئەمە گفتێكی ڕاستی خوایە و باشتر گفتی خۆی جێبەجێ دەكا كەوایە خۆشی لە خۆتان بەم كڕین و فرۆشتنە و ئەم مامەڵەتە كە ئەمە برەوەییێكی گەورەیە. ئایەتی ٣٤ لە سوورەتی موحەممەددا دەڵێ: (فلا تهنوا وتدعوا الى السلم وانتم الاعلون والله معكم ولن یتركم اعمالكم) سست مەبن و نزمی مەكێشن و داوای ئاشتی و شەڕ ڕاگرتن مەكەن كە ئێوە سەركەوتوون خواتان دەگەڵدایە.

ئەوەی ڕابرا کەمێك بوو لە زۆر لەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز کە پێغەمبەر و موسوڵمانان هان دەدا بجەنگن و شەڕێ دەگەڵ ناموسوڵمان و بتپەرستان بکەن و بەزۆر و تۆبزی بیانکەنە موسوڵمان یان ئەوەتا بەملکەچی و سەرشۆڕی دەست بەدەست سەرانە بدەن، ئەمانە ڕەفتاری ئیسلامەتی بوو لەگەڵ بیانی و خزم و کەسوکار جا با بزانین ڕای ئیسلام بەرانبەر بەخزم و کەسوکاری ناموسوڵمان چییە.

ئایەتی ٢٣- ٢٤ لە سوورەتی ئەلتەوبەدا دەڵێ (یا أیها الذین آمنوا لاتتخذوا آبائکم وأخوانکم أولیاء أن استحبوا الکفر علي الایمان ومن یتولهم منکم فأولئك هم الظالمون. قل أن کان أباؤکم وابناؤکم وأخوانکم وأزواجکم وعشیرتکم وأموال أقترفتموها وتجارة تخشون کسادها ومساکن ترضونها أحب الیکم من الله ورسوله وجهاد في سبیله فتربصوا حتی یأتي الله بامره والله لایهدي القوم الفاسقین) واتە ئەی ئیمانداران دۆستایەتی دەگەڵ باوك و براتان مەکەن ئەگەر کافرییان هەڵبژارد و نەبوونە موسوڵمان و هەر کەسێ لە ئێوە خۆشیانی بوێ ئەوانە ستەمکارن، ئەی پێغەمبەری ئێمە بەموسوڵمانان بڵێ ئەگەر ئێوە باوك و کوڕ و برا و ژن و عەشیرەت و ماڵێکی کە بەسەریەکووە نایە و ترسی کەمبووی بازرگانی و خانووێکی کە پێی دڵخۆشن خۆشترتان دەوێ لە خوا و پێغەمبەری و خەباتکردن لە ڕێگەی خودا ئەوا چاوەنواڕبن تا خوا فەرمانی خۆی جێبەجێ دەکا و هەرگیز ڕێ پێشاندەری کافر و فاسق ناکا. ئایەتی ١٢٣ لە سوورەتی ئەلتەوبەدا دەڵی (یا أیها الذین أمنوا قاتلوا الذین یلونکم من الکفار ولیجدوا فیکم غلظة..) ئەی موسوڵمانان شەڕێ دەگەڵ نزیکترین کەسی خۆتانی کافر بکەن و خەبات بکەن تا هێز و تووانا و دەسەڵاتداری و توندیتان لێ بەدی بکەن. ئایەتی ٢٢ی سوورەتی ئەلموجادەلە (لاتجد قوما یؤمنون بالله والیوم الاخر یوادون من حاد الله ورسوله ولو کانوا أبائهم أو ابنائهم أو اخوانهم أو عشیرتهم أولئك کتب في

قلوبهم الايمان وايدهم بروح منه ويدخلهم جنات أولئك حزب الله ألا ان حزب الله هم المفلحون) ئەی پێغەمبەر هەرگیز خەڵکێك نادۆزیەوە کە بڕوایان بەخوا و ڕۆژی دووایی هەبێ و دۆستایەتی لەگەڵ دوژمنانی خوا و پێغەمبەری بکەن، هەر چەند ئەو دوژمنانە باوك و کوڕ و برا و خزم و کەسوکاری خۆیان بن، ئا ئەوانە خوا ئیمانی لە دڵ چەسپاندوون و یارمەتییان دەدا و بەهەشتی پان و بەرینیان خەڵات دەکا کە هەتا هەتایە تێیدا دەژین و خوا لێیان دڵخۆشە و ئەوانیش بەخوا دڵخۆشن و ئەوانە حیزبی خوان و هەر حیزبی خواش سەرکەوتووە و بەهرەبەرە. ئایەتی ٧٣ی سوورەتی ئەلتەوبە دەڵێ (يا أيها النبي جاهد الكفار والمنافقين واغلظ عليهم ومأواهم جهنم وبئس المصير). ئەی پەیامبەر جیهادی کافر و مونافیقان بکە و لەگەڵیان توندبە ئەوان جێگەیان دۆزەخە و خراپترین چارەنووسە. ئەمە قورئان و کردار و، ڕەفتار و گوفتاری پێغەمبەریش (د.خ) دەربارەی ناموسوڵمانان و بتپەرستان بەمجۆرە بووە.

حەدیسی سەحیحی موسلیم لاپەڕە ٥٣ ژمارەی حەدیس ٣٦ دەڵێ (حدثنا ابو غسان المسمعي مالك بن عبدالواحد حدثنا عبدالملك بن الصباح عن شعبة عن واحد بن محمد بن زيد بن عبدالله بن عمر عن أبيه عن عبدالله بن عمر قال قال رسول الله (صلعم) (أمرت أن أقاتل الناس حتي يشهدوا ان لا اله الا الله وان محمدا رسول الله ويقيموا الصلاة ويؤتوا الزكاة فاذا فعلوا عصموا مني دمائهم واموالهم الا بحقها وحسابهم على الله) پێغەمبەر (د.خ) گوتویە: "فەرمانم پێ کراوە کە لەگەڵ خەڵکی بجەنگم تا بڕوا دێنن بەخوا و پێغەمبەر و نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن، ئەگەر ئاوایان کرد خوێن و سامانیان دەپارێزرێ جگە لەوەی کە بەهەق لێیان دەسێندرێ."

دیسان لە جزمی سێیەمی سەحیحی موسلیم لاپەڕە ١٥١٧ ژمارەی حەدیس ١٩١٠ دەڵێ: (حدثنا محمد ابن عبدالرحمن ابن سهم الانطاكي

أخبرنا عبدالله بن المبارك عن وهيب المكي عن عمر بن محمد بن محمد بن المنكدر عن سمي محمد ابن صالح عن أبي هريرة قال قال رسول الله (صلعم) (من مات ولم يغز ولم يحدث به نفسه مات على شعبة من نفاق). واته پێغەمبەر (د.خ) فەرموویە: «هەر کەسێ بمرێ و خەزای نەکردبێ یا بەدڵیدا نەهاتبێ خەزا بکا، دەمرێ لەسەر یەك لە جۆرەکانی دوو ڕوویی» ئا ئەمەیە پوختەی پێوەندیی نێوان موسوڵمان و ناموسوڵمان و ئایەت و حەدیسی تر گەلێ زۆرن لەم بابەتانە بەڵام بۆ بەڵگە ئەمەندەمان بەسە.

جا ئەوانەی ئایەتەکان باسیان لێوە دەکاتن و فەرمان بەکوشتن و بڕینیان دەکا هەر لە هۆزی عارەب بوون و خزم و کەسوکاری موسوڵمانەکانی عەرەب بوون و لەبەرئەوەی نەبوونە بەئیسلام قورئان ئاوا سەر و ماڵیانی بۆ موسوڵمانان حەڵاڵ کردووە و کچ و ژنیشیان بکەن بەکەنیزەك و جاریە هەتا ئەو ژنانەی کە مێردیشیان هەبووە و لە شەڕدا هەڵاتوون و چنگ نەکەوتوون ژنە بەمێردەکانی بەتاڵانی گیراو بۆ موسوڵمانان حەڵاڵ بووە کە وەك ژنی خۆیان ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەن و بیانکەنە کەنیزەك و خۆشییان لێ بچێژن و نێرینەکانیش بکەن بەکۆیلە و عەبد.

ئیدی نازانم ئەمجۆرە نووسەرانە بەچ ڕوویێك دەڵێن (هەرچی پێوەندیی لە دوورەوە یا لە نزیکەوە بەچەوساندنەوەی ئینسانەوە هەیە پوچەڵ دەکاتەوە، هەر ئەمیش بەجوانترین شێوە دەیەوێ بەرگری لە ژیانی بەخۆشی پێکەوە ژیانی مرۆڤایەتی بکا جا ئەگەر لە هەر شوێن و کاتێکدا بەهۆی هەندێ کۆلکەمەلا و دوژمنی شەریعەتەوە کاری وا کرابێ پێچەوانەی خزمەتی ئینسانییەت بێ ئەوا لای هەموو خاوەن ویژدانێك ئاشکرایە کە تەنیا ئەو کەسانە تاوانبار دەکرێن و بەر لەعنەتی ڕۆژگار دەکەون، نەك ڕێباز و بیر و فەلسەفە).

ئەوانە شەرمێ لەخۆ ناکەنەوە کە درۆ بەزمانی ئیسلام دەکەن و وا

دەکەن کە خەڵك دوور بکەنەوە لە مەبەستی ئیسلام و ئیسلامەتی، ئیسلام وەك بەرنامە و بیر و بڕوایێك بۆیە هاتووە و خوا ناردوویە کە بڵاوبێتەوە بەخۆشی یا بەزۆر وەك لەو هەموو ئایەتە قورئانییانەی پێشەوە دەرکەوت و هەروەهاش لە ڕەفتار و کردارەکانی پێغەمبەر (د.خ) و جێگیرەکانی کە چوار یارەکەن.

جا بەکورتی: ئەو کەسەی بڕوای بەئیسلام نەهێنابێ و نەبووبێتە موسوڵمان وەك نەیار و دوژمن تەماشا کراوە جا با خزم و کەسوکار و باوك برا و کوڕی موسوڵمانان بن، ئیسلام دان بەو مەفهوومە ئینسانییەی ئەوجۆرە نووسەرانە بۆی دەچن نانێ، بەڵکو ئیسلام مرۆڤ دەکاتە دوو بەش:

موسوڵمان و کافر و نەیار جا ئەوانەی موسوڵمانیشن دەیانکاتە دوو چین، چینی ئازاد و چینی کۆیلە و عەبد و هەر یەکە لەم دوو چینە حوکمێکی تایبەتیی خۆی هەیە بۆ نموونە ژنی موسوڵمانی نائازاد وەك کەنیزەك و جاریە ئەگەر لەبەر پێویستی و ترس تووشی گوناحبوون نەبێ هێنانی وەك ژن بۆ پیاوی ئازاد ڕاست و دروست نییە چونکە ئەو منداڵەی دەیبێ کۆیلەیە ئەم قسەیەش بەپێی ئایەتی ٢٥ سوورەتی ئەلنیسائە کە دەڵێ (ومن لم يستطع منكم طولا ان ينكح المحصنات المؤمنات فمما ملكت ايمانكم من فتياتكم المؤمنات... وان تصبروا خير لكم.) لە بیروڕای ئیمامی شافیعی (خ.ل) ئەم ئایەتە بەڵگەیە کە هێنانی جارییەی موسوڵمان وەکو ژن بۆ پیاوی ئازاد حەرامە ئەگەر پیاو توانای مارەدانی ژنێکی ئازادی هەبێ.

مەعنای ئایەتەکەش ئەمەیە «ئەگەر کەسێك لە ئێوەی موسوڵمان توانای مارەدان و هێنانی ژنێکی موسوڵمانی ئازادی نەبوو، با لەو کەنیزەك و موسوڵمانانە بێنێ کە بەدیلی و تالانی چنگتان کەوتوون، خوا

دەزانیٚ و باشتر دەتانناسیٚ. کەنیزەکەکان بەپرسی گەورە و خاوەنەکانیان مارە بکەن و مارەییشیان بەچاکی و بەتەواوی و بیٚ کەمی بدەنیٚ، ئەوانیش پێویستە داوێنپاك بن و خۆ دوور کەن لە داوێنپیسی و لە ژێرەوە و بەنهێنی دۆست نەگرن، کاتیٚ کە بوونە مێردداد ئەگەر کارێکی ناپاکییان لیٚ ڕوودان و داوێنپیسییان کرد، ئەوا سزایان نیوەی سزای ژنێکی ئازادە لە کارێکی وادا. هێنانی کەنیزەکیش بۆ کەسێکە کە بترسیٚ لەوەی تووشی گوناح بیٚ دەنا ئەگەر ئارام بگرن و کەنیزەك نەهێنن باشترە». کەوایە ژن لە ڕوانگەی ئیسلامەوە دوو حوکمی هەیە یەك بۆ ژنیٚ کە بەتالاّن دەست کەوتووە حوکمەکەشی ئەوەیە کە دەکڕێن و دەفرۆشرێن و بیٚ مارەکردن و شایەتی کڕیار دەتوانیٚ سوود و کەڵکیان لیٚ وەربگریٚ لە هەموو ڕوویێکەوە تەنانەت لە ڕووی ئارەزووی لەشیشەوە.

کەنیزەك– جارییە، ئەو ژنانەن کە لە شەڕی دوژمنانی ئیسلام بەدیل و تالاّنی دەست کەوتوون و گیراون، ئەو ژنانەش بەمێرد بن مێردەکەیان لە ژیاندا مابیٚ یا کوژرابیٚ فەرق ناکا بۆ کڕین و فرۆشتنیان و لەگەڵ ڕابواردنیان، چونکە بەڕای ئیسلام ئەو ژنە بەمێردانەی بەدیل و تالاّنی دەگیرێن کرێی مارەییان لادەچیٚ بەبوونیان بەدیل، هەروەهاش کەنیزەك هیچ هەقی پرس و (ڕا) وەرگرتنیان نییە، نەبۆ کڕین و نەبۆ فرۆشتنیان هەر وەکو هەر ماڵ و کوتاڵێك کە دەکڕیٚ و دەفرۆشریٚ، ئەمە دەربارەی ژنی بەتالاّن دەستکەوتوو و کەنیزەك واتە ژنی نائازاد. ژنی ئازادیش ئەو ئافرەتانەن کە کەنیزەك بوون یان بەتالاّن نەگیراون و بەخۆشیی خۆیان بوون بەموسوڵمان، ئەوانیش نە تەلاقیان بەدەستە و نە پرسیان پیٚ دەکریٚ بۆ تەلاقدانیان و لە مارەبڕین و بەشوودانیش وەك واجیب پرسیان پیٚ ناکریٚ، باوك لە شەرعدا پێی دەگوتریٚ (وەلی موجبیر) واتە سەرداری سەپێنەر، ئەم سەردارە دەتوانیٚ کچی خۆیی سەر لانکە مارە بکا لە هەر کەسیٚ بیەویٚ بگرە کچی عازەبیش کە خۆی ناسیوە و گەیشتووەتە تەمەنێك

کە چاکە و خراپە لێك جیا دەکاتەوە، باوك دەتوانێ بەبێ پرس مارەی بکا لە هەر کەسێ بیەوێ بەمەرجێك لە نێوان باوك و کچەدا هیچ ناحەزییەك و ناخۆشییەك نەبێ، بەدەربڕینێکی تر، باوك بەرژەوەندیی کچەکەی ڕەچاو کردبێ و مەبەست لە بەشوودانی تۆڵەسەندن و ئازاردانی کچەکە نەبێ، مارەبڕینی کچی منداڵی سەر لانکە کە چاکە و خراپە لێك جیا ناکاتەوە هەر بەدەست باوکە و لە مەزهەبی ئیمامی شافعیدا (خ.ل) زۆر ڕوون و ئاشکرایە و ئەوەی کێشەی لەسەرە کە ئایا دروستە یا نادروستە یا بڵێین باوك ناتوانێ مارەی بکا یا لێی مارە بکا بار (حمل)ی ژنەکەیەتی وەك بڵێ «نۆبەرە یا بەری یەکەمی ژنەکەم کە زگی پڕە لە فلانی مارە دەکەم و دەیدەمە ئەو ئەگەر کچ بوو»، فلانەکەش بڵێ «باشە قبوڵمە» مارەیێکە نایێ و ئیجاب و قبووڵەکە بەتاڵە، چونکە نازاندرێ ئەو (زگە) چییە؟ کوڕە یا کچە، لێرەدا ئەمجۆرە مارەکردنە دەبێتە مارەیێ بەمەرج و ئەگەر، ئەمەش نادروستە، خۆ ئەگەر بەهۆی ئامرازێکی ئەلیکترۆنی بزاندرێ (زگە)کە چییە هەر لە یەکەم دەقیقەی تەلقیحەوە باوك هەقی هەیە بەمێردی بدا و مارەی بکا و، بەڵگەی ئیمامی شافیعی بۆ ئەم (ڕا)یەی کە باوك دەتوانێ کچی خۆی بێ پرس لە هەر کەسێ بیەوێ مارەی بکا و مارەی دەکا ئەو فەرمودەی پێغەمبەرە (د.خ) کە دەفەرموێ (ثیب احق بنفسها من ولیها والبكر یزوجها أبوها) واتە بێوەژن بەخۆی لەپێشترە لە سەرداری‌کەی و کچ باوکی مارەی دەبڕێ، هەروەها قسەی عائیشە (خ.ل) کە دەڵێ «پێغەمبەر (د.خ) لە شەش ساڵیمدا مارەی کردم و لە نۆ ساڵیدا گوازتمیەوە و لە هەژدە ساڵیمدا بەجێی هێشتم و کۆچی دوایی کرد».

تەڵاقدانیش هەر بەدەست پیاوە و ژن بەهیچ جۆرێك مافی ئەوەی نییە پرسی پێ بکرێ کە ئایا تەلاق بدرێ یا نە. هەرچی ئایەتی قورئان هەیە و هاتووە دەربارەی تەڵاقدان خوا ڕووی لە پیاو کردووە و تەنیا مافێکی بۆ

ژن هـەبـێ مـارەیـی و نـانـدانـە. لـە مـەسـەلـەی تـەڵاقـدان ئـایـەتـی ١– ٣ لـە سوورەتی ئەلموجادەلەدا زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە دەڵێ (قدسمع الله قول التي تجادلك في زوجها وتشكي الى الله والله يسمع تحاوركما ان الله سميع بصير. الذين يظاهرون منكم من نسائهم ما هن امهاتهم ان امهاتهم الا اللائي ولدنهم انهم ليقولون منكرا من القول وزورا وإن الله عفو غفور). وشەی (ظـیـهـار) لـە شەرعدا ئـەوەیـە کـە پـیـاو ئـەندامـی لـەشی ژنـی خـۆی بـەئـەندامـی لـەشی دایکی خۆی وێك بچوێنی وەك بـەژنـەکـەی بڵێ «پشتت وەکـو پشتـی دایـکـمـە» مـەبـەسـتـیـش لـێـی حـەرام بـوون و تـەڵاقـە، وەك لـە تەفسیری بەیزاویدا دەڵێ «ئەم ئـایـەتـە دەربـارەی (خـەولـە) کـچـی (ثـوعـلـەبـە) هـاتـۆتـە خـوارێ، کـە مێردەکەی (ئـەوسی) کـوڕی (ئـەلـصـامـیـت) وازی لێی هێنابوو بـەو ظیهارە ژنەکەشی (خـەولـە) چووبووە لای پێغەمبەر (د.خ) داوای ڕێگایێکی لێ کردبوو و پێغەمبەریش (د.خ) پێی گوتبوو «تـازە لێی حـەرام بـووی» ژنـەکـە گـوتـبـوی خـۆ تـەڵاقـی نـەداوم، پـێـغـەمـبـەر (د.خ) فـەرمووی «لێی حەرام بووی» ئەوجا ژنەکە زۆر خەمبار بوو لەبەرئەوەی منداڵی ورد و بچووکی هەبوون و نەیزانی چ بکا و هیچی بۆ نەمایەوە جگە لەوەی کە ڕوو لە خوا بکا و کـاری خـۆی پـێ بسپێرێ، ئینجا ئـەم ئـایـەتـە هـاتـە نووسین دەربـارەی تـەڵاقـدان، لەپاشان لـە شوێنی خـۆی بـەدرێژی بـاسی لێوە دەکەین و دەیانخەینە بەرچاو. ئەوجار ژن وانییە هەر لە مارە بڕین و تـەڵاقـدان وا تـەمـاشا بکرێن بـەڵکو لـە هـەڵسووڕاندنی کـاروبـار و خوێن و بەشە میراتیش نزمتر لـە پیاو تەماشا دەکرێن وەك لە قورئاندا هـاتووە ئایەتی ١١ سوورەتی ئەلنیسائدا (یوصیکم الله في اولادكم للذكر مثل حظ الانثيين) واتە «دەربارەی دابەشکردنی میرات لە نێوان منداڵتان خوا فـەرمـانی ئـەوەیـە کـە نێر دوو ئـەوەنـدەی مێ دەبـا» یـانی دوو بـەش بـۆ کوڕ و بەشێك بۆ کچ ئایەتی ١٧٦ لە سوورەتی ئەلنیسائدا دەڵێ (وان كانوا اخوة رجالا ونساء فللذكر مثل حظ الانثيين يبين الله لكم أن تضلوا والله

بكل شيء عليم) واتە «لە دابەشكردنی میراتدا میراتگر ئەگەر خوشك و برا بوون ئەوا بۆ نێر بەئەندازەی بەشی دوو مێیانە، ئاوا خوا بۆتان دیاری دەكا تا بەهەڵە نەچن».

ئایەتی ٢٤ی هەمان سوورەت دەڵێ ( الرجل قوامون على النساء بما فضل الله بعضهم على بعض وبما أنفقوا من أموالهم..) واتە پیاو سەركار و سەرداری ژنانن لەبەرئەوەی خوا هەندێكی گەورەتر كردووە لە هەندێكی تر لەبەرئەوەیش كە پیاو مارەیی دەدەن» ئەم ئایەتە ڕوون و ئاشكرایە لەوەی كە پیاوی كردووەتە سەردار و كاربەدەست. ئایەتی ٢٢٨ لە سوورەتی ئەلبەقەرەدا دەڵێ (ولهن مثل الذی علیهن بالمعروف وللرجل علیهن درجه) واتە مافی ژنان بەو ئەندازەیە كە لەسەریانە و پیاویش پلەیێكی لە سەرووی ئەوانەوەیە. پێغەمبەریش (د.خ) دەڵێ (الدنیا متاع وخیر متاع الدنیا المرأة الصالحة) واتە جیهان خۆی كوتاڵە و چاكترین كوتاڵیش ژنی چاكە...

جا ئەمە مافی ژن، نازانم ئەوجۆرە نووسەرانە پشتیان بەكام بنەڕەت لە بنەڕەتەكانی ئیسلام بەستووە كە بەناوی ئاینی ئیسلام ئەوەی ڕژێمەكانی هاوچەرخ و ئەم سەردەمە دەربارەی ژنانیان نووسیوە و دایانناوە بڵاوی دەكەنەوە و بەمل دینی ئیسلامی دادەبڕن، كە ئاینی ئیسلام زۆر لێیانەوە دوورە و بەهیچ جۆر یەكێك خۆی بەموسوڵمان بزانێ ئەو جۆرە حوكمانە بەسەر ئیسلام دانابڕێ، چونكە حوكمی ئیسلام ناگۆڕێ و هەر كەسی بیگۆڕێ ئەگەر لە نەزانی بێ دەبێ پاش زانین پاشگەز بێتەوە و داوای لێبوردن لە خوا و ئیسلام بكا، ئەگەر بزانێ و بەئانقەست ئەو حوكمانە بگۆڕێ ئەوا دەكەوێتە بەر حوكمی ئەو ئایەتەی كە دەڵێ (ومن لم یحكم بما انزل الله فأولئك هم الظالمون) واتە ئەوەی حوكم بەدەستووری ناردراوی خوا نەكا ئەوا زۆردار و ستەمكارە. چونكە

ئاین گۆڕانی بۆ نییە، تەنیا بەهاتنی ئاینێکی تری تازە نەبێ، وەك گۆڕانی دینی (جوو) بەدینی (مەسیحی) و گۆڕانی دینی مەسیحی بەئاینی ئیسلام، ئاینی ئیسلامیش نەگۆڕە و تا دونیا دونیایە هەر ئەم ئاینە دەبێ و هیچ پێغەمبەری تر نایەن، چونکە ئایەتی قورئان دەڵێ «پێغەمبەری ئیسلام دوا پێغەمبەرە» کە لە سوورەتی ئەلئەحزابدا دەڵێ «ما كان محمد ابا احد من رجالكم ولكن رسول الله وخاتم النبيين وكان الله بكل شئ عليما». جا هەر کەسێك لە بارەی کۆمەڵایەتی و ژن و پیاو و مافیان و پێوەندیی خەڵك لەگەڵ یەکتری (ڕا)ی خۆی دەرببڕێ، یا هەر ڕژیمێك پەسند دەکا، لام وایە تا ئێستا کەس ڕێگەی لێ نەگرتووە و ڕێگەی لێ ناگیری، بەڵام نابێ بەناوی پاکی ئیسلام بەخەڵکی بسەلمێنێ کە ئەو بیر و (ڕا)یانە هی ئیسلامە و بەمل ئیسلامی داببڕێ.

خولاسە تەڵاق بەدەست پیاوە و ژن ئاگای لە تەڵاقدانەکەی هەبێ یا نەبێ، تەڵاق دەدرێ و ناتوانێ تەڵاقەکە ڕاگرێ، تەنیا مافێکی ژن هەیبێ لێرەدا مارەییە و مافی ئەوەشی هەیە کە ستەمی لێ نەکرێ، وەك تەڵاقی ڕەجعی بدرێ و پێش ئەوەی ماوەکەی تەواو بێ، پیاوەکە بگەڕێتەوە و جارێکی تر تەڵاقی بداتەوە بۆ ئەوەی ماوەی چاوەڕوانیی ژنە درێژ بکاتەوە و ئازاری ژنەکە بدا، واتا لە نێوان چالان و مالانی بیهێڵێتەوە، کە نەتوانێ مێردێکی تر بکاتەوە و نە لە لای مێردیشی بێ، ژن مافێکی تریشی هەیە، ئەویش (ناندانیی)ی پێ دەڵێن ئەگەر ژنە منداڵی هەبوو و منداڵەکەش لای ژنە مایەوە، هەر چەندە ئەو مافە هی منداڵەکەیە بەڵام ژنەش کەڵکی لێ وەردەگرێ.

ژن کە لە تەڵاقدان وەك پیاو نییە و کارەکە بەدەست پیاوە، لە میرات گرتنیش نیو ئەوەندەی پیاو وەردەگرێ، باوك کە سەرداری ماڵە و دەسەڵاتدارە، دەتوانێ کچی خۆی چ گچکە و سەرلانکە و چ گەورە بێ پرس بەهەر کەسێ حەز بکا بدا و مارەی ببڕێ، ژن ئەگەر لە کارێکدا لە فەرمانی

مێردی بچێتەدەر واتە بەگوێی مێردی نەکا مێرد بۆی هەیە بۆ یەکەم جار ئامۆژگاریی بکا و لەگەڵی نەنوێ لە پاشان لێشی بدا، نافەرمانییەکانی ژن بەرانبەر بەمێردی وەکو چوونەدەر لە ماڵ بەبێ پرس و بەقسەنەکردنی مێرد، یا مێرد داوای کارێك لە ژنەکەی بکا و ژنە ئەنجامی نەدا بەبێ بەهانەیەکی بەجێ، مێرد لەو کاتانەدا هەقی هەیە بۆ یەکەم جار ئامۆژگاریی بکا، پاشان لەگەڵی نەنوێ، ئەنجا لێی بدا. پیاو ئەگەر سوێند بەتەڵاق بخوات و هیچ ناخۆشییەکیش لە نێوان خۆی و ژنەکەیدا نەبێ با منداڵیشیان هەبێ و منداڵەکانیش ورد بن تەڵاقەکە دەکەوێ، ئەگەر مێرد سوێندەکە لە خۆی نەخا. هەروەها دەبێ ژنی موسوڵمانی ئازاد لە دەرەوەی ماڵ بەچارۆگە خۆی داپۆشێ و جوانیی لەشولاری خشڵ و ملوانکە و گوارەی وەدەر نەخا و کارێکی وەها نەکا کە لە خەڵك بگەینێ کە جوانە یا خشڵ و ملوانکە و لاسەرە و پاوانەی لەبەرە، وەك بەتوندی بڕوا و پێی لە زەوی بدا تا پاوانەکان دەنگیان لێوە بێ یا لەگەڵ ڕۆیشتندا سەری بەرز و نزم بکا، تا قویتاسەکانی زەنگ لێ بدا. لە لایێکی تر ژن لە ناو ماڵی خۆیشیدا ئەگەر کەسێکی وای لێ بێ کە مەحرەم نییە، بەواتا ئەگەر ژنە مێردی نەبێ بەو کەسە بشێ بیخوازێ و مێردی پێ بکا، دەبێ هەمان ڕەفتار کە لە دەرەوە دەیکا، لە ماڵەوەش بیکا، یانی خۆی داپۆشێ و شوێنی نیشەبزێوی وەدەرنەخا. ئەم حوکمانەش بەپێی ئایەتی قورئان و گوفتار و ڕەفتار و کرداری پێغەمبەر (د.خ) و بیروڕای ئیمامی شافیعییە (خ.ل) کە مەزهەبی زۆربەی میللەتی کوردە و لە پاشان باسیان دەکەین.

جا ئەو کەسەی بڕوا و ئیمانی بەئاینی ئیسلام هەیە وەك ئاینێك کە لە خواوە و لەسەر زمانی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا (د.خ) هاتۆتە خوارێ بۆ چاکەی مرۆڤ، ئەوا پێویستە بەبێ هیچ پەنا و پێچ و تەفسیر و تەئویل و بەبێ گۆڕین بەپێی چەرخ و کات و سات، ئەم بڕوایانە و بەرنامەی ئیسلامە جێبەجێ بکا و ڕەفتاری پێ بکا و لێی لانەدا و هەوڵی گونجاندنی

لەگەڵ بیرێکی تری جیاوازدا نەدا، یا لەگەڵ سەردەم و زەماندا، چونکە ئەو خوایەی ئەم ئاینەی ناردووە بەپێی بیری ئیسلام زەمانی بۆ نییە، واتە شتێك لە زانستی خوا بەدەر نییە پێش ئەوەی ڕووبدا و تا دەبڕێتەوەش، ئـەمـەش وا دەگـەیـەنـی گـۆڕانـی کـۆمـەڵ و پـیشەسازی و پـێشکـەوتـن و دواکەوتن و هەر گۆڕانێکی تر لە باری کۆمەڵ و پیشەسازی و ئابووری و ڕامیاری فیکری لە خوا بزر و ون نییە و پێیان دەزانێ و ئەو دروستی دەکا و کات و ساتی بەدەرکەوتنیان بۆ دیاری دکا، ناردنی ئەو پێغەمبەرانەش لەبەر ئەو گۆڕانانە نەبووە وەك هەندێ کەسی خوانەناس وا تێ گەیشتووە بەڵکو لەبەر نەتەوەکان بووە و خوا هەر پێغەمبەرەی بۆ کۆمەڵێکی خەڵکی ناردووە لە سەردەمێکا لەبەر هۆیێك کە تەنیا خوا بەخۆی دەزانێ و ئێمە تێی ناگەین و هەر تەفسیرێکیش بکرێ دوورە لە ڕاستی بەتایبەت ئەگەر یەکێك بڵێ لەبەر گۆڕانی کۆمەڵ بووە ئەمەیان وەك ئیسلام دەڵێ کوفرە و لە ئاین بەدەرە.

چونکە ئایەتی قورئان لە سوورەتی ئەلمائیدەدا دەڵێ: (وأنزلنا اليك الكتاب بالحق مصدقا لما بين يديه من الكتاب ومهينا عليه فأحكم بينهم بما انزل الله ولا تتبع اهوائهم عما جاءك من الحق. لكل جعلنا منكم شرعة ومنهاجا ولو شاء الله لجعلكم أمة واحدة ولكن ليبلوكم في ما أتيكم فاستبقوا الخيرات الى الله مرجعكم فينبئكم بماكنتم فيه تختلفون).

ئایەتەکانی پێش ئەم ئایەتە باسی ناردنی تەورات و هەندێ حوکمی خوا لە تەوراتدا دەکا و ئەنجا باسی ئەوە دەکا کە مەسیحی ناردووە و ئینجیلی بۆ ناردۆتە خوارێ ئەنجا باسی ناردنی قورئان دەکا و دەڵێ «ئێمە بەڕاستی قورئانمان بۆ ناردی کە ئەو پەیمانانەی لەبەردەستدایە بەڕاست دەزانێ و لەسەری زاڵە، جا نێوانیان بکە بەوەی خوا بۆتی ناردووە و دوای هەوەس و ئارەزووی ئەوان مەکەوە، بۆ هەر یەك لە ئێوە ڕێگەیێك و بەرنامەیێکمان داناوە، ئەگەر خوا حەزی بکردایە ئێوەی هەموو بەیەك

نەتەوە و کۆمەڵ و یەك ئاین دادەنا و ڕێکی دەخستن، بەڵام بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتانئەزموێ، ئاوا بۆ هەر یەکە بەرنامەیێکی تایبەتی دانا، دەستپێشخەری لە چاکەکردن بکەن، هەمووتان هەر بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە و ئەو کاتە پێتان دەڵێ کە ناکۆکییەکەی نێوانتان چی بوو».
بەپێی ئەم ئایەتە وەك ڕوونمان کردەوە ناردنی زۆر پێغەمبەر لەبەر گۆڕانی زەمان و کۆمەڵ نەبووە و لە خوا هەموو شتێ ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام بۆ ئەوەیە کام کۆمەڵ و نەتەوە چاکتر بەرنامەکانی خوا جێبەجێ دەکەن، تا بەو پێیە پاداش و چاکەیان بداتەوە، خۆ بێ ئەزموونیش دەزانێ و دەیزانی کام کۆمەڵ و میللەت باشترە، بەڵام ئەمە کارێکە هەر خوا بەخۆی سەری لێ دەردەچی و مرۆڤ تا ئێستا نازانێ بۆ وایە، ئەگەر وەك هەندێ کەس دەڵێن لەبەر گۆڕانی زەمان و کۆمەڵ بووایە چاوەڕوان دەکرا کە خوا دەرگای ناردنی پەیام و پێغەمبەری تری پێوە نەدابا، چونکە لە نێوان هاتنی موسا و عیسا پێغەمبەر ٥٥٠–٦٠٠ ساڵ و نێوان عیسا و موحەممەد (د.خ) ٥٠٠– ٦٠٠ ساڵ بووە، کەچی پاش موحەممەد (د.خ) خوا دەرگای ناردنی پەیام و پەیامبەری تری داخست بەوەی کە لە قورئاندا دەڵێ: "دوا پێغەمبەرە" ئایەتی ٤٠ لە سوورەتی ئەلئەحزاب.

جا وەك گوتمان هەموو گۆڕانێکی بیر و عادەت لە پێشەوە لای ئاشکرایە بۆیە هەر یاسا و فەرمانێك کە بەزمانی پێغەمبەرێکەوە نێردرابێ تازە ئەو فەرمانە ناگۆڕی و گۆڕانی تێدا ناکرێ تا خوای مەزن بۆ خۆی نەیگۆڕێ بەناردنی پەیامێکی تازە و پێغەمبەرێکی تازە. جا بەگوێرەی ئاینی ئیسلام پەیام و پێغەمبەر دواییی هاتووە و تەواو بووە، ئیدی گۆڕانی نییە و چۆن هاتووە هەروا دەمێنێ، هەرچەندە سەردەم و چەرخ و گۆڕانی کۆمەڵ بۆیان بلوێ یا نەلوێ و لەگەڵ بارودۆخی ئەم زەمانەدا بگونجێ یا نەگونجێ. ئەگەر بگەڕێینەوە ڕۆژانی یەکەمی ئیسلام، دەبینین کات و سەردەم و کۆمەڵ ئەو کاتەش نەگونجاو بووە لەگەڵ ڕێڕەوی ئیسلام،

ئـیسلامـیش بـۆیـه هـاتـووه ئـەوه بگۆڕێ بـەپێی ئـەو حوکم و دەستـوور و فەرمـانـانەی لە خواوه لـەسەر زاری موحەممەد (د.خ) هـاتوون، لـەبەرئـەمە پـێشکـەوتـن و پـاشکـەوتـن لـە ئـیسلامـدا نـیـیـه و نـابـێ هـەوڵـی گۆڕان و گونجاندن بدرێ، و هەر کەس لە ڕووی نەزانییەوه بیەوێ ئەمە گوناحبارە و دەبێ تەوبە بکا پاش پێزانینی، خۆ ئەگەر بشزانێ و بەئانقەست وا بکا ئەمە دژ بەئاینی ئیسلامە و وەك كافر تەماشا دەکرێ، جا ئەگەر هەندێ بەناو مەلا بەپێچەوانەی فەرمانی خوا دەجولێنەوه و لە بۆ ماڵی دونیا و پایە و جێگە و ژیان دۆستایەتی لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەن کە ڕێڕەوی شەیتانیان لا پەسندە و ناوی خۆشیان ناوه مەلا و جێگیری پێغەمبەر (د.خ) و نوێکەرەوەی دین و مەلای عەسری و زەمانە و بەزمان دەڵێن «باوکم دین وا وشك نییە وەکو ئەو خەڵکە دەڵێن» ئەوانە لە دین بەدوورن و مـافـیـان بـەسەر دیـنـەوه نـیـیـە و دەیـانـەوێ بـەنـاوی عـەسری و موتـەحـەڕیر–ەوه ڕێگە خۆش بکەن بۆ ئەوەی حوکمـی ئـاین نـەمێنێ و ڕژێمێکی عیلمانی بێننە کایەوه، دەنا نە عەسری و نە موتەحەڕیر هەیە لە ئاینی ئیسلامدا، مەگەر موتەحەڕیر لێك بدەینەوه كە خۆی لە ئاینی ئیسلام ئازاد کردووه و خۆی پێ نەبەستاوەتەوه ئەمەش وەك قورئان دەڵێ: (یا أیـهـا الـرسول لایحزنك الذین یسارعون فـي الکفر من الذین قـالـوا أمـنـا بافواههم ولم تؤمن قلوبهم ومن الذین هـادوا سماعون لقوم أخرین لم یأتوك یحرفون الکلم عن مواضعه یقولون ان أوتیتم هذا فخذوة وان لم تؤتوه فاحذروا من یرد الله فتنته فلن تملك له من الله شیئا اولئك الذین لم یرد الله أن یطهر قلوبهم لهم في الدنیا خزي ولهم فی الاخرة عذاب عظیم) ئایەتی ٤١ سوورەتی ئەلمائیدە هەروەها ئایەتی ٤٤ سوورەتی ئەلمائیدە کە لە پێشەوه نوسیومانە، ئایەتەکان وا دەگەیێنن کە خوا بۆ هەر نەتەوه و گەلە لەسەر زمانی پێغەمبەرانی خۆیان لە تەورات و ئینجیل چ حـوکمـێکـی بـۆ نـاردوون پـێویستـە جێبەجێی بکـەن و لـەسەری بڕۆن و

ڕەفتاری پێ بکەن، هەر کەس پەیڕەوی ئەو فەرمانانە نەکات ئەوا فاسیقە و بێ دین و ئیمان و کافرە. هەروەها خوا ڕوو لە پێغەمبەری ئیسلامان موحەممەد (د.خ) دەکا و دەڵێ: ″قورئانیشمان بۆ نارده خوارێ و پەیڕەوی حوکمەکانی بکە و دوای دڵخواز و ئارەزووی ئەوان مەکەوە، هەر یەکە لە ئێوە ڕێگە و بەرنامەیێکم بۆ داناوە، ئەگەر خوا بیویستایە هەمووتانی دەکردە یەك میللەت و کۆمەڵ و یەك دین و یەك بەرنامە یەڵام بۆ ئەوەی بتانئەزموێ ئاوای کردووە. بەو فەرمانانەی خوا بۆی ناردووی لە نێوانیاندا حوکم بکە و دوای ئارەزوو و قسەی ئەوان مەکەوە و ئاگادار بە و خۆت بپارێزە هەڵەت پێ نەکەن و لەڕێت لانەدەن و لادەی لە هەندێ فەرمانی خوا. ئەگەر پشتیان تێ کردی، لات گران نەبێ و بزانە ئەوا خوا دەیەوێ بەهەندێ لە گوناحەکانیان ئازاریان بدا، زۆر کەس هەیە فاسیقە. ئایا ئەوانە حوکم و ڕژێمی تاریکی و نەزانی و کۆنەپەرستیان دەوێ! کێ لە خوا باشتر حوکم دەگێڕێ″. ئەمە ڕاست و ڕەوان حوکمی ئیسلامە بۆ هەر کەسێك بڕوای بەئاینی ئیسلام هەبێ و ئەو کەسەش کە بڕوای پێ نییە و لای وایە یاسایێکی کۆنە و ڕۆژانی بەسەر چووە با بەناوی ئیسلام و تەحەڕور و سەردەم ڕژێمەکانی دیکەی جیهان بەسەر خەڵکی موسوڵماندا نەسەپێنێ و نەیکا بەمل ئیسلاما. جا بۆ خۆی چ دەستورێکی پێ خۆشە و لەگەڵ بیروڕای دەگونجێ با هەڵی بژێرێ و ئێستا کەس ڕێگەی لێ نەگرتووە و ناگرێ. جا کە ئاینی ئیسلام ئاوا بەئاشکرا و بێ پێچ و پەنا مافی ژن و پیاوی دیاری کردووە بۆچی دەبێ خەڵکی وا هەبێ و خۆی بەموسوڵمان بزانێ و بڵێ: «ئاینی ئیسلام دوو ژن هێنان و مارە و تەڵاقی پرس و نا یەکسانیی ژن و پیاو پووچەڵ دەکاتەوە». پووچەڵی دەکاتەوە یا دەی چەسپێنێ؟

ئاینی ئیسلام نە دوو ژنی چەسپاندووە، بەڵکو هەر موسوڵمانێك بتوانێ مارەیی بدا و نانیان بدا بۆی هەیە لە یەك ژنی ئازاد تا چوار ژنی ئازاد

پێکەوە ڕابگرێ جگە لە کەنیزەك و جارییە بەوانیش دەتوانێ بەسەدانیشی هەبێ بگرە بەهەزاران، ڕێگەی هەیە و هیچ کۆسپێك لەسەر ڕێگەی نییە بەمەرجێ بتوانێ نانیان بدا، ژنی ئازادیش تا چوار ژن لە یەك کاتدا و دەشتووانێ بیانگۆڕێ واتە یەك دوو سێ یا هەر چواریان تەڵاق بدا، یەك دوو سێ یا چواری تر مارە بکا بەمەرجێ کە جۆرە عەدالەتێك لە نێوانیاندا جێبەجی بکا، وەها نەبێ هەندێك وەك تەڵاقدراو هەر نەچێتە لایان و تەڵاقیش نەدرابێ، وەك ئایەت ڕوونی کردۆتەوە. جا بەمجۆرە گۆڕینی ژنی ئازاد تا پیاو دەتوانێ و توواناى هەیە لە پارە و پووڵ و ناندان مافی هەیە بگۆڕێ بەبێ سنووردانان بۆی. ئەم (ڕا)یانەی ئیسلام کە باسمان کردووە هەمووی بەپێی ئایەت و حەدیس و (ڕا)ی ئیمامی شافیعی ئاشکرا دەکەین و ئەو خەڵکانەی شەرمیان لەم حوکمانە دێ و دەیانەوێ تەئویلی بۆ بکەن و شتی تر بەمل ئیسلامدا دابڕن و بەناوی مرۆڤایەتی و ئینسانییەت یا هەر ناوێکی تر، ئەوانە لە ئیسلام دوورن و بەدەریشن، ئەوانە خۆیان بڕوایان پتەو نییە بۆیە وا تەئویلی بێجێ دەدۆزنەوە کە قەت پێویست نییە. چونکە ئەمە حوکمی خوایە و ئاینی ئیسلامە و هەر کەسی موسوڵمانە و بڕوای بەئیسلام هەیە ئەمە حوکمەکەیە.

بێگومان ئەوانەی بڕوایان بەئاینی ئیسلام هەیە، بەم حوکمانە زۆر ڕازی و دڵخۆشن و شانازیشی پێوە دەکەن و سەر وماڵیشیان لە ڕێگەیدا بەخت دەکەن. ئەوەی بڕواشی پێی نییە، کەس زۆری لێ نەکردووە و دەتوانێ هەر بیروڕایێکی تری هەبێ، بیبێ بەڵام با سەر لە موسوڵمانان نەشێوێنێ.

خوێنەری بەڕێز وەك لە پێشەوە باسم کردووە سەرچاوەکانی من بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەم لە ماف و مافخوازی، یەکەم قورئانی پیرۆزە بەتەفسیری «ئەنوارولتەنزیل و ئەسرارولتەئویل» کە ناسراوە بەتەفسیری بەیزاوی نوسینی ناسرولدین ئەبێ سەعید عەبدوڵڵا کوڕی عومەر کوڕی

موحەممەدی شیرازی و بەیزاوی.

دووەم گوفتار و ئاکار و ڕەفتار و کردارەکانی پێغەمبەرە (د.خ) و هەروەها کردەوەکانی جێگرەکانی پێغەمبەر کە لە ڕیوایەتی سەحیحی موسلیم وەرگیراوە، سەحیحی موسلیمیش یەکە لە شەش کتێبە باوەڕ پێکراوەکانی حەدیس.

سێیەم، بیروڕای ئیمامی شافعییە (خ.ل) کە لەکتێبی (ئەلئوم) وەرگیراوە و نووسینی ئیمام ئەبو عەبدوڵڵا موحەممەد کوڕی ئیدریسی شافیعی لە سالانی ١٥٠– ٢٠٤ی کۆچیدا ژیاوە و ئەم بیروڕایەی نووسیوە. جا لەمەودوا دەقەکانیان لەگەڵ وەرگێڕانیان بۆ کوردی دەخەمە بەردەستتان و ئومێد دەکەم لێی تێ بگەن و هەر کەموکوڕییەکیش هەبێ لێم ببوورن و جێگەی سوپاسمە ئەگەر بیخەنە ڕوو یا بۆم ڕاست بکەنەوە.

## یەکەم قورئانی پیرۆز و تەفسیری لە بارەی تەڵاق

سوورەتی ئەلبەقەرە ئایەتی ٢٢٣ دەڵێ (نسائکم حرث لکم فأتوا حرثکم أنی شئتم) واتە ژنەکانتان کێڵگەنە بۆتان، بچنە سەر کێڵگەی خۆتان چۆنی حەز دەکەن. دەڵێن ئەم ئایەتە لەبەر قسەی جووەکان هاتە نووسین کە دەیانگوت «هەر کەسێ لە پشتەوەڕا بچێتە لای ژنی خۆی منداڵەکەی خێل دەبێت، ئەم قسەیەش گەیشتەوە پێغەمبەر (د.خ) و ئەم ئایەتە هاتە خوارێ، هەرچەندە لە تەفسیرکردنی «چۆنی حەز دەکەن» زۆر (ڕا) و قسە گوتراوە بەڵام دیارە مەبەست چۆنیەتیی چوونە دەنا چوونی عادەتی و تەبیعی مەبەستە چونکە ڕوانینی ژن وەك کێڵگە لە بەرهەمە، بەرهەمیش لە شوێن و زەمینەی خۆی دەبێ.

ئێمە مەبەستمان لە هێنانەوەی ئەم ئایەتە، ئەمەیە کە قورئان هەر باسی ئارەزووی پیاوی کردووە، باسی ئارەزووی ژنی نەکردووە کە چۆنە یا چییە، ئەوجار ژنیشی بەکێڵگەی موڵکی پیاو داناوە و چۆنی دەستکاری دەکا بەئارەزووی خۆیەتی و چ مافێك لەم ئارەزووەوە بۆ ژن نییە.

ئایەتی ٢٢٦و٢٢٧ و ٢٢٨ لە سوورەتی ئەلبەقەرەدا دەڵێ: (للذین یولون من نسائهم تربص اربعة اشهر فان فائوا فأن الله غفور رحیم وان عزموا الطلاق فأن الله سمیع علیم. والمطلقات یتربصن بانفسهن ثلاثة قروء ولایحل لهن أن یکتمن ما خلق الله في ارحامهن أن کن یؤمن بالله والیوم الاخر وبعولتهن احق بردهن في ذلك أن ارادوا اصلاحا ولهن مثل الذي علیهن بالمعروف وللرجال علیهن درجة والله عزیز حکیم). واتە ئەو کەسانەی سوێند لە ژنەکانیان دەخۆن کە لەگەڵیاندا نانوون، پێویستە چوار مانگ چاوەڕوانی

بکەن نەچنە لایان، ئەگەر پەشیمان بوونەوە و سوێندەکەیان نەگەیاندە جێ و لە خۆیان خست، ئەوا خوا بەبەزەیی و بەخشندەیە. ئەگەر هەر سوور بوون لەسەر سوێندەکەیان و نیازی تەڵاقدانیان هەبوو، ئەوا خوا بیستەر و ئاگادارە بەوەی پێویستە بکرێ. ئەو ژنانەی مێرەدەکانیان پاش دەگەڵ نوستنیان تەڵاقیان دەدەن، پێویستە سێ (پاکی) عوزرشۆری، حەیز چاوەڕوانی بکەن و نابێ ئەوەی خوا لە منداڵدانیاندا دروستی کردووە بیشارنەوە، بۆ ئەوەی زوو بەرەڵڵا بن و بتوانن مێرد بکەنەوە، ئەگەر بڕوایان بەخوا و ڕۆژی دوایی هەیە، مێردەکانیان لە پێشترن لە خەڵکی تر ئەگەر ویستیان بیانگەڕێننەوە بۆ لای خۆیان، لە کاتی چاوەڕوانییە (عیدە)کەیان مافیان بەو ئەندازەیە کە لەسەریانە بەچاکە، پیاوان پلەیێکیان پترە لە وان– چونکە مافی ژنان بریتییە لە مارەیی و ڕێدان بەمێردکردنەوە و درێژنەکردنەوەی چاوەڕوانی (عیدە) بەڵام مافی پیاوان لە خودی ژنان و لەشیانە– ئەم ئایەتە ئاشکرایە لەوەی کە تەڵاقدان و هێنانەوەی ژن بەدەست پیاوە، مێرد هەر کاتێ بیەوێ ژنی خۆی تەڵاق بدا دەتوانێ و هەر مێردیشە ئەگەر سوێندەکەی لە خۆی بخا و پەشیمان بێتەوە، ژنەکەی دەگرێتەوە ژێر باڵی خۆی، ژنە لێرەدا هیچ (ڕا)یەکی نییە نە بۆ تەڵاقدان و نە بۆ گەڕاندنەوەکەی، چونکە پێش تەواوبوونی چوار مانگەی چاوەڕوانی پیاوی سوێندخۆر ئەگەر سوێندەکەی لەخۆ خست و پەشیمان بۆوە، ئەوا ژنەکەی دەگەڕێتەوە ژێر سێبەری مێرد، ژنە پێی خۆش بێ یا پێی ناخۆش بێ، هەروەهاش ئەگەر چوار مانگە تەواو بوو مێرد پەشیمان نەبۆوە و هەر سوور بوو لەسەر تەڵاقدان ئەوا تەڵاقەکە دەکەوێ و پێوەندییەکەی نێوان ژن و مێرد دەپچرێ، ژنە بیەوێ یا نەیەوێ، منداڵی وردی هەبێ یا نەیبێ، بەڵام ئەگەر منداڵی وردی هەبوو و لای ژنە مانەوە ئەو کاتە ژنە هەقی نان پێدانی هەیە.

دیسان ئایەت بەئاشکرا دەڵێ پیاو پلەیێکی پترە لە ژن و لە سەرووی ژنەوەیە. ئایەتی ٢٢٩–٢٣٠ لە سوورەتی ئەلبەقەرەدا دەڵێ: (الطلاق

مـرتـان فـأمساك بمعـروف أو تسريـح بـأحسان ولايـحـل أن تـأخـذوا مما اتيتموهن شيئا فأن طلقها فلا تحل له من بعد حتى تنكح زوجا غيره فان طلقها فلا جناح عليهما ان يتراجعا ان ظنا أن يقيما حدود الله تلك حدود الله يبينها لقوم يعلمون) واته «طلاق دوو جاره، مەبەست تەڵاقی ڕیجعییە، یا ئەوەتە ژنە بگەڕێنێتەوە بەخۆشی و ڕێکوپێکی یا ئەوەتە یەیەکجارەکی دەستی لێ هەڵگرێ و وازی لێ بهێنێ بەچاکی و جوانی. نابێ لەوەی پێتان داون هیچیان لێ وەرگرنەوە، ئەگەر مێرد بەیەکجارەکی دەستی لە ژنەکەی بەردا، ئەوا بۆی نییە جارێکی تر ئەو ژنە مارە بکاتەوە تا ژنە مێردێکی تر نەکاتەوە، جا ئەگەر مێردی دووەم ژنەکەی تەڵاق دا بەیەکجارەکی ئەو کاتە گوناح نییە ئەگەر مێردی یەکەم و ژنە بچنەوە لای یەکتری، بەمارەییێکی تازە، ئەگەر پێتان وابوو ئەمجارە دەستوورەکانی خوا dایناوە بۆ ژن و مێردایەتی دەتوانن پارێزگاریی لێ بکەن، ئەمەیە فەرمان و ڕێبازی خوا بۆ میللەتێکی هۆشیار و زانا.

بەپێی ئەم ئایەتەیە کە هەندێ لە پیاوە ئاینییەکان، ئەو ماوەیە کورت دەکەنەوە بەوەی «ژنی سێ بەسێ تەڵاقدراو مارەدەکەن یەکێك کە دەسەڵاتیان بەسەریدا دەڕوا و پاش چوونی بۆ لای ژنە و لەگەڵ نوستنی، پێی تەڵاق دەدەن و سەرلەنوێ لە مێردی یەکەمی مارە دەکەنەوە، بەم کەینوبەینە لە کوردەواریدا دەڵێن: (مارە بەجاش).

لێرەشدا هەر پیاوە کە کاربەدەستە، لەوەی ژن بگەڕێنێتەوە لای خۆی یان یەکجاری تەڵاقی بدا و دەستی لێ بکاتەوە و بەرەڵڵای بکا، مێردی دووەمیش هەر وایە، مافی ژن لێرەدا هەر مارەیی و درێژ نەکردنەوەی سێ مانگەی چاوەنواڕییەکەیە لە کاتی تەڵاقدانی و ناندانییەتی ئەگەر منداڵی هەبوو و لای ژنە مانەوە، جا ئەم کارە ژنە پێی خۆش بێ یا پێی ناخۆش بێ ئارەزووی بکا یا نەیکا دەسەڵاتی نییە و دەسەڵات هەر هی مێردە. ئایەتی ٢٣١–٢٣٢ لە سوورەتی ئەلبەقەرەدا دەڵێ (وإذا طلقتم النساء

فبلغن أجهلن فأمسكوهن بمعروف أو سرحوهن بمعروف ولا تمسكوهن فامسكوهن ضرارا وإذا طلقتم النساء فبلغن أجهلن فلا تعضلوهن أن ينكحن أزواجهن) واته «ئەگەر ژنانتان تەڵاق دان، بەتەڵاقی ڕەجعی و ماوەی چاوەڕوانییان تەواو کرد بەخۆشی و چاکی بیانگێڕنەوە یان بەخۆشی و چاکی بەرەڵلایان بکەن. مەیانگێڕنەوە بۆ ئەوەی ئازاریان بدەن» و ماوەی چاوەڕوانییان درێژ بکەنەوە، بەشێوەیێك کە تەڵاقی ڕەجعییان دەدەن و ماوەی چاوەنواڕی تەواو دەبێ دەیانگێڕنەوە و دووبارە تەڵاقیان دەدەنەوە و بەمجۆرە ژنە نەدەتوانێ مێردی تر بکا و نە مێردەکەشی وەکو مێرد ڕەفتاری دەگەڵدا دەکا و بەمشێوەیە ئازار و زیان بەژن دەگات، خۆ ئەگەر مێرد ئەمەش بکات هەر ئەوەیە کە مێرد گوناحکار دەبێ لە لایەن خواوە و ڕۆژی دوایی حیسابی دەگەڵدا دەکرێ دەنا ژنە هیچ ڕێگەیێکی بەدەستەوە نییە بۆ خۆ تەڵاقدان و لابردنی ئەم ستەمە یا ڕێگەگرتن لە مێرد تا بەمشێوەیە ڕەفتاری دەگەڵدا نەکا. ئایەتی دووەم دەڵێ «ئەگەر ژنانتان نەگێڕانەوە ژێر سێبەری خۆتان و تەڵاقتان دان و چاوەنواڕییان تەواو بوو ڕێگەیان لێ مەگرن لەوەی بگەڕێنەوە لای مێردیان جارێکی تر، یان ڕێگەیان لێ مەگرن بۆ خۆیان مێرد بکەنەوە». ئەم ئایەتە لای ئیمامی شافیعی (خ.ل) بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ژن بەبێ سەردار (وەلی) مارە ناکرێ هەر وەکو ئایەتی (الرجال قوامون على النساء) و ئایەتی (فانكحوهن بأذن أهلهن) بەڵگەن بۆ ئەم مەبەستە.

ئایەتی ٢٣٦ لە سوورەتی ئەلبەقەرەدا دەڵێ: (لاجناح عليكم ان طلقتم النساء ما لم تمسوهن أو تفرضوا لهن فريضة و متعوهن على الموسع قدره و على المقتر قدره متاعا بالمعروف حقا على المحسنين) واتە مارەییتان ناکەوێتە سەر ئەگەر ژنانتان تەڵاقدان پێش ئەوەی بچنە لایان و لەگەڵیاندا بنوون، یا مارەییکتان بۆ دیاری نەکرد بێ، لە کاتێکی وەهادا

بەپێی دەست ڕۆیشتن دەوڵەمەند بەئەندازەی خۆی و هەژاریش بەئەندازەی خۆی، جلوبەرگیان بۆ بکەن بەدڵخۆشی و چاکە، یا شتێکیان بدەنێ، ئەمەش پێویستە لەسەر پیاوچاك و خێرخوازان و خوا پەرستان. ئایەتی ٢٣٧ لە هەمان سوورەتدا دەڵێ: (وأن طلقتموهن من قبل أن تمسوهن و قد فرضتم لهن فريضة فنصف ما فرضتم الا أن يعفون أو يعفو الذي بيده عقدة النكاح). واتا «ئەگەر ژنانتان تەڵاقدان پێش ئەوەی چووبنە لایان و مارەیێکتان بۆ دیاری کردبن ئەوا نیوەی مارەییی دیاریکراویان دەکەوێ، مەگەر ژنان نەیانەوێ و لێتان خۆش بن یا ئەوەی مارەییی بەدەستە نەیەوێ و بیبەخشێ» لەم ئایەتە دوو قسە هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە مەبەست لەو کەسەی گرێی مارەییی بەدەستە باوکە، چونکە باوك دەتوانێ کچ بەبچووکی مارە بکا و ئەگەر ئەو کچە تەڵاقدراوە مارەیێکی دیاری بۆ دیاری کرابوو مافی نیوەی هەیە، بەڵام چونکە کچە منداڵە و خاوەن (ڕا) نییە باوك دەتوانێ لە نیوە مارەیێکەی کچی خۆش بێ و وەری نەگرێت، ئەمە قسەی کۆنی ئیمامی شافیعییە (خ.ل)، قسەی دووەم ئەوەیە کە گرێ بەدەست مێردە کە لە نیوەکەی خۆی خۆش بێ و هەموو مارەییی دیاریکراو بدرێ بەژنە. پاڵپشتی ئەم قسەیە فەرمودەی ئیمامی عەلییە (د.خ) کە دەڵێ «ئەوەی گرێی نیکاحی بەدەستە مێردە». زۆر کەسی تریش هەن گوتویانە «گرێ بەدەست مێردە» لەوانە ئیبنو سیرین و سەعیدی ئیبنو جوبەیر و ئیبنولموسەییەب، من خۆشم وا تێ دەگەم کە مەبەست ئەو کەسەیە کە ژنەی لێ مارە کراوە، چونکە مارەیێکە دوو پشکی تێدایە نیو پشکی هی ژنەیە و نیوەکەی تر هی مێردی ژنەکەیە کە ئەو (مێرد) ئەم مارەییەی دیاری کردووە، جا ژن هەر هەقی نیوەی هەیە، هەر یەك لەو دووانە ژن یا پیاو مافی ئەوەیان هەیە لە بەشەکەی خۆیان خۆش بن وازی لێ بێنن بۆ ئەوی تر، ئەوە دیارە باوك سەردار و کاربەدەستە و لە شوێنی تر ئەم مافە دراوەتە دەست باوك (وەلی ئەمر) بۆیە لێرەدا ئاشکرایە

مەبەست لە گرێ بەدەست مێردە و باسی ئەوەش نەکراوە کە ئایا مێرد دەتوانێ لە بەشەکەی خۆی خۆش بێت یا نە. لەم ئایەتە باشتر دەردەکەوێ کە هەر مێرد خاوەن دەسەلاتە لە تەلاقدان و ژنیش هەر مافی نیوەی مارەیی هەیە ئەگەر مێرد لەگەڵی ڕانەبوواردبێ ئەو کاتە ژن هەر مافی جلوبەرگی هەیە و هیچی تر. ئایەتی ٢٤١ لە سوورەتی ئەلبەقەرەدا دەڵێ: ( وللمطلقات متاع بالمعروف حقا على المتقين) واتە «بۆ تەلاقدراوان جلوبەرگ پێویستە لەسەر خواپەرستان» ئەو ژنانەی تەلاق دراون و هێشتا ماوەی چاوەڕوانییان تەواو نەبووە پێویستە جلوبەرگیان بۆ بکرێ ئایەتی ٤٩ لە سوورەتی ئەلئەحزابدا دەڵێ: (ياأيها الذين أمنوا اذا نكحتم المؤمنات ثم طلقتموهن من قبل ان تمسوهن فما لكم عليهن من عدة فمتعوهن و سرحوهن سراحا جميلا) واتە «ئەی ئەوانەی بڕواتان هەیە ئەگەر ژنانی بڕوادارتان مارەکردن و لە پاشا تەلاقتان دان پێش ئەوەی دەستیان بگەیننێ ئێوە مافی ئەوەتان نییە کە ماوەی چاوەنواڕییان بۆ دابنێن، جلوبەرگیان بۆ بکەن و بەڕێیان بکەن بەجوانی» لەم ئایەتەدا بۆ مارەکردن و تەلاقدان خوا ڕوو لە پیاو دەکا و هیچ قسەیێك بۆ ژن ناهێڵێتەوە، تەنیا مافی ژن لێرەدا ئەوەیە کە جلوبەرگی بۆ بکرێ و ڕێی لێ نەگیرێ مێردێکی دیکە بکا، دەنا ئەو مێردەی خۆشویستووە و ئارەزووی لێیەتی و منداڵی لێی نییە هیچ هەقی نییە و ناتوانی تەلاقەکە ڕاگرێ.

ئایەتی ١-٢ لە سوورەتی ئەلموجادەلەدا دەڵێ: (قد سمع الله قول التى تجادلك فى زوجها وتشتكي الى الله والله يسمع تحاوركما ان الله سميع بصير. الذين يظاهرون منكم من نسائهم ماهن أمهاتهم إن أمهاتهم إلا الائى ولدتهم انهم يوقولون منكراً من العقول و زورا وأن الله لعفو غفور و الذين يظاهرون من نسائهم ثم يعودون لما قالوا فتحرير رقبة من قبل أن يتماسا ذلك توعظون به والله بما تعملون خبير) لەپێشەوە ئەم ئایەتەمان تەفسیر و لێك داوەتە پێویست نییە جارێکی تر وەری بگێڕینەوە سەر

کوردی. بەڵام دیسان ئەمەش بەڵگەیێکی ترە کە تەنیا مێرد سەرداری تەڵاقدان و مارەکردن و گەڕاندنەوەی ژنە و ژن هیچ دەسەڵاتێکی نییە.

ئـایـەتی ١-٢ لـە سوورەتی ئـەلـتـەڵاق (یـاأیـهـا الـنبـي أذا طـلقتم النساء فطلقوهن لعدتهن وأحصوا العدة وأتقوا الله ربكم. لا تخرجوهن من بيوتهن ولا يخرجن الا أن يأتين بفاحشة مبينة و تللك حدود الله ومن يتعد حدود الله فقد ظلم نفسه. لاتدري لعل الله يحدث بعد ذلك أمرا فاذا بلغن اجلهن فـامسكـوهـن بمعـروف أو فـارقـوهـن بمعـروف وأشهـدوا ذوي عدل مـنكم وأقيموا الشهادة الله ذلكم يوعظ به من كان يؤمن بالله واليوم الأخر ومن يـتـق الـلـه يـجـعل لـه مـخرجـا) واتـە «ئـەی پـێـغـەمـبـەر ئـەگـەر ژنـانـتـان بەرەڵڵاکردن لە ماوەی چاوەڕوانیدا تەڵاقیان بدەن و با ماوەی چاوەنواڕی تەواو بکەن و لە خوا بترسن. لە ماڵی خۆیان وەدەریان مەنێن ئەوانیش با دەرنەچن لە ماوەی چاوەڕوانی، مەگەر کارێکی ناشیرینیان لێ ڕووبدا ئەمەش سنووری خوایە، هەر کەسێك سنووری خوا ببەزێنێ دیارە خۆی تاوانبارە، تۆ چوزانی؟ بەڵکو خوا پاش ئەمە شتێکی تر دێنێتە کایەوە. ئەگەر ماوەی چاوەڕوانییان تەواو کرد بیانگێڕنەوە بەخۆشی یان لێیان جیاببنەوە بەخۆشی، بۆ ئەمەش دوو پیاوی ڕاست بکەن بەشایەت و با ئەوانیش شایەتی بۆ خوا بدەن. ئایەتی ١٩ لە سوورەتی ئەلنیسا دەڵێ: (وأن أردتم استبدال زوج مكان زوج وأتيتم احديهن قنطارا فلا تأخذوا منه شيئا اتأخدونه بهتانا وأثما مبينا) واتە: ئەگەر ویستتان ژنێك بگۆڕن بەژنێکی تر ئەگەر بەباریش زێڕتان دابێتە ژنە تەڵاقدراو، نابێ هیچی لێ وەرگرنەوە ئایا بەدرۆ و گوناحێکی ئاشکرا لێیان وەردەگرنەوە. ئەمە هەندێ لەو ئایەتانەی کە باسی تەڵاقدان دەکەن و هەر ڕوو لە پیاو دەکا و ژن هیچ هەقێکی نییە قسە بکا یا ڕەخنە بگرێ تەنیا مارەیی و جلوبەرگ و نان پێدانی هەیە وەك لە پێشەوە ڕوون کراوەتەوە. ئێستاش ئەو گوفتار و ڕەفتارانەی پێغەمبەر (د.خ) دەگێڕینەوە.

## حەدیسەکانی دەربارەی تەڵاق

جوزئی دەیەم لاپەڕە ٦٠ لە سەحیحی موسلیم دەڵێ: (حدثنا يحيي بن يحيي التميمي قال قرأت على مالك ابن انس عن نافع أن أبن عمر طلق أمرأتة وهي حائض في عهد رسول الله (ص) فسأل عمر أبن الخطاب رسول الله (صلعم) عن ذلك فقال رسول الله (صلعم) «مرة فليرجعها ثم ليتركها حتى تطهر ثم تحيض ثم تطهر ثم أن شاء امسك وأن شاء طلق قبل أن يمس فتلك العدة التي أمر الله عز وجل أن يطلق لها النساء) دەڵێ ئیبنی عومەر ژنەکەی خۆی تەڵاق دا لە کاتێکدا لە بێنوێژی (حەیز)دا بوو، ئەم ڕووداوە لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) ڕووی داوە. عومەری کوڕی خەتاب لەم بارەیەوە لە پێغەمبەری پرسی پێغەمبەر (د.خ) گوتی: ″فەرمانی پێ بکە با بیگێڕێتەوە لە پاشا لێی بگەڕێ تا پاك دەبێتەوە و جارێکی تر دەکەوێتەوە بێنوێژی (حەیز) و جا پاك دەبێتەوە ئەنجا ئەگەر حەزبکا دەیگێڕێتەوە ژێر سێبەری خۆی و ئەگەر حەزیش بکا تەڵاقی دەدا پێش ئەوەی دەستی بگەینێتێ، ئا ئەمەیە ئەو چاوەڕوانییەی کە خوا فەرمانی پێ کردووە کە ژنی تێدا تەڵاق بدرێ″. ئایەتەکەش ئەمەیە کە دەڵێ «إن طلقتم النساء فطلقوهن لعدتهن» لەم حەدیسەش دیارە کە بەبێ ئاگاداری و پرسی ژن، ژن تەڵاق دەدرێ و پیاو بەئارەزووی دڵی خۆی هەر کاتێ بیەوێ تەڵاقی دەدا و حەزیش بکا دەیگێڕێتەوە ژێر سێبەری خۆی. حەدیسێکی تر دەڵێ: (حدثنا أبوبكر بن أبي شيبة وعمرو والناقد واللفظ لعمر وقالا حدثنا سفيان عن الزهري عن عروة عن عائشة قالت جاءت أمرأة رفاعة النبي (صلعم) فقالت كنت عند رفاعة فطلقني فبت طلاقي فتزوجت عبدالرحمن بن الزبير وأن مامعة مثل هذة الثوب فتبسم رسول

الله (صلعم) فقال أتريدين أن ترجعي الي رفاعة؟ لا حتي تذوقي عسيلته ويذوق عسيلتك قالت وأبوبكر عنده وخالد بالباب ينتظر أن يؤذن له فنادى يا أبابكر الا تسمع هذه ما تجهر به عند رسول الله). «دەڵێ كۆنە ژنی ریفاعە هاتە لای پێغەمبەر (د.خ) گوتی لای ڕیفاعە بووم و تەڵاقی سێبەسێی داوم و مێردم بەعەبدورەحمانی كوڕی ئەلزوبەیر كرد ئەویش ئەوەی هەیەتی وەك ڕیشۆڵەی ئەم كراسەمە، نەرم و شلە، پێغەمبەریش بەگرژییەوە، بزەی هاتێ، و گوتی «دەتەوێ بگەڕێیتەوە لای ڕیفاعە نا نا نابێ تا شیرینیی وی نەچێژی و ئەویش شیرینیی تۆ نەچێژێ» لەمەشدا دەردەكەوێ كە ژن لە تەڵاقدان و گەڕانەوە هیچی بەدەست نییە و هەموو كار هەر بەدەست پیاوە، ڕیوایەتی تر لەم بابەتە زۆرە، بەڵام چونكە هەمووی لە مەعنادا نزیكی یەكن بۆیە نایاننووسینەوە، و هەر كەس حەز دەكا با بفەرموێ تەماشای كتێبی سەحیحی موسلیم بەرگی دەیەم یا چوارەم لە چاپی «مەكتەبە و مەتبەعەی موحەممەد عەلی سەبیح و ئەولادوهو، قاهیرە» بكا.

ئەوجار مەزهەبی شافیعی وەك لە كتێبی «ئەلئوم»دا نووسینی ئیمام ئەبی عەبدیلا موحەممەدو بنو ئیدریسی ئەلشافیعی ١٥٠–٢٠٤ بەرگی پێنجەم چاپی «**شركة الطباعة الفنية المتحدة، القاهرة**» لاپەڕە ١٧٩ لە باسی تەڵاقدا دەڵێ:

## أباحة الطلاق

(اخبرنا الربيع بن سليمان قال (قال الشافعي) قال الله عز وجل «أذا طلقتم النساء فطلقوهن لعدتهن» الأية و قال «لاجناح عليكم إن طلقتم النساء ما لم تمسوهن» وقال «إذا نكحتم المؤمنات ثم طلقتموهن» الأية وقال «وأن أردتم إستبدال زوج مكان زوج» و قال «الطلاق مرتان فأمساك بمعروف أو تسريح بأحسان» مع ما ذكرته من الطلاق فى غير ما ذكرت ودلت عليه سنة رسول الله (صلعم) من أباحة الطلاق فالطلاق مباح لكل زوج لزمة الفرض) ئيمام دەڵێ بەپێی ئەو ئایەتانە و قسەی پێغەمبەر لە بارەی تەڵاقدانی ژن، تەڵاق حەڵاڵە بۆ هەر مێردێکی کە ئەرکەکانی ئیسلامی لەسەر واجیب بێ، واتە پیاوە ئاقڵ بێ و خۆی ناسیبێ.

(قال الشافعي رحمة الله: أختار للزوج أن لايطلق الأ واحدة ليكون لة الرجعة في المدخول بها ويكون خاطبا في غير المدخول بها ومتى نكحها بقيت لة عليها اثنتان من الطلاق ولا يحرم عليه أن يطلق إثنتين ولا ثلاثا لان الله تبارك وتعالى أباح الطلاق وما أباح ليس بمحظور على أهله وأن النبي (ص) علم عبداللة أبن عمر موضع الطلاق ولو كان في عدد الطلاق مباح ومحظور علمه ان شاء الله تعالى أياة لان من خفي عليه أن يطلق أمرأته طاهرا كان مايكره من عدد الطلاق ويحب لو كان مكروة اشبة أن يخفي عليه، وطلق عويمر العجلاني أمرأتة بين يدي النبي (ص) ثلاثا قبل أن يأمره وقبل أن يخبره أنها تطلق باللعان، ولوكان ذلك شيئا محظورا عليه نهاه النبي (ص) ليعلمه وجماعة من حضر، وحكت فاطمة بنت قيس أن زوجها طلقها البتة يعني والله أعلم ثلاثا فلم يبلغنا أن النبي (ص) نهي

عن ذلك، وطلق ركانة أمرأته البتة وهي تحتمل واحدة وتحتمل ثلاثا فسأله النبي (ص) عن نيته واحلفه عليها ولم نعلمه نهي أن يطلق البتة يريد بها ثلاثا وطلق عبدالرحمن بن عوف أمرأته ثلاثا) ئیمام دەڵێ سەرپشكی دراوەتە مێرد بەیەك تەڵاق بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە لەو ژنەی چووەتە لای، ئەو ژنەی هێشتا نەی گواستووەتەوە دەگەڕێتەوە بەخواستنی ژنە جارێکی تر و کە گواستییەوە هێشتا دوو تەڵاقی دەمینێ، لە مێرد قەدەغە نییە ئەگەر دوو تەڵاقە یا سێبەسێ ژنی خۆی تەڵاق بدا، چونکە خوا تەڵاقدانی بۆ مێرد حەڵاڵ کردووە و ئەوەی ڕێ دراوە نابێتە قەدەغە لە خاوەنی خۆی و پێغەمبەر (د.خ) کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری فێری شوێنی تەڵاقدان کرد ئەگەر خراپییەك لە ژمارەی تەڵاقدان هەبوایە ئەویشی فێردەکرد، چونکە کەسێك نەزانێ ژنی لە کاتی پاکی تەڵاق بدا ئەگەر ژمارەش خراپ بایە دەبوو ئەویش نەزانێ و پێغەمبەر (د.خ) پێی بگوتبایە جگە لەمەش عووەیمیری کوڕی عەجلانی ژنەکەی لە پێش پێغەمبەر (د.خ) سێبەسێ تەڵاق دا پێش ئەوەی پێغەمبەر فەرمانی پێ بکا و ئاگاداری بکا کە ژنەکە بە (لیعان) تەڵاق دەدرێ جا ئەگەر خراپییەك لە ژمارەدا هەبوایە پێغەمبەر (د.خ) پێی دەگوت وا مەکە بۆ ئەوەی خۆی و ئەو خەڵکەی ئەویش بزانن. فاتیمەی کچی قەیس دەگێڕێتەوە کە مێردەکەی تەڵاقی یەکجاریی داوە، واتە خوا دەزانێ، سێبەسێ و پێمان نەگەیشتووە کە پێغەمبەر (د.خ) گوتبی وامەکەن، هەروەها ڕەکانە ناوێك ژنەکەی خۆی بەیەکجاری تەڵاق دا کە دوو لای هەڵدەگرت یەك تەڵاقە و سێ تەڵاقە پێغەمبەر (د.خ) لە نیازی پرسی کە نیازی چەند تەڵاق بووە و لەسەریشی سوێنی دا، ئەویش دیارە نیازی سێ تەڵاقە بووە و نەمانزانیوە پێغەمبەر (د.خ) گوتبی وامەکە، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف ژنەکەی خۆی سێبەسێ تەڵاق داوە.

جا نەك هەر ئەوەندە پیاو دەتوانێ ڕووبەڕوو ژنەکەی تەڵاقی بدا بەڵکو لە دوورەوەش بەنامە دەتوانێ ژنەکەی خۆی تەڵاق بدا کە ژنەی بەدبەخت

ئاگای لە هیچ نییە، وەك لە لاپەڕەی ١٨١ی هەمان سەرچاوەدا دەڵی (قال الشافعي رحمه الله أذا كان الرجل غائبا عن امرأته فاراد أن يطلقها للسنة كتب اليها «أذا اتاك كتابي هذا وقد حضت بعد خروجي من عندك فأن كنت طاهرا فأنت طالق» وان كان يعلم أنها قد حاضت قبل أن يخرج ولم يمسها بعد الطهر أو علم أنها حاضت وطهرت وهو غائب كتب اليها «إذا أتاك كتابي فان كنت طاهرا طالق وأن كنت حائضا فأذا ظهرت فأنت طالق»..) واتە ئەگەر مێرد لە ژنەکەی بزر بوو ویستی ژنەکەی تەڵاق بدا بەپێی فەرمانی پێغەمبەر (د.خ) کە تەڵاقی سونەتی پێ دەڵێن ئەویش ئەوەیە ژن لە کاتی پاکی تەڵاق بدرێ، بۆ ژنەکەی دەنووسێ «ئەگەر ئەم نامەیەمت پێ گەیشت و کە من لە لای تۆ دەرچووم ئەتۆ بێنوێژبووی، ئەگەر پاکی تەلاقت کەوتبێ» تەڵاقەکە دەکەوێ. ئەگەر مێرد زانی ژنەکەی پێش دەرچوونی کەوتووەتە بێنوێژی و نەچووبووە لای یان زانیی کە بێ نوێژ بووە و پاك بووەتەوە و خۆی دوورە لێی بۆی دەنووسێ «ئەگەر نامەی منت پێگەیشت ئەگەر پاکی تەڵاقت کەوتبێ ئەگەر بێنوێژیشی هەر کاتێ پاك بوویتەوە تەڵاقت کەوتبێ» تەڵاقەکە دەکەوێ.

(وإذا قال الرجل لامرأته التي تحيض أنت طالق ثلاثا سنة وقعن جميعا معا في وقت طلاق السنة) واتە ئەگەر مێرد بەژنەکەی خۆی کە لەوانەیە بێنوێژی دەبینێ، منداڵ نا، گوتی هەرسێ تەلاقت کەوتبێ بەتەڵاقی سوننەت هەر سێك پێکەوە دەکەون لە کاتی پاکیی ژنەدا». لاپەڕە ٢٥٤ (قال الشافعي رحمه الله «ملك الله تعالى الأزواج الطلاق فمن طلق من الأزواج وهو بالغ غير مغلوب على عقله جاز طلاقة لانه تحريم لامرأته بعد أن كانت حلالا له فسواء كان صحيحا حين يطلق أو مريضا فالطلاق واقع) ئیمام دەڵێ خوا حەقی داوەتە مێردان هەر مێردێك کە خۆی ناسیبێ و هۆشی لە دەست نەدابێ، تەڵاقی دروستە، چونکە تەڵاق قەدەغەکردنی ژنیەتییە لە خۆی پاش ئەوەی لێی حەڵاڵ بووە، جا مێرد لەشی ساخ بێ لە

کاتی تەڵاقداندا یان نا تەڵاقەکەی دەکەوێ.

(قال الشافعی رحمه الله: ومن شرب خمرا أو نبیذا فأسکره لزمه الطلاق والحدود کلها والفرائض ولا تسقط المعصیة بشرب الخمر والمعصیة بالسکر من النبیذ عنه فرضا ولا طلاقا) دەڵێ: ئەگەر کەسێك عارەقی خواردەوە یان ئاوجۆ (بیرە) و سەرخۆش بوو و ژنەکەی خۆی تەڵاق دا تەڵاقەکەی دەکەوێ و سزای شەرعیشی لەسەر دەبێ و هەروەهاش فەرزەکان گوناحکردن بەخواردنەوەی عارەق و سەرخۆشبوون بەخواردنەوەی ئاوجۆ فەرز و تەڵاق لەسەر لانابا و لەدەست نادا» ئەمە قسەی ئیمامی شافعییە (خ.ل) جا ئەوە لە کوێ ما ئەو کەسەی دەڵێ ژن مافی تەڵاقی لەگەڵ مێرد یەکسانییە یا دەڵێ ئەوانە کۆلکە مەلان کە تەڵاقیان لەبەردەستی مێرد داناوە و ژنانیان بێ بەش کردووە، دەبێ ئەو کەسە ئەم قسانەی لە کوێ هەڵێنجا بێ، ژنەی دانیشتووی ماڵ دڵخۆش بەماڵ و منداڵی یا ژنێکی خوێندەواری خەریکی دەرسگوتنەوە و خزمەتی وڵات و میللەتەکەی بێ لە قوتابخانەدا یا لە نەخۆشخانە و شوێنی تر مێردێکی سەرخۆش لەخۆیەوە هەر بەهەوەس و ئارەزوو یا دەماقاڵیێکی ڕۆژێك لە ڕۆژانی بەسەرچوو بەسەرخۆشی بکەوێتە بیر ژنەی سێبەسێ تەڵاق بدا و تەڵاقەکەش دەکەوێ و تا ژنە مێردێکی دیکە نەکاتەوە تازە نابێ لەگەڵ ئەو مێردە بمێنێ با منداڵیشی هەبن، ئەمەیە حوکمی فیقهی ئیسلامی و لەسەر زاری پێغەمبەر (د.خ) و ڕای ئیمامی شافیعی ئیدی ئەو کەسانەی بەمە ڕازی نین دیارە موسوڵمان نین و بڕواشیان بەئیسلامەتی نییە، بۆیە نابێ بەناوی ئیسلام قسەیان بڕوا و دەبێ پشتگوێ بخرێن.

## مارەکردن و چەند ژنی

هەرچەندە ئەو نووسەر و چیرۆکنووسانەی باسمان کردن لە خەیاڵی خۆیاندا مارە و تەڵاق و تەنیا یەك ژنییان نیشان دەست نیشان کردبوو بەناوی ئیسلامەوە و ژن و پیاویان وەك یەك و هاوتا لە قەڵەم دابوو، بەڵام بەداخەوە خەیاڵەکانیان درێژەی نەکێشا و لەسەر ڕێبازی ئیسلام وەك کەفی سەر ئاو بڵاو و ون بوو، فەرموون ئەوەی لە دوواوە دێ حوکمی ئیسلامە لە مارەکردن و تا چەند ژنیش دروستە بۆ پیاو لە یەك کاتدا.

ئایەتی ٣-٤ لە سوورەتی ئەلنیسائدا دەڵێ: (وأن خفتم الا تقسطوا في اليتامى فانكحوا ما طاب لكم من النساء مثنى وثلث وربا ع، فأن خفتم الا تعدلوا فواحدة أو ما ملكت ايمانكم ذلك أدنى الا تعولوا وأتوا النساء صدقاتهن نحلة فان طبن لكم عن شيء منه فكلوه هنيئا مريئا). واتە ئەگەر ترسان لەوەی کە نەتوانن جێبەجێی پێویست بکەن بەرانبەر بەو کچە بێ باوکانەی لاتانن، یاخۆ ترسان لەوەی کاری خراپیان دەگەڵدا بکەن، ئەوا لەو ژنانەی دڵخوازتانن دوو دوو سێ سێ و چوار چوار بێنن، ئەگەر ترسان لەوەی یەکسانییان لە نێوانیاندا نەکەن ئەوا تەنیا ژنێك بەسە. یا بەکەنیزەك خۆ دابین بکەن و ئیکتیفا بکەن و ئەمەیان باشترە بۆ ئەوەی خێزانتان زۆر نەبێ، مارەیی ژنان بەتەواوی بدەن ئەگەر بەخۆیان شتێکتان لێ خۆشبوون ئەوا بیخۆن و لەگیانتان خۆش بێ» مەبەست لە دوو دوو و سێ سێ و چوار چوار ئەوە نییە کە پێکەوە دوان یان سێیان یان چواران پێکەوە بێنن بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە دەتوانن لە دوو ژن تا چوار ژن پێکەوە لە یەك کاتدا لە ژێر سێبەرتان بن، بەمەرجێك کە جۆرە

عەدالەتێك و یەكسانییەك لە بەشی مێردایەتی بەلای كەم بەكردەوە لە نێوانیاندا بكەن، ئەگەر مێرد زانیی ئەوەی پێ ناكرێ ئەوا تەنیا یەك ژنی ئازاد بەسە لەگەڵ چەندی دەتوانێ كەنیزەكی هەبێ. بەڵام ئایە یەكسانی و عەدالەت لە نێوان ژنەكاندا چۆنە و چۆن ڕاگیر دەكرێ ئەوە لە ئایەتی **١٢٩** لە سوورەتی ئەلنیسائدا دیاریی كردووە و دەڵێ: (**ولن تستطیعوا أن تعدلوا بین النساء ولو حرصتم فلا تمیلوا كل المیل فتذروها كالمعلقة**) واتە «ناشتوانن یەكسانی لە نێوان ژنان بپارێزن هەرچەند هەوڵیش بدەن و سوور بن لەسەری، بەڵام وا مەكەن وازی لێ بێنن بەجۆرێك وەك هەڵپەساردراوبێ، كە نەئەوەیە ژن و مێردایەتیی لەگەڵدا دەكرێ و نە ئەوەیە كە بتوانێ مێردێكی تر بكا و لەو ناوەدا دەسوورێتەوە، وەك كوردەواری دەڵێن «لە نێوان چاڵان و ماڵانیان هێشتووەتەوە، ئەمە تەفسیری ئایەتی (فأن خفتم ألاتعدلوا) ئەگەر مێردێك ویستی ژنی تر بێنێ، ئەگەر لە خۆی ڕانەدیت كە دەتوانێ ئەم یەكسانییە لە نێوانیاندا بپارێزێ با بەیەك ژن بەس بكا و هی تر نەهێنێ، بەڵام ئەگەر لە خۆی ڕادیت كە دەتوانێ ژنەكەی پێشووی وەك (نەئازاد و نەمێرددار) لێ نەكا ئەوا دەتوانی ژنی تر بێنێ و بۆی حەڵاڵە. جا كێ هەیە نەتوانێ ئەمە بكا؟! هەر وەكو كردار و ڕەفتاری پێغەمبەر (د.خ) مەعنای ئەم ئایەتە ڕوون دەكاتەوە هەروەها هاوەڵەكانی پێغەمبەر (د.خ) چونكە ئەگەر ئەوانە بیانزانییایە ئەوەندەی تۆزقاڵێك لە ڕووی ئاینەوە گوناحی تێدایە، لە ژنێك پتریان نەدەهێنا، هەر وەكو ئەگەر پێناخۆشبوونی خوای تێدابایە پێغەمبەر نۆ ژنی نەدەهێنا كە هەموو ڕیوایەتەكان یەكیان گرتووە كە پێغەمبەر (د.خ) لە یەك كاتدا نۆ ژنی هەبووە و هەندێكیش دەڵێن دوازدە ژنی هەبووە لە یەك كاتدا، بێ لە كەنیزەك و جگە لەو ژنانەش كە هەر بۆ پیرۆزی و تەبەڕوك خۆیانیان پێشكەش پێغەمبەر (د.خ) كردووە، ئەمەش ئەو حەدیسەیە كە دەڵێ پێغەمبەر (د.خ) نۆ ژنی هەبووە پێكەوە و لە یەك

کاتدا سەحیحی موسلیم جوزئی چوارەم دەڵێ: (حدثنا أبو بكر بن أبي شيبة حدثنا شبانة بن سوار حدثنا سليمان بن المغيرة عن ثابت عن أنس قال كان للنبي (صلعم) تسع نسوة فكان اذا قسم بينهن لاينتهي الي المرأة الاولي الا في تسع فكن يجتمعن كل ليلة في بيت التي يأتيها فكان في بيت عائشة فجاءت زينب فمد يده اليها فقالت هذه زينب فكف النبي (ص) فتقاولتا حتى استخبا وأقيمت الصلاة فمر ابوبكر على ذلك فسمع اصواتهما فقال اخرج يا رسول الله الى الصلاة وأحث **في** أفواههن التراب فخرج النبي (ص) فقالت عائشة الان يقضي النبي (ص) صلاته فيجيء ابوبكر فيفعل **بي** ويفعل فلما قضى النبي (ص) صلاته أتاها أبوبكر فقال لها قولا شديدا وقال أتصنعين هذا) واتە پێغەمبەر نۆ ژنی هەبووە لە یەك کاتدا جا کە بەشی دەکرد نەدەگەیشتەوە لای ژنی یەکەم لە نۆیان نەبایە، واتە بەسەر هەمویاندا دەسوورا و نۆیەم جار دەگەیشتەوە ژنی یەکەمی، ژنانی پێغەمبەر (د.خ) هەموو شەو لە ماڵی ئەو ژنەی کە نۆبەتی ئەوە کۆدەبوونەوە، ئێوارەییێك لە ماڵی عائیشە بوو کە زەینەبە ژنی پێغەمبەر هات و پێغەمبەریش (د.خ) دەستی بۆ درێژ کرد و عائیشە گوتی ئەمە زەینەبەیە و پێغەمبەریش (د.خ) دەستی خۆی کێشاوە و ئیدی عائیشە و زەینەبە لێك بەدەنگ هاتن هەتا دەنگیان بەرز بۆوە و هاواریان لێ هەستا و لەو کاتەدا بانگی نوێژ درا و ئەبوبەکر (خ.ل) باوکی عائیشە بەوێدا تێ پەڕی و گوێی لە دەنگیان بوو گوتی ئەی پێغەمبەری خوا دەرچۆوە بۆ نوێژ و خۆڵیان لە دەم بکە، پێغەمبەریش (د.خ) دەرچوو عائیشە گوتی ئێستا پێغەمبەر لە نوێژ دەبێتەوە و ئەبوبەکر دێ ئەوها و ئەوهام پێ دەکا، کە نوێژ تەواو بوو ئەبوبەکر هات و قسەی توندی بەعائیشەی کچی گوت، گوتی ئاوا دەکەی؟

وەك (نەوەوی) باسی دەکا ژنەکانی پێغەمبەر (د.خ) لەو کاتیدا، ئەمانە

بوون (عائیشه، حەفصە، سەودە، زەینەبە، ئوممی سەلەمە، ئوممی حەبیبە، مەیموونە، جووەیرییە، صەفییە) خوایان لێ خۆش بێ و دوو کەنیزەکیشی هەبووە کە ناویان (مارییە و ڕەیحانە) بووە. لەم حەدیسە وەك من بۆی دەچم چوار شت بەدی دەکرێ.

یەکەمیان کە پێغەمبەر (د.خ) نۆ ژنی هەبووە و پێکەوە و لە یەك کاتدا، دووەم ڕاگرتنی یەکسانی (عەدالەت) لە نێوانیاندا ئەوە بووە کە هەر شەوە لای یەکێکیان نووستووە و حەزیشی کردووە بەدڵ لەگەڵ یەکی تر بنوێ وەك کە نۆبەتی عائیشە بووە دەستی بۆ زەینەبە درێژ کردووە.

سێیەم ئەوەیە کە ئەبوبەکر بەسووکی تەماشای ژنانی کردووە و بەپێغەمبەری گوتووە خوڵیان لە دەم بکە. پێغەمبەریش هیچ پێ ناخۆشییەکی پێشان نەداوە و هەر چەندە عائیشە کچی خۆی بووە ئەگەر قسەشی پێ بڵێ لایەنی باوکایەتی و کچایەتی ڕێی تێ دەچێ بەڵام ئێستا کە ژنی پێغەمبەرە و زەینەبە کە پوورزای پێغەمبەر بووە و ژنیشی بووە، کە پێیان بگوترێ خوڵیان بەدەم بێ قسەیێکی سووکە و بۆ مرۆ بەکار نایێ، لە بنەڕەتدا ئەم وشەیە بۆ کسۆك بەکاردەبرێ لێرەدا دەردەکەوێ کە بایەخ بەژن نەدراوە و بەهەندیان هەڵنەگرتوون. چوارەم: ئەوەیە کە ژنانی پێغەمبەر حەزیان نەکردووە پێغەمبەر (د.خ) ئەو هەموو ژنەی هەبێ یا ژنی تر بێنێ، چونکە ئەگەر وانییە نەدەبوو عائیشە لەگەڵ زەینەبەدا بەدەنگ بێ لەسەرئەوەی نۆبەتی خۆی بووە و پێغەمبەر (د.خ) دەستی بۆ زەینەبە درێژ کردووە، ئەگەر ژن (ڕا) یەکیان هەبوایە قبوڵیان نەدەکرد پیاو ئەوەندە ژنە بێنێ یا لە یەك پتر وەك لە حەدیسی سەحیحی موسلیمدا هاتووە و دەڵێ: ( حدثنا أبوبكر محمد بن العلاء حدثنا أبو أسامة عن هشام عن أبيه عن عائشة قالت كنت أغار على التي وهبن أنفسهن لرسول الله (ص) وأقول وتهب المرأة نفسها؟ فلما أنزل الله عزوجل «ترجيء من تشاء منهن و تؤوي اليك من تشاء ومن أبتغيت ممن عزلت» قالت قلت والله ما

أرى ربك الا ويسارع في هواك» واتە «عائیشە گوتی: من دڵگران دەبووم لەو ژنانەی کە خۆیان پێشکەشی پێغەمبەر دەکرد و دەمگوت «ژن چۆن خۆی پێشکەش دەکا؟» کاتێ خوا ئایەتی «ئەوەی حەز بکەی دوای دەخەی و ئەوەی ئارەزووشی بکەی دەیهێنیتە لای خۆت و ئەوەی ئارەزووت کرد لەوانەی دوورت خستوونەتەوە دەیانهێنیتەوە»ی نارد. دەڵێ گوتم «بەخودا وابزانم خوایەکەت پەلەیەتی لە جێبەجێ کردنی ئارەزووەکانت».

حەدیسێکی تر کە تەنیا (تورموزی) بەشداریی گێڕانەوەی نەکردووە پێنجەکەی تر گێڕاویانەتەوە کە لە کتێبی (التاج الجامع للأصول في أحاديث الرسول: تألیف الشیخ منصور علي ناصف من علماء الأزهر الشريف، وعليه غاية المأمول شرح التاج الجامع الاصول) چاپی سێیەم ١٩٦١ میلادی لاپەڕە (٢٨٠) دەڵێ ( عن أنس (رض) قال: كان النبي (ص) يطوف على نسائه في الليلة الواحدة وله «عليه الصلاة والسلام» يومئذ تسع نسوة» رواه الخمسة الا الترمذي) لە شەرحەکەیدا دەڵێ: «فكان يطوف عليهن احيانا في ليلة واحدة ويواقعهن وكان الله اعطاه قوه على ذلك معجزه له (ص) كما كان سليمان عليه السلام) واتە لە (ئەنەسی دەگێڕنەوە دەڵێ: پێغەمبەر (د.خ) لە شەوێکدا بەسەر هەموو ژنەکانیدا دەگەڕا ئەو کاتەش نۆ ژنی هەبووە» و شەرحەکە دەڵێ وابووە لە شەوێکدا بەسەر هەمووواندا گەڕاوە و لەگەڵ هەموویشیان نوستووە و خوا ئەو هێزەی دابوویێ وەك موعجیزە، هەر وەکو سلیمان پێغەمبەر (د.خ) ئەو هێزەی هەبووە، چونکە سەت ژنی هەبووە.

لە حەدیسێکی تردا دەڵێ: (عن أبن عباس (ر.ض) قال توفي النبي (ص) وعنده تسع نسوة وقالت عائشة (رض) ماتوفي النبي (ص) حتى احل الله له أن يتزوج من النساء ماشاء رواهما النسائي) واتە «ئیبنی عەباس دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (د.خ) کاتێ مردووە نۆ ژنی هەبووە و لە عائیشە

(د.خ) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (د.خ) نەمردووە تا خوا بۆی حەڵاڵ کردووە هەر چەندی حەز دەکا ژن بێنێ» ئەم دوو گوفتارە (نەسائی) ڕیوایەتی کردوون.

لە غایەتولمەئموول شەرحی تاج دەڵێ: «یەکەم جار ژنهێنان بۆ پێغەمبەر (د.خ) بێ سنوور بووە و چەندی حەز بکردایە بۆی حەڵاڵ بووە بێنێ، بەڵام لەپاشدا بۆی دیاری کرا و سنووری بۆ داندرا تەنیا کەنیزەك بێ سنوور دانان مایەوە، واتە لە کەنیزەك چەندی هەیبێ و ئارەزوو بکا بۆی ئازاد و حەڵاڵە. لە هەمان کتێب لاپەڕە ٢٨١دا دەڵێ «ڕاز لە زۆر ژنهێنانی پێغەمبەر (د.خ) زۆر شتن: لەوانە پەیداکردنی خزم و یارە، تا بەتوانا بێ بەرانبەر دوژمنانی ئیسلام و بتوانێ پەیامی خوا بەجێ بگەینێ، لەو شتانە، موشەڕەف بوونی هەندێ عێلی عەرەب بەخزمایەتی و زاوایەتیی پێغەمبەر (د.خ)، دیسان لەو شتانە بەرپەرچدانەوەی قسەی کافرەکان کە دەیانگوت پێغەمبەر (د.خ) جادووگەرە و خەڵکێکی ناعەرەب ئەم قسانەی فێر دەکا.

لەوانە لە عادەت بەدەر لەگەڵ ژنان نوستن لە کاتێکدا خواردنی کەم بووە و خواردنەوەشی کەم بووە، عەرەبیش خۆ هەڵدەدەن و خۆ هەڵدەکێشن بەوەی کە «کەمخۆر و زۆرپەڕن» ئەمەش لای عارەب نیشانەی پیاوەتیی تەواو و کەڵەمێردییە، وەك لە حەدیسی ئوممی زەرعدا هاتۆتە گوتن.

جا ئەم حەدیسانە هەمووی بەڵگەی باوەڕ پێکراوون کە پێغەمبەر (د.خ) نۆ ژنی لە ژێر سێبەر بووە لە یەك کاتدا و پێکەوە ، بێ لە کەنیزەك، ئایەتی ٢٥ لە سوورەتی ئەلنیسائدا دەڵێ: (ومن لم یستطع طولا أن ینکح المحصنات المؤمنات فمن ما ملکت أیمانکم من فتیاتکم المؤمنات والله أعلم بایمانکم بعضکم من بعض فأنکحوهن باذن اهلهن وأتوهن أجورهن) واتە کەسێك دەستی ئەوەندە درێژ نەبوو کە ژنی موسوڵمانی پاك و ئازاد

بێنی با لەو ژنە دەسکەوتووانەی موسوڵمانبوون بێنیّ و مارەشیان بکەن بەدەستوور و ڕێدانی خاوەنەکانیان و کرێی خۆشیان بدەنیّ، واتە مارەییان بدەنیّ». لێرەشدا ئایەت هەر ڕووی لە پیاو کردووە کە چۆن ژن بێنیّ و چۆن ڕەفتاری دەگەڵدا دەکا ئیتر هیچ ڕایەك بۆ ژن دیاری نەکراوە.

ئایەتی ٢٧ لە سوورەتی ئەلقەسەسدا دەڵیّ: (قال أني أريد أن أنكحك أحدى أبنتي هاتين على أن تأجرني ثماني حجج) واتە: شوعەیب بەموسای گوت «دەمەویّ یەك لەم دوو کچانەمت لیّ مارە بکەم بەمەرجیّ هەشت شەرتان کارم بۆ بکەی» ئەم ئایەتە دەربارەی موسا پێغەمبەر و شوعەیب پێغەمبەر (د.خ) دەدویّ کە موسا لە میسر زەلامێکی کوشت و هەڵات و چووە ئەو شوێنە کە کچانی شوعەیب مەڕیان ئاو دەدا و موساش یارمەتیانی دا لە ئاودانی مەڕەکان و شوعەیب کە زانی پیاوێکی چاکە و دەتوانیّ یارمەتیی بدا داوای لیّ کرد کە هەشت شەرتانی لا بمێنیّ و کاری بۆ بکا ئەویش لە بنی ئەمە یەك لە دوو کچەکانی بداتیّ، لێرەدا هیچ یەك لە کچەکان مافی هەڵبژاردن و (ڕا)یان نەبووە و موسا سەرپشك بووە کە یەکێکیان هەڵبژێریّ، ئایەتی تریش لە قورئاندا نییە ئەم کارەی پیّ خراپ بیّ، لە پاشا ئەوانە هەردووکیان وەك قورئان دەڵیّ نێردراو و پێغەمبەری خودا بوون، بۆیە ئەم حوکمە وەك خۆی دەمینیّ. ئایەتی ٣٦-٣٧ سوورەتی ئەلئەحزاب دەڵیّ (وما كان لمؤمن ولا مؤمنة أذا قضى الله ورسوله أن يكون لهم الخيرة من أمرهم ومن يعص الله و رسوله فقد ضل ضلالا مبينا. أذ تقول للذي أنعم الله عليه وأنعمت عليه أمسك عليك زوجك وأتق الله وتخفي ما في نفسك والله مبديه وتخشى الناس والله أحق أن تخشاه. فلما قضى زيد منها وطرا زوجناكها لكي لايكون على المؤمنين حرج فى أزواج أدعيائهم أذا قضوا منهن وطرا وكان أمر الله مفعولا). دەڵیّ «هیچ کەس لە پیاو و ژنی موسوڵمان ڕێگەی سەرپشکییان نییە لە کارێك کە خوا و پێغەمبەر بڕیاریان لەسەر دابیّ و هەر کەسیّ بەگوێی خوا و

پێغەمبەر نەکا ئەوا ڕێگەی بزر و ون کردووە. ئەتۆ ئەی پێغەمبەر کە بەو کەسەی خوا و خۆت چاکەتان دەگەڵدا کردووە دەڵێی نا نا ژنەکەی خۆت بگرە و بەرەڵلای مەکە و ئەوەی خوا ئاشکرای دەکا تۆ لە دڵی خۆدا دەیشاریتەوە و لە خەڵك دەترسی! لە خوا بترسی ڕاستترە. کە زەید ماوەیێك لەگەڵ ژنەکەی ڕابوارد و کاری پێ نەما لە تۆمان مارەکرد بۆ ئەوەی ببێتە یاسا و ڕێباز بۆ موسوڵمانان و ناشیرینی و شوێنی تانە وتوانجی تێدا نەمێنێ ئەگەر موسوڵمانان ژنی ئەو کەسانە مارە بکەنەوە کە بەکوڕی خۆیانیان لە قەڵەم داون پاش ڕابواردنی ماوەیێك لەگەڵیاندا ئاوا دەبێ فەرمانی خوا جێبەجێ بکرێ».

وەك تەفسیری بەیزاوی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ″ئەم ئایەتە دەربارەی (زەینەبە)ی کچی (جەحش) کە کچە پووری، واتە خوشکی باوکی پێغەمبەرە و ناوی (ئومییە) کچی (عەبدولموتەلیب) بووە، پێغەمبەر (د.خ) چووەتە خوازبێنیی زەینەبە بۆ (زەید)ی کوڕی (حاریسە) کە پێشتر عەبد بووە و پێغەمبەر (د.خ) ئازادی کردووە و بەکوڕی خۆی ناو بردووە، جا (زەینەبە) و براکەی (عەبدوڵلا) قبووڵیان نەکردووە، پاشان ئەم ئایەتە هاتە نووسین و لەسەر فەرمانی خوا پێغەمبەر قبووڵیان کرد و زەینەبە مێردی بەزەید کرد و پاش گواستنەوەی زەینەبە بۆ زەید بەماوەیێك″، جارێك پێغەمبەر (د.خ) بەسەردان دەچێتە ماڵیان و کە چاوی بەزەینەبە دەکەوێ و دەکەوێتە بەردڵی و دەفەرموێ (سبحان الله مقلب القلوب) واتە پاکی و گەورەیی بۆ ئەو خوایەیە کە دڵان دەگۆڕێ، زەینەبە ئەمەی گوێ لێ دەبێ و بۆ زەیدی دەگێڕێتەوە و زەیدیش لەمە دەگا و زەینەبەی لەبەردڵ و چاو دەکەوێ و دەچێتە لای پێغەمبەر (د.خ) بۆ ئەوەی زەینەبە تەڵاق بدا و بەپێغەمبەر (د.خ) دەڵێ: ″دەمەوێ لە زەینەبە جیا ببمەوە″، پێغەمبەریش (د.خ) دەڵێ: ″بۆ هیچت لێ دیوە کە دڵت لێی پیس بێ″، زەید دەڵێ: ″نە بەخوا لە چاکە بەولاوە هیچم لێ نەدیوە و هیچی لێ نابینم، بەڵام خۆی

بەگەورەتر دەزانێ و لافم لەسەر لێ دەدا".پێغەمبەریش (د.خ) بەزەید دەڵێ: "هەر لەبەر ئەمە"، نا نا دەست لە ژنەکەت بەرمەدە و تەڵاقی مەدە و لە خوا بترسە، بەڵام پێغەمبەر لە دڵدا پێی خۆش دەبێ کە زەید تەڵاقی بدا، زەیدیش لەگەڵ ئەوەش کە پێغەمبەر پێی دەڵێك: "نا نا تەڵاقی مەدە" هەر سوور دەبێ لەسەر تەڵاقدانی و تەڵاقی دەدا جا پاش تەواو بوونی چاوەڕوانی (عیدە)ی زەینەبە پێغەمبەر بەزەیدی مێردی پێشوی زەینەبە دەڵێ: "بچۆ لای زەینەبە و بۆمی پێ بڵێ و خوازبێنیی بکە"، زەیدیش دەچێتە لای زەینەبە و فەرموودەی پێغەمبەری پێ ڕادەگەیەنێ، ئەویش دەڵێ: "جا لە فەرمانی خوا و پێغەمبەر کێوە؟ و بەرفەرمانم لە قسەی خوا و پێغەمبەر دەرناچم؟" و مارەییی زەینەبە لە ئاسمانەوە لە پێغەمبەر (د.خ) دەبڕێ و بەمە زەینەبە خۆی لەسەر ژنانی تری پێغەمبەر هەڵدەکێشا و دەیگوت ئێوە کەسوکارتان مارەی کردوون منیش خوا مارەی بڕیوم، واتە فەرمانی داوە بەبوونی زەینەبە بەژنی پێغەمبەر (د.خ) بەبێ مارەکردنی ئاسایی و شایەت و شایەتکاری هەر لەم مەوزووعە سەحیحی موسلیم دەگێڕێتەوە و دەڵێ: (لما أنقضت عدة زينب قال رسول الله (ص) لزيد فأذكرها علي قال فانطلق زيد حتى اتاها وهي تخمر عجينها قال فلما أتيها عظمت فى صدرى حتى ما استطيع أن أنظر اليها لان رسول الله (ص) ذكرها فوليتها ظهري ونكصت على عقبي فقلت يا زينب أرسل رسول الله (ص) يذكرك قالت ما أنا بصانعة شيئا حتى أوامرا ربى فقامت الى مسجدها ونزل القرأن وجاء رسول الله (ص) فدخل عليها بغير أذن) واتە «کە چاوەڕوانیی زەینەبە تەواو بوو پێغەمبەر بەزەیدی گوت بچۆ لای زەینەبە و بۆمی بخوازە و زەیدیش چووە لای زەینەبە لە کاتێکدا زەینەبە هەویری دەشێلا زەید دەڵێ: "کە چاوم پێی کەوت گەورە بوو لەبەرچاوم تا نەمتوانی تەماشای بکەم و پشتم تێی کرد و بەرەو پاش گەڕامەوە و گوتم زەینەبە پێغەمبەر ناوت دەبا" ئەویش گوتی: "من چ دەتوانم بکەم و بڵێم تا

ئەمری خوا هەبێ و هەستاوە چووە ژووریێ و قورئان هاتە خوارێ و پێغەمبەر هات و چووە لای زەینەبە بەبێ پرس و بووە زەماوەندی پێغەمبەر (د.خ).

لەم ئایەت و حەدیسە دەرکەوت کە قازیی شەرع (سەرداری وڵات) دەتوانێ ژنی بێ سەردار و کەسوکاری مارە بکا و هەروەها دەرکەوت کە بێوەژن (ڕا)ی وەردەگیرێ و پرسی پێ دەکرێ وەك پێغەمبەر (د.خ) ناردیە داخوازیی زەینەبە بەهۆی زەیدی کوڕی حاریسەی مێردی پێشووی زەینەبە، ئەمە لە لایێك لە لایێکی تر دەرکەوت کە ژن لە تەڵاقداندا پرسی پێ ناکرێ، چونکە ئەگەر پرسی پێویست بایە پێغەمبەر (د.خ) بۆ کچە پووری دەیگوت با پرسی پێ بکرێ لەسەر چی و بۆچی تەڵاق دەدرێ و ئایا ڕازییە؟

هەر لەبەرئەوەی زەید دڵی لێی گوشرابوو چووە خزمەت پێغەمبەر و زەینەبەی تەڵاق دا، لە کاتێکدا زەینەبە پێش بوونی بەژنی زەید کە پێغەمبەر (د.خ) داخوازی کرد، خۆی و براکەی قبوڵیان نەکرد تا ئایەت هاتە خوارێ کە بەناچاری مێردی پێ کرد، واتە زەینەبە نە لە بەشوودانی (ڕا)ی وەرگیرا و نە لە تەڵاقدانی.

ئایەتی ٢٤ لە سوورەتی ئەلنیسائدا دەڵێ (والمحصنات من النساء الا ما ملكت أيمانكم كتاب الله عليكم واحل ما وراء ذلك أن تتبغوا بأموالكم محصنين غير مسافحين فما أستمتعتم به منهن فأتوهن أجورهن) واتە (ژنی بەمێردیش مارەکردنیان حەرامە ئەگەر مێردەکانیشیان لە ژیاندا بن و نەکوژرابن، ئەو ژنانە بۆتان حەڵاڵن، جگە لەوانەی باسمان کردن کە حەرام و قەدەغەن و بەپیاو ناشێن ئەوانی تر حەڵاڵە بۆتان کە بیانخوازن بەماڵ و دراوی خۆتان).

ئایەتی ٤٩ سوورەتی ئەلئەحزاب دەڵێ: (يأأيها الذين أمنوا إذا نكحتم

المؤمنات) ئەی ئەوانەی موسوڵمان بوون ئەگەر ژنانی موسوڵمانتان هێنا، ئەمەش هەر ڕوو لە پیاو دەکا و باسێك بۆ ژن نییە. ئایەتی ٥٠– ٥٢ لە سوورەتی ئەلئەحزابدا دەڵێ: (يا أيها النبي أنا حللنا لك أزواجك التي أتيت أجورهن وما ملكت يمينك مما أفاء الله عليك وبنات عمك وبنات عماتك وبنات خالك وبنات خالاتك الاتي هاجرن معك وأمرأة مؤمنة أن وهبت نفسها للنبي أن أراد النبي أن يستنكحها خالصة لك من دون المؤمنين قد علمنا ما فرضنا عليهم فى أزواجهم وما ملكت أيمانهم لكيلا يكون عليك حرج وكان الله غفورا رحيما. ترجيء من تشاء منهن وتؤوي اليك من تشاء ومن أبتغيت ممن عزلت فلا جناح عليك ذلك أدنى أن تقر أعينهن ولا يحزن و يرضين بما أتيتموهن كلهن والله يعلم مافي قلوبكم وكان الله عليما حكيما لايحل لك النساء من بعد ولا أن تبدل بهن من أزواج ولو أعجبك حسنهن الا ما ملكت يمينك وكان الله على كل شيء رقيبا) واته (ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە بۆ تۆمان حەڵاڵ کرد ئەو ژنانەی کرێ و مارەییت داونەتێ و ئەو ژنە کەنیزەکانەی کڕیوتن و دەستت کەوتوون لەوانەی خوا بەتاڵان داویە پێت و هەروەها کچانی مامت و کچانی پوورت، خوشکی باوك و کچانی خاڵۆت و کچانی پلکت، خوشکی دایك، لەوانەی لەگەڵتان کۆچیان کردووە، هەروەها ژنێکی موسوڵمان کە خۆی بەپێغەمبەر ببەخشێ بەبێ مەرجی مارەیی و پێغەمبەریش ئارەزووی هێنانی بکا، ئەمەیان تەنیا بۆ تۆیە و بۆ موسوڵمانانی تر نا، ئێمە دەزانین چیمان لەسەر پێویست کردوون بەرانبەر بەژنانی موسوڵمانی ئازاد، کە کرێی مارەییە و بەنیسبەت کەنیزەکیش کڕینە، ئەمەش بۆ ئەوەی لەسەرت نەبێتە قسە و ڕەخنە و ئازار بۆت، ئەوانەی باسکران ئەوەی حەز بکەی دوای دەخەی و نایهێنی یا لەگەڵی نانویت و ئەوەی ئارەزووشی بکەی دەیهێنی و بەخۆتی دەگری و لەگەڵی دەنوی، یا کامەیان حەز بکەی تەڵاقی دەدەی و کامیان حەز بکەی دەیهێڵیتەوە و ئەوەی تەڵاقی ڕەجعیت

داون بخوازی و بیانگێڕیتەوە هیچ گوناحێکی تێدا نییە، ئەم سەرپشکییە لەبەر چاو و دڵی ئەوانە و ئەوانیش دەبێ دڵخۆش بن بەوەندی داونەتێ لە کرێ و مارەیی نابێ خەمناك بن، ئیدی لەمەودوا نابێ ژنی تر بێنێت یا بیانگۆڕی بەژنی تر، وەك یەکی تەڵاق بدەی و یەکی تر مارە بکەی، با زۆریشت پێ جوان و لەبار بن، تەنیا کەنیزەك نەبێ ئەوت بۆ دروستە) لەم ئایەتەش دەرکەوت کە (ڕا) هەر (ڕا)ی مێردە و ژن هیچ دەسەڵاتێکی نییە، لەم ئایەتە کە ڕوو لە پێغەمبەرە (د.خ) و پێغەمبەریش پێشڕەوی موسوڵمانانە، هەر ژنێك خۆی پێشکەش پێغەمبەر (د.خ) بکا ئەگەر پێغەمبەر (د.خ) حەزی لێ بکا نەکا و نەڵێ باشە سەر ناگرێ، دیسان پیاو مافی ئەوەی هەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ هۆیەك تەنیا بۆ دابینکردنی ئارەزووی خۆی جنسی و هیچی تر نا ژنی خۆی تەڵاق بدا و ژنێکی تر مارە بکا ئەگەر چوار ژنی هەبێ یا هەر چواریان یا هەندێکیان تەڵاق بدا و بەئەندازەی تەڵاقدراوان ژنی تازە مارە بکا. لە ژیانی پیاودا سنوور بۆ ئاڵوگۆڕی دانەندراوە چەند جار دەیکا یا نایکا، بەئارەزووی پیاو خۆیەتی و ژن هیچ مافێکی نییە تەنیا مارەیی و ناندانیان نەبێ کە لە کاتی تەڵاقدان دەبێ بیاندرێتێ و لێیان نەسەندرێتەوە ئەگەر پێشتر وەریان گرتبوو. جگە لەمانە کە ژنی ئازاد، پیاو دەتوانێ کەنیزەك (جاریە) بکڕێ هەر چەندێکی بیەوێ و لەگەڵیشیان ڕابوێرێ سەرباری ژنە ئازادەکانی خۆی. لێرەدا وەك تا ئێستا دیمان، قورئان بۆ ژنهێنان هەر ڕوو لە پیاو و مێرد دەکا و هیچ ڕووەکی نەداوەتە ژن، جا با بزانین کردار و گوفتار و ڕەفتاری پێغەمبەر (د.خ) و یاوەرەکانی چۆنن و چ دەڵێن.

سەحیحی موسلیم ڕیوایەت دەکا و دەڵێ: (حدثنا سعید بن منصور وقتیبة بن سعید قالا حدثنا مالك ح وحدثنا یحیی بن یحیی (واللفظ له) قال قلت لمالك حدثك عبدالله بن الفضل عن نافع بن جبیر عن ابن عباس ان النبي (ص) قال الأیم أحق بنفسها من ولیها والبکر تستأذن في نفسها

وأذنها صماتها. قال نعم) واته: پێغەمبەر (د.خ) گوتویەتی بێوەژن بەخۆی لەپێشترە لە سەردارەکەی بەڵام کچ پرسی پێ دەکرێ و ڕا لێبوونەکەشی بێدەنگبوونیەتی. لەم ڕووەوە زۆر ڕیوایەت هەیە و هەموو لە دارشتنندا جیاوازن بەڵام لە مەبەست و مەعنا هەموویان یەکن. لێرەشدا کاتێك دێ بۆ داخوازی ئەگەر بێوەژن بێ بەقسە (ڕا)ی خۆی بەدەر دەخا، بەڵام کچ ئەگەر لێیان پرسی «مێردی پێ دەکەی» هەر بێدەنگ بێ واتە ڕازیبوونیەتی (حدثنا أبوكريب محمد بن العلاء حدثنا أبو أسامة ح وحدثنا أبوبكر بن أبى شيبة قال وجدت فى كتابي عن أبي أسامة عن هشام عن أبيه عن عائشة قالت: تزوجنى رسول الله (ص) لست سنين وبنى بي وأنا بنت تسع سنين قالت فقدمنا المدينة فوعكت شهرا فوفى شعري جميمة فأتتنى أم رومان وأنا على أرجوحة ومعي صواحبى فصرخت بى فأتيتها وما أدري ماتريد بي فأخذت بيدي فأوقفت على الباب فقلت هەهە حتى ذهب نفسي فأدخلتنى بيدي فأوقفت على الباب فقلت هەهە حتى ذهب نفسي فأدخلتني بيتا فأذا نسوه من الأنصار فقلن على الخير والبركة وعلى خير وطائر فأسلمتني اليهن فغسلن رأسي واصلحنني فلم يرعني الا ورسول الله (ص) ضحى فأسلمنني اليه) عائیشە دەڵێ من کە لە پێغەمبەر مارەکرام تەمەنم شەش ساڵان بوو، عائیشە دەڵێ کە هاتینە (مەدینە) گرانەتام گرت و هەموو مووی سەرم هەڵوەرا و سەرلەنوێ هاتەوە تا گەیشتە ناو شانم، من و هاوەڵەکانم لەسەر جۆلانە یاریمان دەکرد کە دایکی رۆمان- دایکی عائیشە بانگی کردم نەمزانی چیی لێم دەوێ و دەستی گرتم و لەسەر دەرگایەك منی ڕاگرت منیش گوتم ها ها هاتمەوە سەرخۆ و بردمیەماڵێك کە هەندێ ژنی ئەنساری لەوێ بوون و گوتیان بەخێر و خۆشییە و بەختێکی چاك و منی دا دەست ئەوان و ئەوانیش سەریان شوشتم و ڕێکوپێکیان کردم و دامیانە دەست پێغەمبەر (د.خ). لە حەدیسێکی تردا عائیشە دەڵێ پێغەمبەر (د.خ) لە حەوت ساڵیمدا مارەی

کردم و لە نۆ ساڵیدا گواستمیەوە و یارییەکانی (بوکۆکە و یاریی منداڵانی تر) لەگەڵیدا گوازراوەتەوە و لە هەژدە ساڵیمدا پێغەمبەر (د.خ) بەجێی هێشتووم و کۆچی دوایی کردووە.

جا پێغەمبەر (د.خ) کە کۆچی دوایی کردووە تەمەنی (٦٣) ساڵ بووە و عائیشە تەمەنی هەژدە ساڵ بووە و کە بۆشی گوازراوەتەوە تەمەنی عائیشە نۆ ساڵان بووە و واتە پێغەمبەر (د.خ) کە عائیشەی هێناوە تەمەنی (٥٤) پەنجا و چوار ساڵ بووە، دەی ئەو نووسەر و چێرۆکنووسانەی بەناوی دین کچی جحێل و گەنجدان بەپیاوی پیر پووچەڵ دەکەن لە کوێن؟.ئەوجار کوا (ڕا)ی عائیشە و پرس پێکردنی لە مێردکردنی؟

حەدیسێکی تر دەڵێ: (حدثنا قتيبة بن سعيد الثقفي حدثنا يعقوب يعني ابن عبدالرحمن القاري عن أبي حازم عن سهل بن سعد وحدثنا قتيبة حدثنا عبدالعزيز بن أبي حازم عن أبيه عن سهل بن سعد الساعدي قال جاءت إمرأة الى رسول الله (ص) فقالت يا رسول الله جئت أهب لك نفسي فنظر اليها رسول الله (ص) فصعد النظر فيها وصوبه ثم طأطأ رسول الله (ص) رأسه فلما رأت المرأة لم يقض فيها شيئا جلست فقام رجل من أصحابه فقال يا رسول الله أن لم يكن لك بها حاجة فزوجنيها فقال فهل عندك من شيء فقال لا والله يا رسول الله فقال اذهب الى أهلك فأنظر هل تجد شيئا فذهب ثم رجع فقال لاوالله يارسول الله ماوجدت شيئا فقال (ص) أنظر ولو خاتما من حديد فذهب ثم رجع فقال لاوالله يا رسول الله ولا خاتمامن حديد ولكن هذا أزاري «قال سهل ماله رداء» فلها نصفه فقال رسول الله (ص) ما تصنع بأزرارك ان لبسته لم يكن عليها منه شيء وان لبسته لم يكن عليك منه شيء فجلس الرجل حتى اذا طال مجلسه قام فرآه رسول الله (ص) موليا فأمر به فدعى فلما جاء قال ماذا معك من القرآن قال معي سورة كذا وسورة كذا (عددها) فقال تقرؤهن عن ظهر قلبك قال نعم قال إذهب فقد ملكتها بما معك من القرآن هذا حديث ابن أبى حازم وحديث يعقوب يقاربه في اللفظ).

واتە ژنێك هاتە لای پێغەمبەر (د.خ) گوتی: «ئەی پێغەمبەری خوا خۆم بەتۆ دەبەخشم پێغەمبەریش (د.خ) تەماشای قەد و باڵای کرد واتە چاوی بڵند کرد و دوایی نەوی کرد لە پاشا سەری داخست، ژنەکە دیتی هیچی بۆ بەجێ نەکرا دانیشت، یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر هەستاوە و گوتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر ناتەوێ لە منی مارە بکە، پێغەمبەریش گوتی چیت هەیە، گوتی هیچم نییە گوتی بچۆ ماڵەوە بگەڕێ، پیاوەکە چووە ماڵ و هاتەوە و گوتی نەبەخوا هیچم دەست نەکەوت، گوتی بچۆ بگەڕێ ئەنگوستیلەیێکی ئاسنیش بێ، دیسان چوو و هاتەوە گوتی نا بەخوا ئەویشم چنگ نەکەوت، بەڵام ئەم کراسەم هەیە (سەهل گوتی چۆن کراسێك؟) نیوەی دەدەمێ، پێغەمبەر (د.خ) گوتی چی لە نیوە کراس دەکەی ئەگەر تۆ لەبەری کەی هیچ بەر ئەو ناکەوێ و ئەگەر ئەو لەبەری بکا هیچت بەرناکەوێ، پیاوە دانیشت تا دانیشتنەکە درێژەی کێشا لە پاشا هەستا و ڕۆیی لەو کاتە پێغەمبەر دیتی وا دەڕوا فەرمووی بانگی بکەن و بگەڕێتەوە، کە هاتەوە پێغەمبەر گوتی چت لە قورئان پێیە؟ گوتی بەڵێ ئەو سوورەتە و ئەم سوورەتە (ژماردنی) پێغەمبەر گوتی: "بڕۆ ئەوا دامە تۆ بەوەی لەبەرتە لە قورئان".

لێرەشدا ژنە پرسی پێ نەکرا ئایا پیاوەی دەوێ یا نایەوێ تەنیا ئەوە بوو کە خۆی بەپێغەمبەر (د.خ) بەخشیبوو ئیتر پێغەمبەر (د.خ) بوو بەسەرداری ژنە و دایە ئەو پیاوە بەخوێندنی قورئان کە مارەییی ژنە فێربوونی قورئان بوو.

حەدیسێکی تری سەحیحی موسلیم لاپەڕە ١٤٥ جوزئی چوارەم دەڵێ (حدثني زهير بن حرب حدثنا أسماعيل يعني ابن علية عن عبدالعزيز عن أنس أن رسول الله (ص) غزا خيبر قال فصلينا عندها صلاة الغداة فركب نبي الله (ص) وركب أبو طلحة وأنا رديف أبي طلحه فاجرى نبي الله (ص) في زقاق خيبر وأن ركبتي لتمس فخذ نبي الله (ص) وأنحسر الأزار عن

فخذ نبي الله (ص) فاني لأرى بياض فخذ نبي الله (ص) فلما دخل القرية قال الله أكبر خربت خيبر انا اذا نزلنا بساحه قوم فساء صباح المنذرين قالها ثلاث مرات قال وقد خرج القوم الى اعمالهم فقالوا محمد والله قال عبدالعزيز وقال اصحابنا «محمد والخميس» قال واصبناهم عنوه وجمع السبي فجاءه دحية فقال يا رسول الله اعطني جارية من السبي فقال إذهب فخذ جارية. فأخذ صفية بنت «حيي» فجاء رجل الى النبي (ص) فقال يانبي الله أعطيت دحية (صفيه) بنت (حيي) سيد قريظة والنظير، ماتصلح ألا لك قال أدعوه بها قال فجاء بها فلما نظر اليها النبي (ص) قال خذ جارية من السبي غيرها، قال واعتقها وتزوجها فقال له ثابت يا أبا حمزة ما أصدقها قال نفسها أعتقها وتزوجها حتى اذا كان بالطريق جهزتها ام سليم فأهدتها له من الليل فأصبح النبي (ص) عروسا فقال من كان عنده شيء فليجيء به قال وبسط نطحا قال فجعل الرجل يجيء بالاقط وجعل الرجل يجيء بالتمر وجعل الرجل يجيء بالسمن فحاسوا حيسا فكانت وليمة رسول الله (ص) ) واته: دەڵێ، لە بەسەرداداني خەیبەردا پێغەمبەر «دخ» سوار بوو منیش لە پشت ئەبی تەلحە سوار بووم و بەکۆڵانەکانی خەیبەردا دەڕۆیشتین ئەژنۆم لە ڕانی پێغەمبەر دەخشا و کراسەکەی هەڵماڵا تا سپیاتیی ڕانی پێغەمبەر (د.خ) بەدیار کەوت، کە چووینە ناو گوند، پێغەمبەر گوتی «باخەیبەر کاول بێ، ئێمە لە مەیدانی هەر نەتەوەیەك دابەزین ڕۆژی ڕەشیان بێ» ئەمەی سێ جار گوتەوە خەڵکی خەیبەریش تازە دەردەچوون – بەبێل و پێمەڕە و پاچ و خاکەناس بۆ سەر کێڵگە و بیستانیان و مەڕ و ماڵاتیان تازە ڕا دەدا بۆ لەوەڕگا – کە چاویان بە ئێمە کەوت گوتیان بەخوا ئەمە موحەممەد و سوپاکەیەتی، ئێمە لێمان دان و سەرکەوتین و گرتمانن و تالان و ژنە بەدیل گیراوەکانمان کۆ کردەوە و (دەحیە) هاتە لای پێغەمبەر (د.خ) گوتی کەنیزەکێکم لەو ژنە تالانییانە بدەیێ، گوتی بڕۆ یەکێك بەرە بۆ خۆت، ئەویش چوو «سەفیەی

کچی (حویەی) هەڵبژارد، پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر گوتی ئەی پێغەمبەری خوا (سەفیە) کچی (حویەی) گەورەی قورەیز و نەزیرت دا بە (دەحیە)! ئەو کچە بۆ تۆ نەبێ بۆ کەس دەست نادا، پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی بانگیان کەن، کە (سەفیە)یان هێنا و چاوی پێ کەوت گوتی (دەحیە) جاریەیەکی تر بۆ خۆت بەرە، جا پێغەمبەر (د.خ) (سەفیە)ی ئازاد کرد و لە خۆی مارەکرد، (سابیت) بە(ئەباهەمزە)ی گوت مارەییی (سەفیە) چ بوو؟ گوتی ئازادکردنی و مارەکردنی، ڕیوایەتی تر هەیە کە دەڵێ (سەفیە) لە دابەشکردنی ژنە تالانییان بەسەر شەڕکەراندا بەر (دەحیە) کەوت و پێغەمبەر (د.خ) بەحەوت سەر لێی کڕیەوە. لە ڕیوایەتێکی تردا دەڵێ: «سەفیە بەر دەحیە کەوت و خەڵکی زۆریان بەجوانیی هەڵدەدا، کە شتی وا جوان و لەبار لە ناو ژنە تالانیدا نەبیندراوە و پێغەمبەریش ناردیە دوای (دەحیە) و بەوەندەی ویستی لێی کڕیەوە، ئەنجا (سەفیە)ی ناردە لای (ئومی سولەیم) بۆ ئامادەکردنی ئەویش ڕازاندیەوە و ئامادەی کرد و بەشەو باڵی پێغەمبەری کرد و پێغەمبەر (د.خ) بوو بەزاوا و گوتی هەر کەس چی هەیە بابهێنێ، جا هەبوو ڕۆنی هێنا و هی وا هەبوو کەشکی هێنا و هەندێکی تر خورمایان هێنا و سفرە داخرا و تێکەڵ کران و بوو بەزەماوەندی پێغەمبەر (د.خ)  و خەڵکەکە تێریان خوارد و دەیانگوت نەماندەزانی پێغەمبەر (سەفیە)ی کردووە بەژنی خۆی یا هەر وەکو کەنیزەکە، دوایی گوتمان ئەگەر پێغەمبەر (د.خ) سەفیەی داپۆشت ئەوا دیارە کردوویە بەژنی خۆی و ئەگەر هەر وەکو خۆی هێشتەوە و دای نەپۆشت ئەوە دیارە وەك کەنیزەکی وەرگرتووە. لە پاشان کە ویستی سواربێ (سەفیە)ی داپۆشت و لە پشت پێغەمبەر (د.خ) سواری حوشتر بوو، ئەو کاتە خەڵکەکە زانییان کە مارەی کردووە و بووەتە ژنی کەنیزەك نییە، جا کە نزیك کەوتنەوە لە مەدینە پێغەمبەر پەلەی کردو هاژوای و ئێمەش هاژوامان و حوشترەکەی پێغەمبەر ساتمەی کرد و پێغەمبەر پەڕی و

کەوت و ئەویش کەوت و پێغەمبەر (د.خ) هەستاوە و سەفیەی داپۆشت، ژنانی مەدینە کە ئەوەیان دی گوتیان «خوایە ژنە جولەکەمان لێ وەدوورخا» دەڵێ گوتم ئەبو هەمزە ئایا پێغەمبەر (د.خ) کەوت؟ گوتی ئەرێ وەڵڵا کەوت. لەم کردارە دەردەکەوێ کە ژن بەتایبەت ژنێك لە شەڕ بەتالانی گیرابێ هیچ مافێکی نییە و دابەش دەکرێ بەبێ ویستی خۆی وەك کوتاڵ و کەلوپەلی کە بەتالان گیرابێ، دەکڕێ و دەفرۆشرێ و دەبەخشرێ و ژنە هیچ مافێکی نییە وەك هەر کوتاڵێکی بێ زمان دەبێ بەر فەرمان بێ و بێ چەندوچوون و ژنە بەمێرد بێ یا بێ مێر.

حەدیسێکی تر (حدثنا يحيى بن أيوب وقتيبه بن سعيد وعلي بن حجر قالوا حدثنا أسماعيل بن جعفر أخبرني ربيعة عن محمد بن يحيى بن حيان عن عمر أبن محيريز أنه قال دخلت أنا وأبو صرمة على أبى سعيد الخدري فسأله أبو صرمة فقال نعم «غزونا مع رسول الله (ص) غزوة بنى: لمصطلق فسبينا كرائم العرب فطالت علينا العزبة ورغبنا في الفداء فأردنا أن نستمتع ونعزل فقلنا نفعل ورسول الله بين أظهرنا لانسأله فسألنا رسول الله (ص) فقال لا عليكم أن لاتفعلوا ما كتب الله خلق نسمة هي كائنة الى يوم القيامة الا ستكون) دەڵێ «لە بەسەرردادانی بەنی موستەلەق گەورە ژنانی عەرەبمان بەتالان گرتن و دەمێکیش بوو ڕەبەن بووین و لە ژنانمان دوور بووین ویستمان ڕابوێرین لەگەڵ ئەو ژنە بەدیلگیراوانە بەڵام لە منداڵ بوونیان دەترساین بۆیە وتمان ڕادەبوێرین و ئاویان تێ ناکەین لە پاشان گوتمان پێغەمبەرمان لەگەڵدایە و لێی دەپرسین؟ لێیمان پرسی گوتی بۆ وا دەکەن، بەدڵی خۆتان بکەن و لە دەرەوەی مەکەن، ئەوەی خوا بیەوێ دروستی بکا دەیکا ئەگەر لە دەرەوەش بێ. لێرەدا دەردەکەوێ کە ژنی بەدیلگیراو و تالانی با عەرەبیش بێ کە ڕەگەزی خۆیان بووە جیا نەدەکرایەوە و هەمان ڕەفتاری دەگەڵدا کراوە کە لەگەڵ بێگانە کراوە و دەکرا و ژنە هیچ (ڕا)یەکی نییە و بەر هەر کەس کەوت بێ بەئارەزووی

خۆی لەگەڵی ڕا بواردووە ژنە ویستبێتی یا نە مێردی هەبووبێ یا نە، و هەر کاتێ پیاو ویستویە فرۆشتویە.

(حدثنا عبیدالله بن عمر بن میسرة القواریري حدثنا یزید بن زریع حدثنا سعید بن أبي عروبة عن قتادة عن صالح أبي الخلیل عن أبي علقمة الهاشمي عن أبي سعید الخدري أن رسول الله (ص) یوم حنین بعث جیشا الى أوطاس فلقوا عدوا فقاتلوهم فظهروا علیهم وأصابوا لهم سبایا فكان ناس من أصحاب الرسول (ص) تحرجوا من غشیانهن من أجل أزواجهن من المشركین فأنزل الله عزوجل في ذلك «والمصحنات من النساء إلا ما ملكت» أي فهن حلال لكم أذا أنقضت عدتهن). واتە: دەڵێ پێغەمبەر (د.خ) لەشكری كردە سەر (ئەوتاس) كە جێگەیێكە لە لای تایف و گەیشتنە دوژمن و بەشەڕ هاتن و موسوڵمانان سەركەوتن و ژنیان لێ بەتاڵان گرتن، هەندێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) دەیانویست لەگەڵ ژنەكان ڕابوێرن، بەڵام دەترسان كە گوناح بێ چونكە ژنەكان مێردیان هەبوون و واشیان دەزانی ژنی بەمێرد دروست نییە لەگەڵی ڕابوێردرێ با تاڵانیش بێ، جا خوا ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ كە دەڵێ «ژنی بەمێردیش دروست نییە مەگەر تاڵانی بێ» واتە ژنی بەدیل گیراو حەڵاڵە بۆتان، چونكە پێوەندیان لەگەڵ مێردیان دەبڕێ بەبوونیان بەدیل و تاڵانی بۆیە بۆ موسوڵمانان دروستە لەگەڵیاندا ڕابوێرن پاش تەواو بوونی چاوەنوارِیی (سێ مانگە)یان.

حەدیسیكی تر (حدثنا زهیر بن حرب ومحمد بن المثنى وعبدالله بن سعید عن عبیدالله أخبرني سعید بن أبي سعید عن أبي هریرة عن النبي (ص) قال «تنكح المرأة لاربع لمالها ولحسبها ولجمالها ولدینها فأظفر بذات الدین تربت یداك) دەڵێ ژن لەبەر چوار شتان خوازبێنی دەكرێ لەبەر دارایی و بنەماڵەیی و جوانی و لەبەر دینی، ئەتۆ بەدینەكە هەڵبژێرە دەستت دەرد نەكا».

لێرەدا پێغەمبەر ڕووی لە پیاو کردووە کە داخوازیی ژن بکەن لەبەر ئەو شتانەی باس کران ئەگەر ژنیش مافی هەڵبژاردنی هەبوایە دەبوو بۆ ئەویش شتێك بگوترابایە کە دەتوانێ مێردی هەڵبژێرێ لەبەر لاوچاکی و ئازایەتی و هەبوونی و جێگەوڕێگەی، بەڵام کە هیچ باسێك بۆ ئەم نییە، دیارە مافی ژن هەر مارەیی وەرگرتن و ناندانیەتی.

## فیقهی ئیمامی شافعی دەربارەی مارەكردن

الأم الجزء الخامس ص١٣ «أخبرنا مسلم وسعيد وعبدالمجيد عن أبن جريح عن سليمان بن موسى عن أبن شهاب عن عروة بن الزبير عن عائشة أن رسول الله (ص) قال «أيما امرأة نكحت بغير أذن وليها فنكاحها باطل فان أصابها فلها الصداق بما أستحل من فرجها» دەڵێ هەر ژنێك بەبێ پرسی سەرداری خۆی مێرد بكا و خۆی مارە كا مارەییێكە پوچ و بەتاڵە، ئەگەر مێردەكە چوو بووە لای ژنە و لەگەڵیدا نوستبوو ئەوە مارەییی دەكەوێتە سەر لەجیاتی ئەو لەگەڵ نووستنە.

(لانكاح الا بولي، والسلطان ولي من لا ولي له.) ئیمامی شافعی دەڵێ بەبێ كەس و سەردار مارەیی نایێ و ئەو كەسەی بێ سەردارە، سەرداری وڵات سەرداریەتی، بەڵگەی ئیمامی شافعی بۆ ئەمە ئایەتی «وإذا طلقتم النساء فبلغن أجلهن فلا تعضلوهن أن ينكحن أزواجهن» و ئایەتی «الرجال قوامون على النساء» و ئایەتی «فأنكحوهن بأذن أهلهن» و حەدیسی موسلیم و سەعدە كە دەڵێ «أيما امرأة نكحت بغير أذن وليها فنكاحها باطل.. الخ» هەر ژنێكی بەبێ پرس و ئاگاداری سەرداری خۆی خۆی مارە بكات مارەییەكە بەتاڵە.

(قال الشافعي: فأي ولي أمرأة ثيب أو بكر زوجها بغير أذنها فالنكاح باطل الا الاباء فى الابكار والسادة في المماليك).

سەرداری هەر ژنێك چ كچ چ بێوەژن مارەیان ببڕێ بێ پرسیان مارەیییەكە پووچ و بەتاڵە تەنیا باوك نەبێ لە مارەكردنی كچی خۆی و خاوەن كەنیزەك نەبێ لە كەنیزەك ئەوان دەتوانن بەبێ پرس پێكردنیان

مارەیان بکەن لە هەر کەسیَ حەز بکەن.

(قال الشافعي: فأي أمرأة نكحت بغير أذن وليها فلا نكاح لها) هەر ژنێك بەبیَ سەرداری خۆی خۆی مارەکرد مارەییەکە بەتاڵە و مارەییی نایێ.

(وەلی:) سەردار ئەمانەن: یەکەم باوك، کە لەگەڵ باوکدا کەس مافی نییە، ئەگەر باوك نەبوو (باپیر) باوکی باوك ئەگەر نەبوو باپیرە گەورە باوکی باپیر پاش ئەمانە ئەنجا (برا)ی دایك و بابی، ئەوجا ئەگەر برای دایك و بابی و برای بابی کۆبوونەوە برای دایك و بابی لە پێشترە ئەگەر برای دایك و بابی نەبوو برای لە باوك لە پێشترە لە هی تر ئەگەر کەس لە کوڕەمام لە پێشتر نەبوو کوڕەمام دەبنە سەردار.

(قال الشافعي: ولابي البكر أن يزوجها صغيرة وكبيرة بغير أمرها وأحب الي أن كانت بالغا أن يستأمرها) لە کتێبی ئەلئومدا کە مەزهەبی ئیمامی شافعییە وا نووسراوە و لە کتێبی «مغني المحتاج الى معرفة معاني الفاظ المنهاج شرح الشيخ محمد الشربيني الخطيب، عين من أعيان علماء الشافعية في القرن العاشر الهجري على متن المنهاج لأبي زكريا يحيي بن شرف النووي من أعلام علماء الشافعية في القرن السابع الميلادي)دا لە باسی مارەکردن و ژنهێناندا لە لاپەڕە ١٤٩دەڵێ (وللأب ولاية إجبارية وهي تزويج إبنته البكر صغيرة أو كبيرة عاقلة أو مجنونة أن لم يكن بينه وبينها عداوة ظاهرة بغير اذنها لخبر الدار قطني «الثيب أحق بنفسها من وليها والبكر يزوجها أبوها» رواية مسلم ويستحب أستئذانها أي البكر إذا كانت مكلفة لحديث مسلم السابق وتطييبا لخاطرها أما غير المكلفة فلا أذن لها والجد كالاب عند عدمه في الاصح ومن على حاشيته كأخ وعم لايزوج صغيرة بحال وتزوج الثيب البالغة بصريح الأذن ويكفي في البكر سكوتها في الاصح، وأحق الأولياء أب ثم جد ثم أبوه ثم أخ لأبوين أو الأب ثم أبنه وان سفل ثم عم ثم سائر العصبة كالارث) واتە باوك سەرداری سەپێنەرە لە مارەکردنی کچی خۆی گچکە یا گەورە هۆشدار یا شێت، بیَ

پرسیان، ئەگەر لە نێوان باوك و كچەدا ناخۆشییەكی دیار و ئاشكرا نەبوو، لەبەر حەدیسی كە دارقوتنی گێڕاویەتەوە دەڵێ «بێوەژن خۆی لەپێشترە لە سەرداری و كچیش باوكی مارەی دەكا» ڕیوایەتی سەحیحی موسلیمە. بەڵام ئەگەر كچە خۆی ناسیبێ و عازەب بوو پرسی پێ بكرێ باشە لەبەر هەمان حەدیسی پێشەوە و لەبەر دڵی كچەكە خۆی بەڵام ئەگەر منداڵ بوو پرسی پێ ناكرێ و مارە دەكرێ.

(وەلی) سەردار: باپیر (باوكی باوك) وەك باوك وایە ئەگەر باوك نەبوو ئەوەی لە بنەماڵەشن وەك برا و مام بەهیچ جۆرێك ناتوانن كچەكە مارە بكەن. بێوەژنی خۆناسیو بەپرسی ئاشكرا مارە دەكرێ، ڕا وەرگرتنی كچ لە مارەكردن بێدەنگبوونیەتی.

پلەی (وەلی) سەردار لە هەمووان لە پێشتر باوكە باپیر ئینجا باپیرە گەورە ئینجا برای دایك و باوكی ئینجا برای لە باوك ئەوجا كوڕی برا هەتا بچێتە خوار لە پاشا مام ئینجا ئەوانی تر وەك لە میراتدا.

موغنی ئەلموحتاج جزئی شەشەم لاپەڕە ١٤١ (ولو قال زوجني أبنتك فقال الولي زوجتك أو قال الولي للخاطب تزوجها أي بنتي فقال الخاطب تزوجت صح النكاح في المسألتين ولا يصح تعليقه، ولو بشر بولد فقال أن كان أنثى فقد زوجتكها فالمذهب بطلانه) دەڵێ ئەگەر داخوازیكەری كچە بەباوكی كچەی گوت كچەكەتم بدەیە و لێم مارە بكە و باوكی كچە گوتی باشە وا لێم مارە كردی، یا سەرداری كچە بەداخوازیكەری گوت كچەكەم مارە بكە ئەویش گوتی باشە مارەم كرد، مارەیێكە لە هەر دوو حاڵەتدا دێ و دروستە بەڵام دروست نییە مارەیی بەشتێكەوە ببەسترێتەوە وەك ئەگەر مژدە درا بەباوك كە منداڵێكیان بووە، بڵێ ئەگەر منداڵەكە مێ بوو ئەوا دامە تۆ و لە تۆم مارە كرد، ڕاست لە مەزهەب ئەوەیە ئەمجۆرە مارەییە پووچە هەروەها مارەكردنی كاتی، بۆ ماوەیێك، و ژن بەژن ئەگەر ژنەكان خۆیان لەجیاتی مارەیی (بەكرێدان) درابن بەیەكتری، بەڵام ئەگەر

مارەیی بۆ هەر یەکەیان دیاری کرابێ دروستە.

(وللمجبر لموليته التوكيل في التزويج بغير إذنها كما يزوجها بغير إذنها لكن يسن له إستئذانها ويكفي سكوتها ولا يشترط في جواز توكيل المجبر تعيين الزوج للوكيل في الأظهر، لأنه يملك التعيين في التوكيل فيملك الاطلاق كما في البيع وسائر التصرفات ويحتاط الوكيل فلا يزوج في غير الكفء) دەڵێ سەرداریێ کە زۆری لە دەستە، وەك باوك و باپیرەگەورە، دەتوانێ وەکیل بگرێ بۆ مارەکردنی کچەکەی و هەموو مافێکی باوك هەیەتی لە ڕووی مارەکردنی کچەکەی و هەموو مافێکی باوك هەیەتی لە ڕووی مارەکردنی بێ پرس وەکیلیش ئەو مافەی دەبێ و دەتوانێ کچە مارە بکات بەبێ پرس، بەڵام باشە ئەگەر پرسی پێ بکا و ڕێدانی کچەش لەم حاڵەتەدا بێدەنگبوونیەتی مێرد دیاریکردن لە لایەن باوکەوە مەرج نییە لەم وەکالەتە وەك بڵێ کچەکەم بدە بەفلانە کەس. کە وەکالەتی وەرگرت هەموو شتێك دەتوانێ وەك وەکالەتی کڕین و فرۆشتن و شتی تر، بەڵام چاك وایە وەکیل کچەکە لە هاوتای خۆی نەبێ مارە نەکا.

ئەمەیە بڕیاری فیقهی ئیسلامی لە بارەی مارەکردنی ژن و چۆنیەتیی، ئیدی ئەو کەسانەی دەڵێن «ئاینی ئیسلام مارەکردنی بێ پرس و مارەبڕینی سەرلانکە پووچەڵ دەکا» نازانم لە کام ئاین و دینیان وەرگرتووە؟ ئەوەتا بەئاشکرا دین دەڵێ «کچی گچکە و منداڵ مارە دەکرێ هەڵبەت پرسیشی پێ ناکرێ ئەوەتا حەزرەتی عائیشە (خ.ل) باوکی لە پێغەمبەری (د.خ) مارە کردووە لە حەوت ساڵان، دیارە پرسیشی پێ نەکراوە چونکە کە گواستیتیانەوە لە ناو منداڵان لەسەر جۆلانە یاریی دەکرد و نەیدەزانی مەسەلە چییە تا دایانە دەست پێغەمبەر (د.خ) وەك لە حەدیسی پێشەوە دەگێڕێتەوە و لەو کاتیشدا کە تەمەنی عائیشە نۆ ساڵان بووە و تەمەنی پێغەمبەریش (د.خ) پەنجا و چوار ساڵ بووە. ئەو کەسانەی بەناوی دین خەڵك دەخەڵەتێنن دەبێ خوا چ سزایێکیان بدا؟ لە دونیا ڕووزەرد و لە قیامەتیش دۆزەخ.

## پلەی کۆمەڵایەتیی ژن

لە بارەی شایەتی و میرات و خوێن، ژن بەکەمتر لە پیاو تەماشا دەکرێ، بۆ شایەتی دوو ژن لەجیاتی پیاوێك دادەندرێن و لە میراتیشدا نیو بەش وەردەگرێ و لە خوێنیشدا نیو ئەوەندەی خوێنی پیاو وەردەگرێ وەك لە قورئاندا هاتووە لە ئایەتی ٢٨٢ لە سوورەتی ئەلبەقەرەدا دەڵێ (وأستشهدوا شهيدين من رجالكم فان لم يكونا رجلين فرجل وأمرأتان ممن ترضون من الشهداء أن تضل أحديهما فتذكر أحديهما الأخري) واتە: دوو پیاوان بکەن بەشایەت، ئەگەر دەست نەکەوت ئەوا پیاوێك و دوو ژن لەوانەی لێتان خۆش دێن، ئەگەر یەکێکیان لەبیری کرد ئەوی تر بیری بخاتەوە.

لێرەدا بۆ شایەتی، ژن بەنیوەی پیاو ژمێردراوە، وەك لە میراتدا وایە لە سوورەتی ئەلنیسائدا ئایەتی ١٢ دەڵێ (ولكم نصف ما ترك أزواجكم ان لم يكن لهن ولد فان كان لهن ولد فلكم الربع مما تركن من بعد وصية يوصين أو دين، ولهن الربع مما تركتم من بعد وصية توصون بها أو دين) میرات لە ژنانتان نیوەی بەجێماوە ئەگەر منداڵیان نەبوو، ئەگەر منداڵیان هەبوو ئەوا چواریەکی بەجێماوە پاش بەخشین و دانەوەی قەرز، میراتی ژنان لە مێردیان چواریەکی جێماوە ئەگەر منداڵتان نەبوون، ئەگەر منداڵتان هەبوون ئەوا هەشتێك وەردەگرن پاش بەخشین و قەرزدانەوە.

ئایەتی (١١) لە سوورەتی ئەلنیسائدا (يوصيكم الله في أولادكم للذكر مثل حظ الأنثين) واتە خوا لە بارەی میراتی منداڵانتان پێتان دەڵێ بۆ نێر دوو ئەوەندەی بەشی مێ و لە ئایەتی ١٧٦ هەمان سوورەتدا دەڵێ (وان

كانوا أخوة رجالا ونساء فللذكر مثل حظ الأنثين يبين الله لكم أن تضلوا والله بكل شيء عليم) واتە: ئەگەر میراتگران خوشك و برا بوون ئەوا نێر دوو ئەوەندەی بەشی مێ دەبا، خوا ئاوا بۆتان دیاری دەکا نەوەکا بەهەڵە بچن و خوێنی ژن نیوەی خوێنی پیاوە. ئیمامی شافعی دەڵێ: نەمزانیوە نە لە پێش و نە تازە کەسێك لە زاناکان هەبووبێ و هەبێ (ڕا)ی لەگەڵ ئەوە نەبێ کە خوێنی ژن نیوەی خوێنی پیاوە ئەم خوێنەش بۆ ژن پەنجا حوشترە، ئەگەر بڕیاری خوێندان درا بۆ ژن ئەوە پەنجا حوشتر دەدرێ، ئەگەر ژنێك بەئانقەست کوژرا و کەسوکاری خوێنیان داواکرد ئەوا خوێنی پەنجا حوشترە. ئەمەش دەقی قسەی ئیمام (قال الشافعي رحمه الله تعالى: لم أعلم مخالفا من أهل العلم قديما ولا حديثا في أن دية المرأة نصف دية الرجل وذلك خمسون من الأبل فأذا قضي في المرأة بدية فهي خمسون من الأبل، وأذا قتلت عمدا فأختار ديتها فديتها خمسون من الأبل).

## لێدانی ژن

ئایەتی ٣٤ لە سوورەتی ئەلنیسائدا دەڵێ (الرجال قوامون على النساء بما فضل الله بعضهم على بعض وبما أنفقوا من أموالهم فالصالحات قانتات حافظات للغيب بما حفظ الله والتي تخافون نشوزهن فعظوهن وأهجروهن في المضاجع وأضربوهن فأن أطعنكم فلا تبغوا عليهن سبيلا أن الله كان عليا كبيرا) واتە پیاو سەردار و گەورەی ژنە لەبەرئەوەی خوا پیاوی بەگەورەتر داناوە و لەبەرئەویش کە پیاو لە ماڵی خۆیان خەرجییان داوە بەژنان، وەك مارەیی و نانداندان و جلوبەرگکردن بۆ ژنی تەڵاقدراوی مارەیی. بەیزاوی دەڵێ بەگەورە دانانی پیاو لەبەر تەواویی هۆش و بیر و ڕێکوپێکی بەڕێوەبرنی کاروبار پتربوونی هێز لە کارکردن و خواپەرستی، هەر لەبەر گەورەیی پیاوە کە خوا پێغەمبەرایەتی و پێشەوایی و سەرداریی کار و جێبەجێکردنی کار و فەرمانی خەڵك و شایەتی و خەباتکردنی، جیهاد، و نوێژی هەینی و بەشی زۆری میرات و تەنیایی بەجیابوونەوە لە ژن (تەڵاقدان) بەپیاوی سپاردووە و لەسەر شانی داناوە، ژنی خۆش ڕەفتاریش ئەوەیە کە خواپەرست بێ و بەگوێی مێردی بکا و بەپێویستیی ژن و مێردایەتی هەستێ و پاشملەی مێردی پارێزگاری لە لەشی خۆی و ماڵی مێردی بکا، پێغەمبەر (د.خ) فەرموویە «چاکترین ژن ئەو ژنەیە کە تەماشای بکەی دڵخۆش بی و ئەگەر کارێکی پێ بڵێی جێبەجێی بکا و ئەگەر پشتت تێ کرد بتپارێزێ لە خۆی و ماڵت» ئەوجا پێغەمبەر ئەم ئایەتەی خوێندەوە، ئەو ژنانەی بەگوێتان ناکەن ئامۆژگارییان بکەن و لەگەڵیان مەنوون و لێیان بدەن ئەگەر بەگوێیان کردن بەهانەیان پێ مەگرن و ستەمیان لێ مەکەن».

بەیزاوی دەڵێ «هۆی هاتنی ئەم ئایەتە دەڵێن سەعدی کوڕی ئەلرەبیع کە یەکێك بووە لە گەورە پیاوانی ئەنساری ژنەکەی حەبیبە ناو کچی (زید)ی کوڕی (ئەبو زوهەیر) بووە و نافەرمانیی کردووە ئەویش زللەیێکی لێ داوە و باوکی ژنە، ژنەی هەڵگرتووە و چووەتە لای پێغەمبەر (د.خ) پێغەمبەریش گوتویە «با تۆڵەی لێ بسێندرێتەوە» پاشان ئەم ئایەتە هاتە نووسین و پێغەمبەر (د.خ) فەرموویە «ئێمە شتێکمان ویست و خواش شتێکی تر، ئەوەی خوا ویستوویە چاکترە» کەوابوو ژن وەك کرێگرتەی پیاو دەبێ بەرفەرمان بێ و هەر کاتێ نا فەرمانیی کرد ئامۆژگاری دەکرێ ئینجا لەگەڵی نانوێ ئەگەر هەر نافەرمانی کرد لێی دەدرێ ئەمەش وەك دیمان دەقی ئایەتی قورئانە، دەی ئەو یەکسانی ژن و پیاوە لە کوێیە؟ و ئەو ڕوانگە هاونەعییە لە کوێیە؟

ئا ئەمەیە حوکمی ئیسلام و لەسەر هەموو موسوڵمانێك پێویستە پێی ڕازی بێ و بەرفەرمان بێ و بەدڵخۆشییەوە پەیڕەوی و جیبەجێی بکا.

## جلوبەرگی ژن و ژن خۆی (شەرمە) عەورەتە

بەپێی دینی ئیسلام پێویستە ژن خۆی داپۆشێ و جوانیی خۆی و لەشی لەبەر چاوی پیاوی بیانی (نامەحرم) وەدەر نەخا، واتە لەشی ژن لە خودی خۆی شەرمە (عەورەتە) ئەم قسەی (هەستە وەرە عەبات فڕێ دە چ وەعدەی شەرمە) بانگەوازێکە دژ بەئاینی ئیسلامە فەرموون با لێی بکوڵینەوە، ئایەتی ٣١ لە سوورەتی ئەلنووردا دەڵێ (وقل للمؤمنات يغضضن من أبصارهن ويحفظن فروجهن ولايبدين زينتهن الا ماظهر منها وليضربن بخمرهن على جيوبهن ولايبدين زينتهن إلا لبعولتهن أو أباء بعولتهن أو أبناء بعولتهن أو اخوانهن أو بني إخوانهن أو بني أخواتهن أو نسائهن أو ما ملكت ايمانهن أو التابعين غير أولي الأربة من الرجال أو الطفل الذين لم يظهروا على عورات النساء ولا يضربن بأرجلهن ليعلم ما يخفين من زينتهن وتوبوا الى الله جميعا أيها المؤمنون لعلكم تفلحون) واتە: ئەی پێغەمبەر بەژنانی موسوڵمان بڵێ با چاوی خۆیان دانەوێنن لە تەماشاکردنی ئەو پیاوانەی نا مەحرەمن هەروەها با لەش و دامەنی خۆیان بپارێزن لە خراپەکاری و داوێنپیسی، و جوانیی لەشولاری و جوانی خشڵ و بەرگیان بۆ بێگانە بەدەر نەخەن تەنیا ئەو شوێنانە نەبێ کە ناچارن وەدەری بخەن، وەك دەموچاو و هەردوو دەست بەئەندازەی ناو لەپ واتە تا مەچەك، چونکە داپۆشینی ئەم شوێنانە ئاسان نییە، هەروەها مل و گەردەنیان بەچارۆکەیان داپۆشن و جوانیی خۆیان بۆ بیانی وەدەر نەخەن تەنیا بۆ مێردیان بەدەری بخەن، چونکە مێرد پێویستە بەجوانیی ژنی، دیسان ئەگەر جوانییان لەبەرچاوی باوکی مێردیان و کوڕی مێردیان یا برایان یا کوڕی برایان یا کوڕی خوشکیان یا ژنانی

موسوڵمان یا کارەکەریان یا دەست و پێوەندی پیر کە توانای پیاوەتییان نەمابێ یا منداڵانی وەها کە هێشتا بەسەروکاری ژن و مێردایەتی نازانن، بەدەرخەن گوناح نییە و چی تێدا نییە، چونکە ئەوانە زۆر تێکەڵن و چاوەڕوانیی خراپەیان لێ ناکرێ و دەرکەوتنی جوانییان نابێ لەبەرچاوی ژنی ناموسوڵمان و کافر دەربخەن چونکە لەوانەیە ژنە کافرەکان بۆ مێردەکانیان بگێڕنەوە، ژنانێ کە خۆیان بەچارۆکە دادەپۆشن و جوانییان. دەشارنەوە نابێ پێی خۆیان توند لە زەوی بدەن تا خرینگەی پاوانەیان بێ و بەمە ئەوەی شاراوەتەوە لە جوانی بەدەری بخەن و بەخەڵکی ڕاگەینن کە پاوانەیان لە پێیە، چونکە بەخرینگەی پاوانە و زرەی خشڵ و ملوانکە نیشەی پیاوان دەجوڵێنن، ئیدی هەموو لایێکتان بگەڕێنەوە و پاشگەز ببنەوە لەوەی پێشتر کردووتانن و چی تر ئەو کار و ڕەفتارە خراپانە مەکەن و فەرمانی خوا جێبەجێ بکەن».

لێرەدا ژنی موسوڵمان نە تەنیا لەبەر چاوی پیاوی بێگانە دەبێ خۆ بەچارۆکە داپۆشێ بەڵکو دەبێ لەبەر چاوی ژنانی کافریش خۆ داپۆشێ: ئیدی ئەم عەبا فرێدانەی ئازادیی ژن لە کام ئاین هاتووە؟

ئایەتی ٦٠ی سوورەتی ئەلنوور دەڵێ (والقواعد من النساء الاتي لایرجون نکاحا فلیس علیهن جناح أن یضعن ثیابهن غیر متبرجات بزینة وأن یستعففن خیر لهن واللە سمیع علیم). واتە: ئەو ژنانەی لە سك چووینەوە و عوزر شۆر نین و ئومێدی مێردکردنیان نەماوە و لە خۆ گەڕاینەوە گوناحیان ناگاتێ ئەگەر چارۆکەیان داکەنن و فڕێی بدەن، بەبێ بەدەرخستنی جوانی لەبەریاندا بێ بۆیان باشترە. ئەم دوو ئایەتە بەڵگەی زۆر بەلەشی خۆیان، بەڵام ئەگەر چارۆکەکەش فڕێ نەدەن و هەر هێز و ئاشکران، کە نابێ ژن هیچ جێگایێکی لەشی خۆی یا جلکی جوانی و خشڵی لە ملوانکە و گوارە و لاسەرە و پشتێنە و قۆیتاس و پڵپڵە و کەمەرە و خەناوکە و پاوانە و گۆبەرە و بەرموور و شتی لەم بابەتانە دەربخەن و

دەبێ بەچارۆکە دای پۆشن بەتایبەت ئەو شوێنانەی نیشە بزێون وەك پۆزایی مەمك و سمت و ڕان کە بەجلی تەسك لەبەرکردن دەردەکەون، پێش هاتنی ئەم ئایەتە ژنانی پێش ئیسلام بێ چارۆکە بوون و هەرچی لەبەریان دابووە لە خشڵ و کەلوپەلی تری بەنرخ دەریان خستووە و هەروەها سینگ و مەمکیان، قورئان ئەم ڕەفتارەی ناو ناوە «ڕەفتاری تاریکی و نەزانی» یا وەك زاراوەی ئەمڕۆی خۆمان (کۆنەپەرستی و ڕیجعی). کەواتە ئەوانەی بەناوی ئاین بانگی ژنان دەکەن کە چارۆکەیان فڕێ دەن چ وەعدەی شەرمە و دەست لە دەستی پیاو بنێن بۆ بنیادنانی کۆمەڵێکی پێشکەوتوو و پڕ لە خۆشی و شادی، ئەمانە دژ بەئایەت دەوەستن هەر چەند خۆیان بەپیاوی ئایینناس و دۆست و نوێکەرەوەی دین دەزانن، ئەوەش بزانین هیچ دینێك نوێ و کۆنی تێدا نییە و ئەوەی ئەوانە بەپێشکەوتنی دەزانن وەك ئەوەی ژنانی خوێندەوار دەیکەن وەك لەبەرکردنی تەنوورەی تەسك و مێنی ژوپ و پەنتۆڵی کابۆی تەسك و نیوەی مەمك بەدەرخستن، یا کراسی وا تەنگ لەبەرکردن کە مەمکیان بێ مەمکەوانە لەبن کراسیان بەدی دەکرێ، ئەمانە و پتریش لەمانە پێشکەوتن نییە، چونکە ژنەکانی پێش ئیسلام لەمانە پتر خۆیان خەریك کردووە و وەك کوتاڵێکی جوان خۆیان پێشانی خەڵك داوە هەر وەك خواردنەوەی ئەلکهول و قومارکردن و چاوچلێسی، پێشکەوتن نییە، و ئەمانە زۆر لەمێژە و پێش ئیسلامیش هەر هەبوون و وەك ئارەزوویێك لە مرۆدا هەبووە، بەڵکو پێشکەوتن لە ڕەفتار و ڕوشت و زانست و پیشەسازی و قسە و گوفتار و کردار و لەبیرکردنەوەدایە، کە بەداخەوە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی هەر ڕەفتارە گەوجییەکەمان پێ پێشکەوتنە و لە دوای دەڕۆین، کە وەك عارەبەکانی پێش ئیسلام پێیان وابوو کەڵەمێردی و پیاوەتیی مرۆ ئەوەیە کە «کەمخۆری زۆر پەڕ بێ» کە بەعەرەبییەکەی دەڵێن «الرجولة في قلة الطعام وكثرة الوقاع» بەم پێوانە بێ «چۆلەکە» هاوتای نییە لە

هەموو جیهاندا لە کەڵە مێردی و پیاوەتی چونکە کەس وەك ئەو کەم خۆرنییە و کەسیش هەندی ئەو زۆرپەڕ نییە. بەڵام جێی داخە ئێستاش مێشکەکە هەر ئەو ڕستەیەی تێدایە و ڕەفتاریشی پێ دەکرێ! ڕاستە ئەویش پێویستە وەك خواردن و خواردنەوە بەڵام نابێ سەر مەشقی بیر و فەلسەفەمان بێ.

ئایەتی ٢٨ لە سوورەتی ئەلئەحزابدا دەڵێ (ياأيها النبي قل لازواجك أن كنتن تردن الحيوة الدنيا وزينتها فتعالين أمتعكن وأسرحكن سراحا جميلا) واتە ئەی پێغەمبەر بەژنانت بڵێ، ئەگەر جوانی و خۆشیی دنیاتان گەرەکە، وەرن با جلوبەرگتان بۆ بکەم بەرەڵلاتان بکەم بەخۆشی و ڕێکوپێکی، لە هۆی هاتنی ئەم ئایەتە دەڵێن ژنەکانی پێغەمبەر (د.خ) جلی باش و نانی پتر و باشتریان لە پێغەمبەر (د.خ) خواست و ئەم ئایەتە هاتە خوارێ و پێغەمبەر لە عائیشە ڕا دەستی پێ کرد، ئەویش مانەوەی لای پێغەمبەر و ڕەزامەندیی خوای هەڵبژارد، پاشان ژنەکانی پێغەمبەر پاشگەز بوونەوە لە خواستەکانیان، ئەمە وا دەردەخات ئەگەر ژنی پیاو شتێکی خواست و مێرد لە دەستی نەدەهات، نەیبوو و ژنەکەش سوور بوو لەسەر خواستەکەی، مێرد سەرپشکیی دەداتێ بۆ ئەوەی ئەگەر بمێنێتەوە بێ جێبەجێی خواستەکانی یا تەڵاق وەرگرێ.

مێرد حاڵی چۆن بوو جۆری ژیانی چی بوو پێویستە لەسەر ژن کە بەئەندازەی حاڵی مێردی و بەو پێیە ڕەفتار بکا، پێغەمبەر (د.خ) کە وای کردبێ پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانان وەك پێغەمبەر (د.خ) ڕەفتار بکەن چونکە پێغەمبەر (د.خ) پێشەوا و پێشڕەوی موسوڵمانانە و دەبێ موسوڵمان هەموو ڕێبازی پێغەمبەر (د.خ) بگرن وەك لە ئایەتی ٢١ لە سوورەتی ئەلئەحزابدا دەڵێ (لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة لمن كان يرجو الله واليوم الاخر) واتە: بەڕاستی پێغەمبەری خودا پێشڕەوێکی چاکە بۆ کەسێکی خواپەرست و بڕوا داربێ بەڕۆژی دوایی.

یانی هەر کەسێك بیەوێ خوا لێی ڕازی بێ و ڕۆژی دوایی بۆ خۆی دابین بکا، با لەسەر ڕێ و شوێنی پێغەمبەر بڕوا و چاو لەو بکا و ڕەفتار و کردارەکانی پێغەمبەر (د.خ) جێبەجێ بکا، ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ ئەوە کە کردار و ڕەفتار و گوفتاری پێغەمبەر (د.خ) حوکمە بۆ موسوڵمانان و ڕێگەیە و پێویستە لەسەر موسوڵمانان لەسەری بڕۆن، دیارە مەبەست ئەو کردار و ڕەفتارەیە کە پلەی ڕاستی وەرگرتووە لە لایەن موسوڵمانان، چونکە هەر ڕەفتارێك و کردارێك و گوفتارێك گێڕدرابێتەوە لە پێغەمبەر (د.خ) و نەگونجێ لەگەڵ ئەحکامەکانی قورئان، ڕەت دەکرێتەوە و ڕەفتاری پێ ناکرێ و بەکردەوە و قسەی و پێغەمبەر (د.خ) ناژمێردرێ، چونکە هەر ئایەتێکی تری قورئان لە سوورەتی ئەلقەلەمدا دەڵێ (وإنك لعلى خلق عظيم) واتە «بەڕاستی ئەتۆ ئەی موحەممەد خاوەن ڕەوشتێکی بەرز و گەورەی»».

ئایەتی ٣٣ لە سوورەتی ئەلئەحزابدا دەڵێ (وقرن في بيوتكن ولا تبرجن تبرج الجاهلية الأولى) واتە: ئەی ژنانی پێغەمبەر لە ماڵی خۆتان ئۆقرە بگرن و مەچنە دەرەوە و کە چوونە دەرەوەش فیز لێ مەدەن و بەناز مەڕۆن وەك ناز و خۆ پێشاندانی ژنانی سەردەمی نەزانی و گەوجی پێشوو» لێرەشدا ئایەت ڕێ پێشانی ژنانی موسوڵمانان دەدا کە وەك ژنانی پێغەمبەر ڕەفتار بکەن و نەچنە دەرەوەی ماڵ گەر بشچن دەبێ خۆ داپۆشین و جوانی خۆیان دەرنەخەن. ئایەتی ٥٣ لە سوورەتی ئەلئەحزابدا دەڵێ (وإذا سألتموهن فسئلوهن من وراء حجاب ذلك أطهر لقلوبكم وقلوبهن، وما كان لكم أن تؤذوا رسول الله ولا أن تنكحوا أزواجه من بعده أبدا ذلكم كان عند الله عظيما) دەڵێ «ئەگەر شتێکتان لە ژنانی پێغەمبەر خواست لە پشت پەردەوە لێیان بخوازن ئەمە پاکترە بۆ دڵێ ئێوە و دڵی ئەوانیش تا گەردی لێ نەنیشێ و دوریشە لە دڵپیسی، هەرگیز نابێ ئێوە ئازاری پێغەمبەر بدەن و نە لە پاش خۆی ژنەکانی مارە بکەنەوە، کردنی

ئەم کارانە لای خوا زۆر گران و گەورەیە» ئەم ئایەتە فەرمانە بەژن کە لەبەرچاوی پیاوی نا مەحرەم خۆی داپۆشێ. دەگێڕنەوە ئیمامی عمر (خ.ل) بەپێغەمبەری گوت: خۆشەویست چاك و خراپ هاتووچۆی ماڵتان دەکەن، ئەگەر فەرمانت بدابایە دایکی موسوڵمانان خۆیان داپۆشن کە بێگانەیان دەچنە ماڵ» پاش ئەم داخوازییەی ئیمامی عومەر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ.

دیسان دەگێڕنەوە و دەڵێن جارێکیان پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵەکانی لە ماڵی خۆیان نانیان دەخوارد دەستی پیاوێکیان بەدەستی عائیشە کەوت و پێغەمبەر ئەمەی دی و زۆری پێ ناخۆش بوو و ئەم ئایەتەی خۆ داپۆشتنە هاتە خوارێ، ئەم قسەیە تەفسیری بەیزاوی دەیگێڕێتەوە. هەر چۆنێك هەیە و هەر هۆیەك هەبێ بۆ هاتنی ئەم ئایەتە، ئایەت ئاشکرایە کە نەك هەر دەبێ ژن خۆی داپۆشێ لە بەرەوڕووی پیاوی بیانی بەڵکو دەست لە ناو دەستنان و لە تەنیشت یەکتری دانیشتن و کارکردن پێکەوە هەر نابێ. هەرچەندە ئەم ئایەتە تایبەتە بۆ ژنانی پێغەمبەر (د.خ) بەڵام چونکە پێغەمبەر پێشەوا و ڕابەری موسوڵمانانە وەك نموونە تەماشا دەکرێ بەپێی ئایەت دەبێ چاوی لێ بکرێ و لە ڕێ و شوێنی ئەودا ڕەفتار بکرێ و پەیڕەوی ڕەفتار و کردار و گوفتاری پێغەمبەر (د.خ) بکرێ چونکە ئایەت دەڵێ «لقد کان لکم في رسول الله أسوة حسنة» هەروەها لە سوورەتی ئەلجوموعەدا ئایەتی ٢ دەڵێ (هو الذي بعث في الأميين رسولا منهم يتلو عليهم أياته ويزكيهم ويعلمهم الكتاب والحكمة وان كانوا من قبل لفي ضلال مبين) واتە خوا ئەو کەسەیە کە لە نەخوێندەواراندا نێردراو و پێغەمبەری خۆی نارد، کە ئەم نێردراو و پێغەمبەرە ئایەتی خوایان بۆ دەخوێنێتەوە و پاکیان دەکاتەوە لە پیسی و بێ ئیمانی و نەزانی و فێری خوێندن و حیکمەتیان دەکا هەرچەندە ئەوانە لە پێشتر لە نەزانی و گومراییدا بوون» هەروەها ئایەتی ٤ لە سوورەتی ئەلقەلەمدا دەڵێ «وإنك لعلى خلق عظيم».

بۆیە هەر کەس خۆی بەموسوڵمان بزانێ و خوا و پێغەمبەر دەناسێ و بڕوای بەقورئان هەبێ پێویستە پەیڕەوی دەقی ئایەتەکان و کردار و ڕەفتار و گوفتارەکانی پێغەمبەر (د.خ) بکا و هەر کەسێ ئەمانە بەلاوە بنێ و خۆی بەپێشڕەوی چەرخ و سەردەم بزانێ وەك خۆی ئارەزوو دەکا یا وەك زرووف و سەردەم دەخوازێ ڕەفتار بکا و بەمل ئیسلامی داببڕێ و تەئویلی ئایەت و حەدیس بەئارەزووی خۆی بکا ئەوا دوورە لە ئیسلام و شتێکی ترە. لە ئایەتی ٥٩ سوورەتی ئەلئەحزابدا دەڵێ «یاأیها النبي قل لازواجك ونساء المؤمنين يدنين عليهن من جلابيبهن ذلك أدنى أن يعرفن فلا يؤذين وكان اللة غفورا رحيما» ئەی پێغەمبەر بەژنانی خۆت و موسوڵمانان بڵێ با چارۆکەیان و سەرپۆشیان بەخۆ دادەن، ئەمە وا دەکا کە بناسرێن و بەژنی پاك و مەردیان بزانن تا ئازار نەدرێن لە لایەن هەوەسبازان و ڕێیان پێ نەگرن و گێچەڵیان پێ نەکەن. تەفسیری بەیزاوی دەڵێ «دەموچاو و لەشیان داپۆشن ئەگەر بۆ کارێك لە ماڵ چوونە دەرێ و وەدەرکەوتن، بۆ ئەوەی جیاوازییان هەبێ لەگەڵ کەنیزەك تا ئەو کەسانەی شکیان هەیە ڕێگەیان پێ نەگرن و خوا لە ڕابوردووتان خۆش دەبێ.

# تێڕوانینی ژن

ژن وەك شتێكی جوان و خۆش بۆ پیاو دروست كراوە چ لە دونیا و چ لە ڕۆژی دوایی، مێینە بەشتێكی كەم تەماشا كراوە لە سەردەمی پێش ئیسلامی عەرەبی وەك لەمەودوا بەئایەت بەدیاری دەخەین، بەڵام ئایەتەكان هیچیان ئەم تێڕوانینە ڕەت ناكەنەوە.

ئایەتی ١٤ لە سوورەتی ئالی عیمراندا (زین للناس حب الشهوات من النساء والبنين والقناطير المقنطرة من الذهب والفضة والخيل المسومة والانعام والحرث ذلك متاع الدنيا والله عنده حسن المأب قل أؤنبئكم بخير من ذلك للذين أتقوا عند ربهم جنات تجري من تحتها الأنهار خالدين فيها وأزواج مطهرة ورضوان من الله). واتە لەبەر دڵی پیاوان جوان و لەبار و شیرین كراوە ئارەزووی ژن و منداڵ و ماڵی زۆر لە زێڕ و زیو و ئەسپی ڕاهێندراو و وڵسات، لە مانگا و مەڕ و بزن و حوشتر، كێڵگە و چاندنی، ئەمانە هەمووی خۆشیی ژیانی دونیان و خوا گەلێ لەمانەی چاكتر لەلایە، ئەتۆ پێغەمبەر پێیان بڵێ «لەمانە هەموویان باشترتان پێ بڵێم: بۆ ئەو كەسەی خواپەرستە و پەیڕەوی فەرمانەكانی خوا دەكا لای خوا بەهەشتی پانوبەرینی كە بەژێر دارودرەختەكانی جۆ و جۆبار دەڕوا، ژنی پاك و خاوێنی تێدایە و هەمیشە تێیدا دەژین و خواش لێیان ڕازییە، لەم ئایەتەدا ژن وەك مەڕ و ماڵات و زێڕ و زیو تەماشا كراوە كە وەك مەزرای پیاوە كە دەڵێ (نسائكم حرث لكم فأتوا حرثكم انى شئتم) و پێغەمبەریش (د.خ) دەڵێ «الدنيا متاع وخير متاعها المرأة الصالحة» دونیا خۆی كوتاڵ و خۆشییە و چاكترین كوتاڵ و خۆشی دونیاش ژنی چاكە».

ئایەتی ٢٦ لە سوورەتی ئال عمران دەڵێ (فلما وضعتها قالت إني وضعتها أنثى والله أعلم بما وضعت وليس الذكر كالانثى) واتە: ژنی عیمران کە زگی پڕ بوو و زگەکەی دانا «گوتی خوایە ئەوەی بوومە مێیە خواش بەخۆی چاکتر دەزانێ کە چیم بووە، نێرینەش وەك مێیینە نییە». ئەم ئایەتە دەربارەی ژنی عمران کە دایکی مەریەمەی دایکی عیسایە، دامەزرانی ئایەتەکە وا دەخوازێ کە نێر لەبەرچاوتر و باشتر بووە، بۆیە ژنی عمران بەنائومێدی و دڵساردی ڕوو لە خوا دەکا و دەڵێ خوایە خۆ ئەوە من کچم بوو و خۆشت دەزانی کە کچ وەکو کوڕ نییە.

ئایەتی ٧٢ سووڕرتی ئەلنەحل دەڵێ (والله جعل لكم من أنفسكم أزواجا وجعل لكم من أزواجكم بنين وحفدة ورزقكم من الطيبات) واتە: خوا لە ڕەنگی خۆتان ژنی بۆ دروست کردن و لە ژنانتانیش کوڕ و نەوە (کوڕەزا) و نانێکی باشیشی داونێ. لێرەدا ڕوو لە پیاو دەکا و چاکەکانی خۆی کە لەگەڵ پیاوی کردووە دەژمێرێ و بیریان دەخاتەوە، لەوانە دەڵێ «خوا لەبەر دڵی ئێوەی پیاو وڵساتی دروست کرد کە سودبەخشە و گەرمابەخشە و لێشیان دەخۆن هەروەها وڵاخی بەرزە و کەری بۆ دروست کردوون بۆ سواری و بار و جوانی و چاندەنیتان بۆ سەوز و شین دەکا و زەیتون و خورما و ترێ و مێوەی هەمەچەشنەی لەبەر دەست داناون ئیدی بەمجۆرە لە هەر شتە کە خوا باسی دەکا ڕوو لە پیاو دەکا کە ئاوا بۆی دروست و ئامادە کردوون تا دەگاتە باسی ژن کە وەك لە ئایەتی ڕابردوودا باسی دەکات.

ئایەتی ٢١ سوورەتی ئەلرووم (ومن آياته أن خلق لكم من أنفسكم أزواجا لتسكنوا اليها وجعل بينكم مودة ورحمة) لە گەورەیی و نیشانەکانی خوا ئەوەیە کە لە خۆتان ژنی بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی لە لایان ئارام و ئۆقرە بگرن و لە نێوانتانیش خۆشەویستی و بەزەیی پەیدا کردووە».

لێرەش ئایەت هەر ڕوو لە پیاو دەکا، کە چاکەی خوا لەگەڵیدا ئەوەیە ژنی بۆ دروست کردووە تا لەگەڵیدا ڕابوێرێ.

ئایەتی ٢٣ لە سوورەتی (ص) (وعندهم قاصرات الطرف أتراب) دەڵێ بۆ ئەو پیاوە بڕوادار و خواپەرست و بەهەشتییانە ڕۆژی دوایی لەو بەهەشتەی کە گفتیان پێ دراوە ژنی وەهایان دەدرێتێ کە چاولەدەرنین و تایبەتن بەخۆیان. ئایەتی ٥٥ لە سوورەتی ئەلدوخاندا دەڵێ (کذلك وزوجناهم بحور عین) واتە ئەوانەی بەهەشتین ژنی جوانیان دەدرێتێ (ژنی سپی و چاوگەش) ئایەت گەلەك زۆرن لەم بابەتانە و لە هەموو شوێنێك باس باسی پیاوە، لە بەهەشت و لە دونیا هەموو چاکەیەك کە خوا کردوویە لەگەڵ پیاو ئەوەیە ژنی بۆ ڕازاندووەتەوە، لە دونیا و ڕۆژی دوایی و پێشکەش بەپیاوی دەکا، بەڵام بۆ ژن خۆی هیچ باسێ نییە، ئیدی ئەو یەکسانییەی نێر و مێیە لە کوێدایە کە ئەو نووسەرانە باسی دەکەن؟

ئایەتی ٣٩ لە سوورەتی التووردا دەڵێ (أم له البنات ولکم البنون) خوا کچی هەیە و ئێوەش کوڕ، لێرەدا هەر چەندە بەپێی بیر و تێڕوانینی کۆمەڵگای عەرەبی ئەو سەردەم دەدوێ کە کەسێ کچی هەبوایە دەبوایە خۆی بەکەم و چاوشۆڕ بزانیبایە بەرانبەر بەو کەسانەی کوڕیان هەبوایە، بەڵام ئایەت لە شوێنێکی تر باسی خراپیی ئەم تێڕوانینە ناکا و ڕەتی ناکاتەوە بۆیە هەر وەکو خۆی دەمێنێ: پێغەمبەریش (د.خ) لە کردار و ڕەفتاردا گوفتاری کارێکی وای نەکردووە کە ئەم عادەتە شتێکی خراپە.

ئایەتی ١٦ لە سوورەتی ئەلزوخروفدا دەڵێ (أم أتخذ مما یخلق بنات وأصفیکم بالبنین) واتە «ئایا خوا لە دەست کردی خۆی کچی بۆ خۆ هەڵبژاردووە و کوڕیشی بەئێوە ڕەوا بینیوە». ئایەتی ١٧ سوورەتی ئەلزوخروف (وإذا بشر أحدهم بما ضرب للرحمن ظل وجهه مسودا وهو کظیم) ئەگەر یەکێك لەوان مژدەی درابایێ بەوەی بۆ خوایان داناوە کە

مـێیـە سەروچـاوی ڕەش هـەڵـدەگـەڕا و پـێشی دەخـواردەوە. ئـایـەتـی ١٩ سوورەتی ئەلزوخروف دەڵێ (وجعلوا الملائکة الذین هم عباد الرحمن اناثا أشهدوا خلقهم ستکتب شهادتهم ویسئلون) ئەو فریشتانەی خوا کە بەندەی خـوان بـە(مـێ)یـان دادەنـێن، ئـایـا ئـەوان ئـاگـاداری دروستبـوونـیـانـن؟ ئـەمـەیـان لـەسەر دەنـووسرێ و لـێشیـان دەپسرێتـەوە» قـورئـان بـەوە زۆر تـەنـگـاوە کـافـرەکـان فـریشتـەی خـوایـان بـە(مـێ) نـاو بـردووە، بـەڵام خـوا بـەزەمیری ئیشارەیان بۆ دەکا ئەگەر (مێ) شتێکی نـایـابە و یەکسانە لەگەڵ نێر بۆچی خوا بەم جۆرە باسی دەکا؟ دیارە (ڕا)ی دین نـا یەکسانیی ژن و پیاوە و بەیەك چاو تەماشایان ناکا. سوورەتی ئەلئیسرا ئایەتی ٤٠ دەڵێ (أفأصفیکم ربکم بالبنین وأتخذ من الملائکة اناثا انکم لتقولون قولا عظیما) ئـایا خوای ئێوە ئێوەی خۆشبەخت کردووە بەکوڕ و بۆ خۆیشی فریشتەی (مێی) هەڵبژاردووە؟ ئێوە قسەیێکی گەلەك مەزن دەبێژن». لێرەدا قسە مەزنەکە لەبەرئەوە نییە کە خوا کەسی هەڵبژاردووە لەگەڵ خۆی کاریان پێ دەسپێرێ، بەڵکو قسە گەورەکە لەبەرئەوەیە کەسی (مێ)یان بۆ خوا داناوە، خۆ ئەگەر نێریان باس کردبایە هیچ ڕەخنەیێك نەدەبوو، چونکە ئەوەتا بەرانبەر بەو (مێ)یە نێریان بۆ خۆ هەڵبژاردووە. ئایەتی ٥٧، ٥٨، ٥٩ لە سوورەتی ئەلنەحلدا دەڵێ (ویجعلون لله البنات سبحانه ولهم مایشتهون وإذا بشر أحدهم بالانثی ظل وجهه مسودا وهو کظیم، یتواری من القوم من سوء ما بشر به أیمسکه علی هون أم یدسه في التراب الا ساء ما یحکمون) واتە کچ بۆ خوا دادەنێن کە سەرووی ئەم قسانەیە و بۆ خۆشیان چی ئارەزوو بکەن، خوازاعە و کینانە لە نەتەوەی عەرەب دەیانگوت فریشتە کچی خوان، ئەگەر یەکێك لەوان ئاگادار بکرابایە بەوەی (مێیینە)ی بووە دەموچاوی ڕەش هەڵدەگەڕا و پیشی دەخواردەوە و خۆی لە خەڵك دەشاردەوە لەبەر ئەو مژدە ناخۆشە و پیسە و نەیدەزانی چی بکا! بەسەر شۆڕییەوە بیهێڵێتەوە یا زیندەبەچاڵی بکا و لێی ڕزگار بێ، ئەو

گوتەیان لە کچ بۆ خوا دادەنێن و کوڕیش بۆ خۆیان، یا ئەو قسە کە منداڵ بۆ خوا دادەنێن خراپترین و ناشرینترین گوفتارە.

لەم چەند ئایەتانە دەرکەوت کە جیاوازییێکی زۆر هەیە لە نێوان نێر و مێدا و لە قورئان لە هیچ شوێنێك ئەم قسانەی ڕەت نەکردووەتەوە بەوە کە بڵێ «نێر و مێ وەك یەکن»، بەپێچەوانەوە لە تەڵاق و مارەیی و بەشەمیرات و شایەتی، بەنیوە پیاوی داناون و سەرداریش پیاو، بۆیە بەپێی ئاینی ئیسلام یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا نییە، هەرچەندە هەندێ چیرۆکنووس و نووسەر دەڵێن یەکسانن و بەناوی ئاینی ئیسلامیش، بەڵام دیارە ئەوان هەڵەن و ڕاست ناکەن و لە هەموو ئایەت و حەدیسەکان بۆمان ڕوون بۆوە. جا با لە هەندێ کردار و گوفتاری پێغەمبەر بگێڕینەوە دەربارەی ژن (حدثنا هشام بن أبي عبدالله عن أبن الزبير عن جابر أن الرسول الله (ص) رأى امرأة فأتى إمرأته زينب وهي تمعس منيئة فقضى حاجته ثم خرج الى اصحابه فقال «إن المرأة تقبل في صورة شيطان وتدبر في صورة شيطان فاذا أبصر أحدكم فليأت أهله فأن ذلك يرد ما في نفسه») دەڵێ پێغەمبەر (د.خ) چاوی بەژنێك کەوت و هەستا چووە لای زەینەبەی ژنی کە پێستەی چاك دەکرد و ئارەزووی خۆی لێ دامرکاند و هاتەوە لای هاوەڵەکانی و گوتی «ژن بەوێنەی شەیتان ڕووت تێ دەکا و بەوێنەی شەیتان پشتت تێ دەکا، ئەگەر یەکێك ژنی دیت و بەر دڵی کەوت و حەزی چووێ با بچێتەوە لای ژنی خۆی و بەمە دڵی دادەکەوێ و ئارەزووی دادەمرکێ. لە ڕیوایەتێکی تردا دەڵێ (عن ابن الزبير قال جابر سمعت النبي (ص) يقول «إذا أحدكم أعجبته امرأة فوقعت في قلبه فليعمد الى إمرأته فليواقعها فأن ذلك يرد ما في نفسه» واتە ئەگەر یەکێك لە ئێوە ژنێکی جوانی دی و بەدڵیا چوو با بچێتە لای ژنی خۆی و لەگەڵیدا بنوێ و ئەوەی لە دڵیەتی لای دەبا، لێرەدا دەردەکەوێ کە ژن هەر بۆ ڕابواردنە و قسەیێك لە ئارەزووی ژندا نییە ئینجا پێغەمبەر (د.خ) ژنی

بەشەیتان ناو بردووە لەبەرئەوە چونکە نەشئەی پیاو دەجولێنێ هەتا لە ڕووی نێر و مێیایەتیش هیچ قسەیێك بۆ ژنان نییە ئەگەر ژنە حەزیشی لێ نەبێ پیاو هەر ڕادەبوێرێ و کەڵکی لێ وەردەگرێ لە ڕووی مێخوازییەوە، وەك لە حەدیسی موسلیمدا جوزئی یەکەم لاپەڕە ١٦٦دا دەڵێ (عن عائشة قالت کانت أحدانا إذا کانت حائضا أمرها رسول الله (ص) فتأتزر بأزار ثم یباشرها) و حەدیسێکی تر لە مەیموونە ژنی پێغەمبەر ڕیوایەت دەکرێ دەڵێ (عن میمونه قالت کان رسول الله (ص) یباشر نساءە فوق الازار وهن حیض) هەردوو حەدیس بەیەك واتایە. عائیشە دەڵێ ئەگەر یەکێك لە ئێمە (ژنانی پێغەمبەر) لە بێنوێژیدابایە پێغەمبەر فەرمانی پێ دەکرد کە پارچە پەڕۆکێك لە شوێنەکەدا دابنێ و ئینجا دەستی پێ دەکرد. مەیمونەش دەگێڕێتەوە و دەڵێ پێغەمبەر (د.خ) دەچووە لای ژنانی خۆی بەڵام پارچە پەڕۆیان دادەنا ئەگەر ژنەکان لە بێنوێژی دابان. «بێنوێژی، حەیز». حەدیسی تر بەم واتایە زۆرن لەم دوو حەدیسەش وا دەردەکەوێ کە تەنیا ئارەزووی پیاو مەبەستە جێبەجێ ببێ دەنا ژنی بێنوێژ ئازار دەبینێ و حەزی لێ ناکا، هیچ ڕێگەیێك بۆ ژنان نییە تەنیا بەفەرمانی پیاو هەر کاتێ نافەرمانییان لێ ڕوویدات بەپێی دەستووری ئیسلام ئامۆژگاری دەکرێن ئینجا لەگەڵ نەنووستن ئینجا لێدانیان.

ئیتر ئەم پێ هەڵگوتنی یەکسانییەی ئەو نووسەر و چیرۆکنووسانە دەڵێن لە کوێیە و بەڵگەیان دەبێ چی بێ؟

## پاشەکی

بەوەی لە پێشەوە باسمان کرد لە قورئان و کردار و ڕەفتار و گوفتاری پێغەمبەر و هاوەڵەکانی پێغەمبەر و (ڕا) و قسەی مەزهەبی ئیمامی شافیعی بۆمان ڕوون بۆوە کە ژن یەکسان نییە لەگەڵ پیاو لە مافدا و پیاو سەرداری ژنە و لە ژن گەورەترە و خوا ژنی بۆ هەوەس و ئارەزووی پیاو دروست کردووە و تەلاق و مارەیی بەدەست پیاوە و باوك دەتوانێ کچی سەر لانکە بەشوو بدا و مارەی بکا و کچی خۆناس و عازەبیش بەبێ پرس بەمێرد بدا و مارەی بکا.

پیاو دەتوانێ چوار ژنی هەبێ پێکەوە و لە یەك کاتدا و وێڕای ئەو چوار ژنەش چەندی دەتوانێ کەنیزەکی هەبن و لەگەڵیاندا ڕابوێرێ بەڵام ژن ناتوانێ کۆیلە بکڕێ و لەگەڵیدا ڕابوێرێ وێڕای یەك مێرد، ئەگەر مافی ژن و پیاو وەك ئەو نووسەر و چیرۆکنووسانە دەڵێن یەکسان و وەکو یەك بان دەبوو ژنیش بتوانێ وێڕای چوار مێرد پێکەوە و لە یەك کاتدا چەندی بتوانێ کۆیلەش بکڕێ بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا ڕابوێرێ و کەیف بکا، وەك پیاو بۆی هەیە وێڕای چوار ژن چەندی بتوانێ کەنیزەك بکڕێ و لەگەڵیاندا ڕابوێرێ و کەیف بکا. ئەوجار وەك پیاو دەتوانێ ئەو چوار ژنانە یەك یەك تەلاق بدا و هی تر مارە بکا یا هەر چوار وێکڕا تەلاق بدا و چواری تر مارە بکا چەند لە دەستی دێ و دارایی هەیە، ئەگەر ماف یەکسانە دەبوو ژنیش بتوانێ بۆ هەوەسی خۆی مێردی تەلاق بدا و مێردی تر مارە بکا و بێنێ.

ئەمە دیارە لە ئیسلامدا وەها نییە و ئەوەی ئەو نووسەر و چیرۆکنووسانە باسی دەکەن مەگەر لە خەیاڵی خۆیاندا شتی وا هەبێ و

بەخەو بیبینن و ئیسلام سەرووی ئەم قسە و ڕەفتارە ناشیرنانەیە و لە قورئان و کردار و گوفتاری پێغەمبەر و یاوەرەکانی و (ڕا)ی ئیمامە مەزهەبییەکان ڕێبازی ئیسلام ڕوون و ئاشکرا کراوە بۆ کەسێکی بڕوای پێی هەبێ و موسوڵمان بێ و شەرمی لێ نێ وەك لە خۆی بگا پێشکەوتووە و ئاین هی سەدەی کۆنەپەرستییە.

دوا پرسیارم لەم مافخوازانەی ژن ئەوەیە: ئایا ئەوانە ئەو مافە دەدەنە ژنەکەی خۆیان یا خوشکیان یا کچیان ئەگەر بەخۆی ڕای بوارد ئەوانیش ڕابوێرن؟ یان دەیانەوێ ژن و کچ و خوشکی خەڵکی بخەنە ناو تەڵەوتەونی جاڵجاڵۆکەی چیرۆك و نووسینیان و لەو ڕوانگەوە ڕاویان بکەن و لە ئەنجامیشدا کۆمەڵە قاز و قوڵینگی داك حەوا گیرۆدەی بەندیخانەی ئارەزووی خۆیان بکەن!

جا بۆ ئەوەی ئەوەیان بۆ سەر بگرێ نە وەستاون بەتێڕوانینەکانی پێشکەوتنخواز بەناو بەڵکو هەوڵیشیان داوە دین و ئیسلامیش لەم ڕووەوە بکەنە پردی پەڕینەوەیان بۆ ئەو بەهەشتە خەیاڵییەیان.

ئیتر ئومێد دەکەم توانیبێتم تا ڕادەیێك باری ژن و پیاوی موسوڵمانم ڕوون کردبێتەوە و سوودبەخش بێ بۆ هەموو لایێك ئەگەر کەموکوڕییەکیش بەرچاو بکەوێ بەسوپاسەوە حەز دەکەم بخرێتە ڕوو بۆ خوێندەواران و بۆ خۆشم.

# ناوەڕۆك

پێشەکی ..... ٥
کورتە ڕوونکردنەوەیێك ..... ٧
یەکەم: قورئـانی پیرۆز و تەفسیری لە بارەی تەڵاق ..... ٤٦
حەدیسەکانی دەربارەی تەڵاق ..... ٥٣
أباحة الطلاق ..... ٥٥
مارەکردن و چەندژنی ..... ٥٩
فیقهی ئیمامی شافعی دەربارەی مارەکردن ..... ٧٩
پلەی کۆمەڵایەتی ژن ..... ٨٣
لێدانی ژن ..... ٨٥
جلوبەرگی ژن، خۆی (شەرمە) عەورەتە ..... ٨٧
تێڕوانینی ژن ..... ٩٤
پاشەکی ..... ١٠٠